CIHAN UNIVERSITY / SULAIMANIYA
زانكۆی جیهان
جامعة جيهان
دەزگای زمانەوانیی کوردی
Kurdish Linguistics Organization

وەرزنامەی

# زمانەوانی

ژمارە ( ٨ ) ساڵی دووەم، بەهاری ٢٠٢٥




- زمانی کوردی لە دامەزراوە دادوەرییەکاندا.
- زمانی کوردی لە سیستەمی یاسایی عێراقدا؛ ئاڵەنگاری و دەرفەتەکان.
- من و تۆ و ئەو، لە دادگای باری کەسێتی.
- د. ئەمیری حەسەنپوور، قەڵەمێک لە چەشنی گەوهەر.
- زمانی کوردی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا.
- تەوەری زمانەوانی؛ «زمانی کوردی، وەک زمانی یاسادانان و دادوەری» بە بەشداری؛ پ.د. وریا عمر امین
پ. د. اسماعیل نەجمەدین، پ. د. بێهروز چەمەنئارا، پ. د. عیباد روحی، د. ئاسۆ حەمەشین، دادوەر کامەران رەسوڵ سەعید.

ژمارە -٨-
بەهاری
٢٠٢٥

گۆڤارێکی وەرزی زمانەوانییە
دەزگای زمانەوانیی کوردی ـ زانکۆی جیهان دەریدەکات

# وەرزنامەی زمانەوانی



خاوەنی ئیمتیاز:
د. نەوزاد یحیى باجگر
سەرپەرشتی زانستی:
پ. د. وریا عومەر ئەمین

سەرنووسەر:
د.مؤمن یاسین محمدامین

بەرێوەبەری نووسین:
عەزیز رەؤوف عەبدولعەزیز

بۆردی ڕاوێژکاران:

پ. د. هۆشەنگ فاروق جواد
پ. د. ئومێد بەرزان برزۆ
پ.ی.د. سەعید محەمەد عەبدوڵا
پ.ی. بێستون عارف عەزیز

هەڵەچن: سوهەیب فاروق
دیزاین: شاهۆ عبدالرحمن



Web Site: www.sulicihan.edu.krd
Facebook: Cihan university-Sulaimaniya
Instagram: cihan_university_sulaimanyia
Email: Ling.mag@sulicihan.edu.krd
Mobile: +964 770121 0789 - +964 750121 0789

ناونیشان: زانکۆی جیهان – سلێمانی، **46001**، پشت شوققەکانی صائب سیتی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان

# گۆڤاری زمانەوانی

گۆڤارێکی وەرزی، رۆشنبیری و زمانەوانییە، کە (دەزگای زمانەوانیی کوردی - زانکۆی جیهان) دەریدەکات و لە کاتی پێویستدا پاشکۆی دەبێت. پەیامی سەرەکی کارکردنە لە پێناو دارشتنی سیاسەتی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

ئامانج لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە، هەوڵدانە بۆ داڕشتنی سیاسەت و پلاندانانی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان و ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بە پرسی زماننناسی و سیاسەت و پلاندانانی زمان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها دەمانەوێت هاوکاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بین، سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمانە بیانییەکان لە پەروەردە و میدیا لە کۆمەڵگەی کوردییدا. گۆڤاری زمانەوانی ئامانجییەتی کۆمەڵگە لە ئەرکی تاک و کۆمەڵ بەرامبەر بە پارێزگاری لە زمانی کوردی هۆشیار بکاتەوە، هاوکات جەخت لەوە دەکەینەوە کە خوێندن بە زمانی دایک/زگماک و وەک شیری دایک بۆ منداڵ پێویستە و کاردەکەین بۆ چەسپاندنی ئەم بنەما نێودەوڵەتییە.

گۆڤاری زمانەوانی بە ئەرکی خۆی دەزانێت، کە کۆمەڵگە بە پێکهاتەی زمانی کوردی، شێوەزار و زار و بن-زارەکانی زمانی کوردی ئاشنا بکات و ڕای پسپۆڕان و زمانناسان سەبارەت بە پرسی زمان لە هەرێمی کوردستان کۆبکاتەوە و هەوڵی فراوانکردنی گەنجینەی زمانەوانی لە هەرێمی کوردستان بدات، بە شێوەیەک کە بتوانرێت زۆرترین وشەی کوردی بخرێتەوە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن و میدیا و ڕەوتی رۆشنبیرییەوە. گۆڤاری زمانەوانی وەک وەرزنامەیەکی ئەکادیمی و زمانەوانیی، گێڕانەوەی شکۆمەندی بۆ زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان کردووەتە ئەرکی بنەڕەتی خۆی و هەوڵی فراوانتر دەدات بۆ روونکردنەوەی زیاتری پرسە پەیوەندیدارەکان بە سیاسەتی زمان؛ مافی زمانەوانی، ئەلفبێی کوردی، زمانی ستاندارد و زمانی فەرمی و نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان.

گۆڤارەکە دەبێتە سەکۆی بابەت و بڵاوکراوە ئەکادیمییەکان لەسەر سیاسەت و پلاندانانی زمان و هەوڵی دروستکرنی هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندە زمانەوانییە ناوخۆیی و جیهانییەکان دەدات سەبارەت بە سیاسەت و پلاندانانی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

# پێڕست


## سەروتار

٥ **زمانی کوردی لە دامەزراوە دادوەرییەکاندا**..................................................پرۆفیسۆر. د. ئومێد رفیق فتاح

## وتار

٩ **فەرهەنگی یاسایی و دادوەریی کوردی**..............................................................پ. د. وریا عومەر ئەمین

١٧ **پرسی زمانی کوردی لە دامەزراوە دادوەرییەکاندا** ...................................................... فەرەیدون سامان

٢٥ **وەرگێڕانی یاسایی: لە زمانی عەرەبی یەوە بۆ زمانی دایك لە نێوان پاراستنی روحی دەق و تێگەیشتنی واقیع دا (گرفت – ئاڵنگاریی – چارەسەرەکان)** ..............................................................د.ئاسۆ حمەشین عبدالکریم

## مێزگرد

٣٥ **بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکان پەیوەندی هاوڵاتیان لەگەڵ دامەزراوە یاساییەکان بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەگۆڕێت** ...............................................................................................دادوەر کامەران ڕەسوڵ سەعید

## توێژینەوە

٤١ **زمانی کوردی لە سیستەمی یاسایی عێراقدا: ئاڵنگاریی و دەرفەتەکان** ................................د.موئمین زەڵمی

٦١ **پێوەرەکانی زمانی دادوەریی؛ زمانی دادوەریی کوردی بە نمونە**............پ.د. ئیسماعیل نەجمەدین زەنگەنە

٧٥ **زمانی دادپەروەری یان دادپەروەریی زمان؟ پێگەی زمانی کوردی لە گۆڕەپانی یاساییدا**......................
پ.د. بێهروز چەمەنئارا- پ.ی. د. عیباد ڕۆجی

١٠١ **زمانی کوردی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان: لەنێوان یاسا و واقیعدا** ...........ئازاد عەبدولقادر وەڵەدبەگی

## ڕانانی کتێب

١١١ **من، تۆ و ئەو، لە دادگای باری کەسێتی**................................................ نوسینی: دادوەر کامەران ڕەسوڵ سەعید

## گەوهەری زمانەوانی

١١٩ **د. ئەمیر حەسەنپوور، قەڵەمێك لە چەشنی گەوهەر**.................................................... ئا. گۆڤاری زمانەوانی

## فەرهەنگی زمانەوانی

١٢٣ **زمانەوانیی کەمینە**.................................................................................... م.ی.عەزیز رئوف

# سەروتار



## زمانی کوردی لە دامەزراوە دادوەرییەکاندا


پ.د. ئومێد رفیق فتاح

سەرۆکی زانکۆی جیهان-سلێمانی


بەکارنەهێنان و بەگەڕنەخستنی زمانی کوردی لە دامەزراوە دادوەرییەکان لە هەرێمی کوردستان ئەگەر هەر نیازێکی لە پشتەوەبێت، بەڵام لە کۆتاییدا وادەخوێندرێتەوە کە زمانی کوردی لەڕووی زاراوەی یاساییەوە هەژارە. تا ئێستا ناتوانرێت وەکو زمانی دادبینی و ڕێکارەکانی دادبینی بەکاربهێنرێت، ئەم بیانوەش ئەگەر ڕەوایەتییەکی هەبێت، تەنها ئەوەیە کە زمانی کوردی بۆخۆی لە ڕووی کردارییەوە، چونکە زمانی دەسەڵات و یاسادانان نەبووە. بە درێژایی مێژووی نوسراو گەورەترین ستەمی بەرامبەر کراوە، بۆیە ئەگەر زمانێك لەهەموو ئاستەکاندا ستەمی بەرامبەر بکرێت لە کوێدا توانای مانەوە و بە پێوەستانی هەیە.

لەبەر ئەم هۆکارە خۆدزینەوە لە بەکارهێنان و یەکنەخستنی هەوڵەکان بۆ بەدیهێنانی ئەم ئەرکە نیشتیمانییە، دەرگای زیاتر لەسەر ستەمی بەردەوام دەکاتەوە، لە کاتێکدا بەپێی یاسای زمانە فەرمییەکان و بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، دەرگا دەستوری و یاساییەکان لەسەر ئەم ستەمە داخراوە.

ڕەنگە دوای ئەم دوو هەوڵە گرنگە و هەوڵە کەسییەکانیش بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی یاسایی لە دامەزراوە دادوەرییەکان هێشتا بیانوو هەبێت و گرفت هەر مابێت.

بەڵام ئەوە شتێکی ئاساییە و زمانێك بە درێژایی مێژوو ستەمی بەرامبەر بکرێت، بە دڵنیاییەوە گرفت و ئاستەنگی بۆ دروست دەبێت لە بەکارهێناندا.

ئەم هەوڵەی لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەماندا هەیە، هەوڵێکی ترە لەپاڵ هەموو ئەو هەوڵە کەسی و دام ودەزگاییانەی کە پشتگیری لە بەکارهێنانی زمانی کوردی دەکات لە دامەزراوە دادوەرییەکان بۆ ئەوەی هەوڵەکان بەرهەمدار و سەرکەوتووبن پێویستیان بەم ڕێگاو ڕێکارانە هەیە:

١-سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری و سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە و پیاچوونەوە و، سەرجەم دامەزراوە دادوەرییەکان پێداگری تەواو بکەن لەسەر جێبەجێکردنی یاسایی زمانە فەرمییەکان و بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری بۆ دادبینی و بڕیارەکان.

٢-دامەزراوەی ئەکادیمیای کوردستان کە دامەزراوەیەکی فەرمییە، هاوکاربێت و هەوبەشی بکات بۆ گەڕان و پشکنین و ڕاستاندنی ئەو زاراوە و وشانەی کە لە دامەزراوە دادوەرییەکان بەکاردەهێنرێن، بۆ ئەوەی زاراوە وشەکان بە کاریگەری دادوەر و کەسان بەکارنەهێنرێن. ئەوکات لە جیاتی ڕاستکردنەوەی ئاراستەکە و جۆرێك لە فەوزا و پشێوی و سەرلێشواندن دروست دەبێت.

٣-دامەزراوە ئەکادیمییەکان لە زانکۆ و پەیمانگە و سەنتەرەکانی توێژینەوەی یاسایی یارمەتیدەر و هاوکاربن لە کتێب و پرۆگرامەکانی خوێندن، هاوکاری دامەزراوە دادوەرییەکان بکەن. بۆئەوەی لەلای هەموان زاراوەکان ئاشنابکرێن.

٤-دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن ئەم هەوڵانەی پێشوو زیاتر بەگوێی هاوڵاتیاندا بدەن لە بەکارهێنان ونوسین و پیشاندانیدا، چونکە زمانیش وەکو هەر بونەوەرێکی زیندوو بە دووبارەکردنەوە و بەکارهێنان زیندوو دەبێتەوە.

هەموو ئەم هەوڵانە بۆ ئەوەیە مافی کەسی و گشتی لە بەکارهێناندا کە بە زانین و تێگەیشتن بگات بە بەرامبەر، زمانی یاسایی دەتوانێت لە ڕێگەی وشە و زاراوەی کوردییەوە بگات بە کۆمەڵگەی کوردی.

# وتار

# فەرهەنگی یاسایی و دادوەریی کوردی



پ. د. وریا عومەر ئەمین

※ لەشاری کۆیە لەدایک بووە.
※ بەکالۆریۆسی لەزمان و ئەدەبی کوردیی لە زانکۆی بەغداد بە پلەی یەکەم تەواوکردووە.
※ لە زانکۆکانی مۆسکۆ و لەندەن خوێندوویەتی و بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دبلۆم و ماجستێر و دکتۆرای وەرگرتووە.
※ پلەی پڕۆفیسۆریی وەرگرتووە، یەکەم کەسە پلەی پرۆفیسۆری لە زمانی کوردیدا بەدەستبێنێت.
※ دکتۆرای دووەمی لە مێژوودا وەرگرتووە.
※ پڕۆفیسۆری زمانەوانییە لەزانکۆی بەغداد و پرۆفیسۆری وانەبێژە لە زانکۆکانی سەڵاحەددین و سلێمانی و کۆیە و گەرمیان و ڕاپەڕین.

هیچ زمانێک بەقەد کوردی نەچەوسێنراوەتەوە و نەکەوتۆتە بەر لێشاوی هێرشی دڕندانە بۆ شێواندن و بنبڕکردنی. بە درێژایی مێژوو سەدان کارەسات بەسەر ئەم زمانە بەستەزمانە هاتووە، کە هەر یەکە داستانێکی خوێناوییە بۆمانی دەگێڕێتەوە کە ئێمەی کورد چ دەردەسەری و نەهامەتی و ئەشکەنجەیێکمان چێشتووە لەدەست ڕەگەزپەرستە بێویژدانە دڕندەکان. دەمێکیشە وتوویانە زمانی کوردی زمانی جنۆکەیە.

زمان ناسنامە و پارێزەری ڕاستەقینەی نەتەوەیە، بە لە ناوچوونی، نەتەوەکەشی لە ناو دەچێت. هەر لەبەر ئەمەیە یەکێ لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی ناحەزانمان، تێکدان و تواندنەوە و بنبڕکردنی زمانەکەمانە.

دوای ڕاپەڕین تا ڕادەیێک ئاواتمان هاتە دی. دەرفەتمان بۆ ڕەخسا حوکمەت و پەرلەمانی خۆمان دامەزرێنین، نەخشە و پلان داڕێژین بۆ بنیاتنانی خۆمان و

نیشتمانەکەمان. یەکێ لە پرسە هەرە گرنگەکان، ڕەوشی زمانەکەمان بوو. لە پێناویدا دەیان دەزگا و سەنتەر دامەزرێنران. وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا کەوتنە کورداندنی بەرنامەکانی خوێندن. چەندین فەرهەنگی زاراوەکان و کتێب و لێکۆڵینەوە بڵاوکرایەوە. چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچوون. سەرووی هەمووان ئەکادیمیای کوردی دامەزرێنرا وەک لایەنێکی ڕاوێژکاریی فەرمیی بۆ چاودێری و چارەسەرکردنی کێشە زمانییەکانمان.

سەبارەت بە زمانی یاسا و دادوەری، لە مانگی نەورۆزی ساڵی(٢٠٠٠) دا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان(پارێزەر تاریق جامباز) پێشنیازێکی پێشکەش بە وەزیری داد(هادی عەلی) کرد، بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکان. دوای ئەمە، لە(٢٠٠٠/٥/٢٢) لەژێر ژمارە ٣٤٣دا فرمانێکی وەزاری دەرچوو، تیایدا ڕاگەیێنرا:

{ لەپێناو پیادەکردنی ماددەی پێنجەم لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە ١٤/ ساڵی١٩٩٢ کە چەخت دەکاتە سەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکان، بریارمان دا:

١ - سکاڵانامە و داواکاری و دادبینی و دادگایی کردن لە گشت دادگاکانی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی بێت.

٢ – کۆنووس و گوفتاری لایەنی دژکارەکان و شایەتەکان بە کوردی وەردەگیرێت.

٣ - بریارە دادوەرییەکان بە کوردی دەردەچێت و ئەگەر زاراوەیێکی یاسایی نامۆ بوو دەتوانرێت هەر بە عەرەبی بنووسرێت یان بە زاراوەیێکی کوردی و زاراوە عەرەبییەکەی لە تەکەوە لە نێو دوو کەوانە بنووسرێت.

٤ – ئەم فەرمانە لە ڕێکەوتی(٢٠٠٠/٦/٣) ەوە کاری پێ دەکرێت}.

هادی عەلی

وەزیری داد

Kurdistan Region
Council Of Ministers
Ministry Of Justice

بسم الله الرحمن الرحیم

هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی داد

ژمارە: ٢ـ ٩٤٢
ڕێکەوت: ٥/٥ /٢٠٠٠

بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی
ب. پەیوەندییەکان

**فەرمانی وەزاری**

لەپێناو بیادەکردنی مادەی پێنجەم لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە / ١٤ ی ساڵی ١٩٩٢ کە جەخت دەکاتە سەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکان، بڕیارماندا:

١- سکاڵانامە و داواکاری و دانبینی و دادگایی کردن لە گشت دادگاکانی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی بێت.

٢- کۆنووس و گوفتاری لایەنە دژ کارەکان و شایەتەکان بە کوردی وەردەگیرێت.

٣- بڕیارە دادوەرییەکان بە کوردی دەردەچێت و ئەگەر زاراوەیەکی یاسایی نامۆ بوو دەتوانرێت هەر بە عەرەبی بنووسرێت یان بە زاراوەیەکی کوردی و زاراوە عەرەبییەکەی لەتەکەوە لە نێو دوو کەوانە بنووسرێت.

٤- ئەم فەرمانە کاری پێدەکرێت لە ڕێکەوتی ٣ / ٦ / ٢٠٠٠ وە.

هادی علی
وەزیری داد

وێنەیەك بۆ/

- سەرۆکایەتی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان/ بۆ ئاگاداری و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بەکوردی کردنی دانبینی و دادگایی کردن ... لەگەڵ ڕێزدا
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی / بۆ ئاگاداری و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بەکوردی کردنی دانبینی و دادگایی کردن ... لەگەڵ ڕێزدا
- سەرۆکایەتی دەستەی داوەشتی یاسایی/ بۆ ئاگاداری و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بەکوردی کردنی دانبینی و دادگایی کردن ... لەگەڵ ڕێزدا
- سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی / بۆ ئاگاداری و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بەکوردی کردنی دانبینی و دادگایی کردن ... لەگەڵ ڕێزدا
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر/ بۆ ئاگاداری و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بەکوردی کردنی دانبینی و دادگایی کردن ... لەگەڵ ڕێزدا
- [illegible]

بەڕێوەبەرایەتیی دادی گشتی لە (٢٠٠٠/٦/٧) دا، سەبارەت بە کوردی کردنی دادوەری لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێنوماییانەی دەرکرد:

١ – لە ڕێکەوتی(٢٠٠٠/٦/٣) بە دواوە سکاڵای ناوەکان بە کوردی پێشکەش دادگاکان دەکرێت و کۆنووسی دادوەریش بە کوردی دەبێت.


٢ – بریارەکانی دادگا تا کۆتایی ساڵی(٢٠٠٠) بە عەرەبی دەردەکرێت.

٣ – داواکانی پێش(٢٠٠٠/٦/٣) تا کۆتایی پێکهێنانیان وەک خۆی دەمینێتەوە. بە عەرەبی کۆنووس دەکرێت.

٤ – ئەو كلێشە و فۆڕمانەی بۆ بەڵگەنامەكانی دادگای باری كەسیە پێشتر گۆڕاونەتە سەر زمانی كوردی بڵاو دەكرێنەوە سەر دادگاكان و هاووڵاتیان و چیتر فۆڕمە كۆنەكان بەكار نایەن.

٥ – لیژنەیێک پێكدەهێنرێت لە وەزارەت لە پسپۆڕانی زمانەوانی و یاسایی بۆ گۆڕینی كێشەكانی دادگاكان بۆ سەر زمانی كوردی و ئامادەكردنی فەرهەنگێكی یاسایی تایبەت بە دادگاكان.

٦ – بەكوردی كردنی دادگاكانی سەر بە سەرۆكایەتیی دادگای تاوانی دهۆک تا ماوەیێكی تر دوادەخرێت.



Kurdistan Region
Council Of Ministeris
Ministry Of Justice

ژمارە: ٣ / ٦٤٢
ریكەوت: ١٧/ ٦/ ٢٠٠٠

بسم الله الرحمن الرحیم

هەرێمی كوردستانی عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی
ب. پەیوەندیەكان

**رێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٠**

پشت بە دەسەڵاتی مادەی ژمارە (٦٤) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (١٤)ی ساڵی ٩٩٢، و بۆ پیادەكردنی مادەی (٥) لەهەمان یاسا، سەبارەت بەكوردی كردنی دادوەری لە دادگاكانی هەرێمی كوردستانی عێراق، ئەم رێنماییانەی خوارەوەمان دەركرد:

١- لە رێكەوتی ٢٠٠٠/٦/٢ بەدواوە سكاڵای داواكان (لائحە الدعوی) بەكوردی پێشكەش دادگاكان دەكرێت و كۆنووسی دادوەریش بەكوردی دەبێت.

٢- بڕیارەكانی دادگا تا كۆتایی ساڵی ٢٠٠٠ بەعەرەبی دەردەكرێت.

٣- داواكانی پێش ٢٠٠٠/٦/٢ تاكۆتایی پێهێنانیان وەك خۆی دەمێنێتەوەو بەعەرەبی كۆنووس دەكرێت.

٤- ئەو كلێشەو فۆرمانەی بۆ بەڵگەنامەكانی دادگای باری كەسینە پێشتر گۆڕاونەتەسەر زمانی كوردی بڵاو دەكرێنەوە سەر دادگاكان و هاووڵاتیان و چیتر فۆرمە كۆنەكان بەكارنایەن.

٥- لیژنەیەك پێك دەهێنرێت لە وەزارەت لە پسپۆرانی زمانەوانی و یاسایی بۆ گۆڕینی كلیشەكانی دادگاكان بۆسەر زمانی كوردی و ئامادەكردنی فەرهەنگێكی یاسایی تایبەت بەدادگاكان.

٦- بەكوردی كردنی دادگاكانی سەر بەسەرۆكایەتی دادگای تاوانی دهۆك تاماوەیەكی تر دوادەخرێت.

هادی علی

لە (١٠/٦/٢٠٠٠) دا فرمانێکی تری وەزاری دەرچوو، بە پێکهێنانی لیژنەیێک بۆ بە کوردی کردن و ئامادەکردنی گشت ئەو سکاڵانامە و داواکاری و کلێشانەی لە دادگاکاندا بەکار دەهێنرێن.

لیژنەکە لەم بەڕێزانە پێکهاتبوو:

١ – عبد الكريم أبو بكر هموند / بەڕێوەبەری دادوەریی گشتی – سەرۆک
٢ – حاجی محمد تاهر / ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوە - ئەندام
٣ – ڕەئووف ڕەشید عبدالرحمن / دادوەری دادگای بەرایی – ئەندام
٤ – عبدالباست فەرهادی / دادوەری دادگای لێکۆڵینەوە – ئەندام
٥ – بشیر حسین / ئەندامی داواکاریی گشتی – ئەندام
٦ – تاریق جامباز / پارێزەر – ئەندام


هەرێمی کوردستانی عیراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی
"پەیوەندیەکان"

بسم الله الرحمن الرحيم
بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

أقليم كوردستان العراق
مجلس الوزراء
وزارة العدل
ژمارە : / العدد : ٣/٢٨٨٨
ڕێکەوت / التاريخ : ١٠/٦/---

"فەرمانی وەزاری"

بۆ پیادە کردنی فەرمانی وەزاریمان ژمارە ٣٤٣ لە ٢٢/٥/٢٠٠٠و ڕێنمایی ژمارە (١)ی ڕۆژی ٧/٦/٢٠٠٠ بریارماندا :..

١. لیژنەیەک لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێک بهێنین بۆ بە کوردی کردن و ئامادەکردنی گشت ئەو سکاڵانامە و داواکاری و کەلێشانەی لە دادگاکاندا بە کاردەهێنرێن :..

١. بەڕێز دادوەر عبدالكريم أبو بكر هموند/ بەڕێوەبەری دادی گشتی — سەرۆک .
٢. بەڕێز دادوەر حاجی محمد طاهر / ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوە — ئەندام .
٣. بەڕێز دادوەر ڕؤوف رشيد عبدالرحمن / دادوەری دادگای بەرایی — ئەندام .
٤. بەڕێز دادوەر عبدالباسط فرهادی / دادوەری دادگای لێکۆڵینەوە — ئەندام .
٥. بەڕێز بشير حسێن / ئەندامی داواکاری گشتی — ئەندام .
٦. بەڕێز طارق جامباز / پارێزەر — ئەندام .
٧. بەڕێز محمد حسن ڕۆژبەیانی/ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان — سکرتێری لیژنە .

٢. لیژنە بۆهەیە هەیەئەندامی تر لە دەرەوە پێشنیار بکات و سوود لە شارەزایی کەسانی تر وەربگرێت

٣/٦

هادی علی
وەزیری داد

وێنەیەک بۆ :..
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران . بۆ ئاگاداری لە گەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان .
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی .
- سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی
- سەرۆکایەتی دەستەی دارشتنی یاسایی .
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانووبەرە .
- ئاویـــــزان .

بۆ ئاگاداری لە گەڵ ڕێزدا .

ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان لە(٢٠٢٢/٩/٢٦) دا ڕایگەیاند دوای زنجیرە کۆبونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەنجومەنی دادوەری و پەرلەمان و دەستەی دەستپاکی و ئەکادیمیای کوردی، بە پشت بەستن بە(مادە ٦ لە یاسای (ژمارە ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧) ی دەسەڵاتی دادوەری و(مادە ٦ی یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤)ی زمانەفەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەم دوو بڕیارەی دەرکرد:

١ - بەکوردی نوسینی بڕیارەکانی دادگا و هەموو ئەو رێکارە دادوەرییانەی کە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێن، تەنیا لەکاتی پێویست بە زمانی عەرەبی بنوسرێت..

” وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا کەوتنە کوردانـدنی بەرنامەکانی خوێندن. چەندین فەرهەنگی زاراوەکان و کتێب و لێکۆڵینەوە بڵاوکرایەوە “

٢ - فەرهەنگێکی یاسایی یەکگرتوی کوردی بۆ یەکخستنی زمان و دەستەواژە یاساییەکان ئامادە بکرێ، بە سەرپەرشتی ئەنجومەنی دادوەری و نوێنەرایەتیی هەریەك لە پەرلەمان و وەزارەتی داد و دەستەی دەستپاکی و ئەکادیمیای کوردی.

دوای ئەمە، لە(٢٠٢٢/٩/٢٧) لەژێر ژمارە ٣٧٤ دا، فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافییەت/ دەستەی دەسپاکی، فرمانێکی دەرکرد بە پێکهێنانی فەرهەنگێکی یاسایی فەرمی بە زمانی کوردی. لیژنەکە لەم بەڕێزانە پێکهاتبوو :

١ – محمد مستەفا مەحموود / ئەنجومەنی دادوەری – سەرۆک

٢ – د. بریار شێرکۆ بابان / پەرلەمانی کوردستان – ئەندام

٣ – نەریمان تالیب عەبدوڵلا / وەزارەتی داد – ئەندام

٤ - د. وریا عمر امین / ئەکادیمیای کوردی – ئەندام

٥ – عەدنان عەبدوڵلا ڕەشید / دەستەی دەسپاکی – ئەندام



هەرێمی کوردستان – عێراق
دەستەی دەسپاکی
فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت

Kurdistan Region- Iraq
Commission of Integrity (KRCI)
Prevention and Transparency Department

إقليم كوردستان – العراق
هيئة النزاهة
دائرة الوقاية و الشفافية

ژمارە: | /٩/ ٢٠٢٢زاینی | ٢٧٢٢کوردی / گەلاوێژ

دەرکردە

## فەرمان

پاڵپشت بە ستراتیژی نیشتمانی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان (٢٠٢١- ٢٠٢٥)، و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی لایەنەکانی پاڵپشت بە جێ بە جێکردنی یەکێک لە ئامانجەکانی ستراتیژی ئاماژە پێکراو لە سەرەوە کە تایبەتە بە (کوردیکردنی کاروباری دادگاکانی هەرێمی کوردستان و ئەو یاسایانەی بەرکارن لە هەرێم کوردستان و دەقەکانیان تەنیا بە زمانی عەرەبی بەشێوەی فەرمی بەردەستن) ژمارە (٤) لە (٢٠٢٢/٩/٢٠).

بڕیارماندا بە :

پێکهێنانی لیژنەی دانانی فەرهەنگی یاسایی فەرمی بە زمانی کوردی لەم بەڕێزانەی کەوا لە خوارەوە ناو و شوێنی کارکردنیان و ڕۆڵیان لە لیژنەکە دیاریکراوە:

| ز | ناو | شوێنی کارکردن | ڕۆڵی لە لیژنە |
|---|---|---|---|
| ١ | دادوەر محەمەد مستەفا مەحمود | ئەنجومەنی دادوەری | سەرۆک |
| ٢ | د. بڕیار شێرکۆ بابان | پەرلەمانی کوردستان | ئەندام |
| ٣ | نریمان طالب عبداللە | وەزارەتی داد | ئەندام |
| ٤ | د.وریا عمر امین | ئەکادیمیای کوردی | ئەندام |
| ٥ | د.عدنان عبداللە رشید | دەستەی دەسپاکی | ئەندام و بڕیاردەر |

د.احمد انور محمد
سەرۆکی دەستە

Email: transparency.prevention@despaky.krd

لیژنەکە، دوای چەند کۆبوونەوەیێک، بۆ پلاندانان و چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکە، بڕیاری دا بە:

هەڵبژاردنی ئەم چوار یاساناسە کە پسپۆری ئەزموونداران و فەرهەنگ و بابەتی یاساییان بڵاوکراوەتەوە بۆ ئامادەکردنی فەرهەنگەکە:

١ - محمد وەسمان عەزیز

فەرهەنگی زاراوەیاساییەکان، کوردی – عەرەبی/عەرەبی کوردی، هەولێر(٢٠١٤).

٢ – سەردار عەزیز خۆشناو

فەرهەنگی دادگا، کوردی – عەرەبی، چاپی هەشتەم، کتێبخانەی هەولێری یاسایی(٢٠٢١).

٣ – د. سەرکەوت سلێمان

(٦٢٠٠) زاراوەیاسایی عەرەبی - کوردیی ئامادە کردووە.

٤ – د. هەکار عبدالکریم فندی

(٨٤٠٠) زاراوەی یاسایی عەرەبی - کوردیی ئامادەکردووە.

**"ئاواتەخوازین بایەخ بەم کارە گرنگە بدرێت و بە زووترین کات بەردەست بێ لە پێناو گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی"**

فەرهەنگەکان خرانە کۆمپیوتەر و تێکچرژێنران و کران بەیەک بە ناونیشانی(فەرهەنگی یاسایی فەرمی/ عەرەبی – کوردی). دوای تەواوکردن و پێداچوونەوەی چڕ، نێررا بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ بڕیاردان لە سەری. ئەوە بوو بە نزیکەی دوو ساڵ، هیچ دەنگ و باسێکی نییە. ئاواتەخوازین بایەخ بەم کارە گرنگە هەنووکەییە بدرێ و بە زووترین کات بەردەست بێ لە پێناو گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی.

**تێبینی:**

بە هۆی یەکلانەبوونەوەی (ڕێنوسی کوردی)یەوە، گۆڤاری زمانەوانی ڕێز لە هەموو بۆچوونە جیاوازەکان دەگرێت و بەشداریی ئەم مامۆستا بەڕێزە وەک خۆی و بەبێ هیچ دەستکارییەکی ڕێنوسیی بڵاودەکاتەوە. نوسەری بەڕێز، خۆی لە شێوازی ڕێنوسەکەی بەرپرسە

# پرسی زمانی کوردی لە دامەزراوە دادوەرییەکاندا



فەرەیدوون سامان

* سەرنوسەری گۆڤاری زماناسیی زمان و زار.
* سەرۆکی ناوەندی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری.

بۆ بەگەڕخستنی زمانی کوردی لە دامەزراوە دادوەرییەکانی هەرێمی کوردستان و تەواوی عیراقدا، هەروەها دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بە پێوەرکردنی کۆنووسەکانی داداگایەکان و چەند دامەزراوەی ناوخۆیی وڵات لە ڕوانگەی زمانی ستاندارد-پێوەر و بەپێوەرکردنی زمانی کوردی لەو دامەزراوە یاساییانە و کاراکردنی دامەزراوەکانی ناوخۆیی هەرێم لەسەر بنەماو داتایەکی زمانەوانیی نێودەوڵەتیدا، کە بەداخەوە هێشتا کە چەندان دامەزراوە هەن کە چاو لەوە ناکەن کە زمانی کوردیش زمانێکی فەرمی و ستانداردە لەسەرتاسەری عیراقی فیدرالدا، هەروەها چۆنیەتیی دەربازبوون لەم قەیرانە کە زیاتر بایەخ دەداتە بنەماکانی وشە و وشەسازی هەروەها سێنتاکس- ڕستەسازی لەڕوانگەی زمانناسیی و دانانی کۆپەڕی وشەی کوردی و کاریگەریی لەسەر قەیرانی زمانی کوردی. لەو دامەزراوانەدا کە مخابن هێشتا وەکو پێویست بەکارهێنانی زمانی کوردی لە پەراوێزدایە لەلایەن دەسەلاتدار انی حکومەتی عیراق، ئەویش سەبارەت بە چەند هۆکارێک لەوانە:

-نەبوونی زمانێکی پێوەر و ستانداردی کوردی لە هەرێمی کوردستان و عیراقدا.

-هەبوونی فرەزار و بنزار و دەڤۆکە کوردییەکان.

- وەرنەگێڕانی کۆنووسی لێکۆڵینەوەکان بۆ کوردییەکی پەتی و تەواو درووست، تەنانەت

ئەو کۆنووسانەی هەن بەکوردییەکی سەقەت لە عەرەبییەوە بەرچڤە کراون.

- نەبوونی بڕیارێکی سیاسی لەمەڕ پرسی زمانی پێوەر لەلایەن دەسەڵاتداریەتی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

- نەبوونی ئەکادیمیایەکی زمانی کوردی کە لە ئەندامانی شارەزا و پسپۆر پێکهاتبن، نەک لەسەر بنەمای ئینتمای حیزبی بۆ ئەو دەزگای ئەکادیمیایە کاندید و دامەزرابن.

چۆنیەتی بە کوردی کردنی دەقە یاساییەکان و ئەو ئاستەنگانە بخەمەڕوو، کە لە ئەنجامی گەڕان لە سەرچاوەکان و کارکردن لەو بوارەدا و پێیان ئاشنا بووم.

یاسای بنەڕەتی عێراق لە ٢١ی ئاداری ساڵی ١٩٢٥ دەرچوو، ئەمە یەکەم دەستووری ئەم دەوڵەتە بوو، بەڵام یەک بڕگەی سەبارەت بە کورد و مافەکانی و دانپێدانانی زمانەکەی لەخۆ نەگرتبوو. تەنانەت دوای بڕیارنامەی کۆمەڵەی گەلان لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥ کە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)ی بە دەوڵەتی عێراقەوە گرێدا، بە بێ هەموارکردنەوە مایەوە، ئەم بڕیارنامەیە، بەگوێرەی ناوەڕۆکی ئەم بڕیارنامەیە، عێراقی پابەندکرد بە دامەزراندنی ئیدارەیەکی تایبەتی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکاندا، کە زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی تێدا بەرقەرار بێت. ئەنجامە کۆتاییەکانی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی موسڵ، کە لە ١٦ی تەمووزی ١٩٢٥دا پێشکەشی ئەنجومەنی کۆمکاری گەلان کرا، باس لەوە کرا کە ئەگەر بڕیار بوو ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراقی عەرەبییەوە، پێویستە ڕەچاوی خواستی کورد بکرێت بۆ دانانی فەرمانبەری کورد لە دادگا و خوێندنگەکان، زمانی کوردیش زمانی فەرمی بێت. ئەمەش لە بڕیارنامەی ئەنجومەنی کۆمکاری گەلان لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥دا جەختی لەسەر کراوەتەوە کە ویلایەتی موسڵی بە دەوڵەتی عێراقەوە لە چوار بڕگەی خۆیدا لکاندووە. لە بڕگەی سێیەمدا هاتووە کە پێویستە حکومەتی بەریتانیا بانگهێشت بکرێت بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی کارگێڕی پێشکەش بە ئەنجومەن بکات بۆ دەستەبەرکردنی گەرەنتی بۆ کورد. لە بڕگەی چوارەمدا هاتووە کە پێویستە حکومەتی بەریتانیا بانگهێشت بکرێت بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی لیژنەکە سەبارەت بە دەستەبەرکردنی ئیدارەیەکی کوردی و ناساندنی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لەو ناوچانەی کە لکێنراون بە عێراقەوە، واتە لە باشووری کوردستاندا. لە مادەی (١٧) لە یاسای بنەڕەتی عێراقی ساڵی ١٩٢٥دا هاتووە کە "عەرەبی زمانی فەرمییە، مەگەر بە پێچەوانەوە لە یاسای تایبەتدا هاتووە". ئەم دەقە دوای دەرچوونی بڕیارنامەی خولی پێشوو هەموار نەکرایەوە، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی ئەم بڕیارنامەیە لەخۆبگرێت و لەبەرچاو بگیرێت. بە پێی ئەم دەقە زمانی ڕەسمی ڕەسەن لە عێراقدا زمانی عەرەبییە. وەک هەڵاوێردنێک، زمانەکانی دیکە

دەتوانن وەک زمانی فەرمی بناسرێن بە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت لەم بارەیەوە، بە پشتبەستن بە دەقی دەستووری پێشوو. ئەم یاسایە تایبەتە تا کەمێک پێش ئەندامێتی عێراق لە کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٣٢ دەرنەچوو، وەک ئامادەکارییەک بۆ ئەم پەیوەستبوونە. ئەم یاسایە یاسای ژمارە ٤٧ی ساڵی ١٩٣١ دەرچووە. لە مادەی (١)ی یاسای زمانە ناوخۆییەکاندا هاتووە کە بڕگەکانی ئەم یاسایە ئەو قەزایانە دەگرێتەوە کە لە مادەکانی ٢ و ٣ی ئەو یاسایەدا باسکراون. لە مادەی (٢)دا هاتووە کە زمانی دادگاکان لە قەزاکانی ئامێدیێ، زاخۆ، زێبار، و ئاکرێ لە (پارێزگای نەینەوا) کوردی بێت؛ لە قەزای کۆیێ، ڕانیە، و ڕواندوز لە پارێزگای هەولێر؛ لە قەزای کایل و چەمچەماڵ لە کەرکوک؛ و لە سلێمانی و هەڵەبجە و شارباژێر لە سلێمانی. ئەمەش بەو مانایەیە کە زمانی دادگایەکان زمانی کوردی بێت، لەو دادگایانەی کە لە هەموو ئەو قەزایانەدا هەڵکەوتوون. لە مادەی (٣)ی یاساکەدا هاتووە کە زمانی دادگاکان لە هەندێک قەزادا ڕەنگە عەرەبی، کوردی، یان تورکمانی بێت، بەو پێیەی دادگا خۆی بڕیار دەدات لە هەر حاڵەتێکدا ئەو زمانە بێت کە دەبێت بەکاربهێنرێت. ئەو قەزایانە بریتین لە دهۆک و شێخان لە قەزای موسڵ، هەولێر و مەخمور لە قەزای هەولێر، کەرکوک و کفری لە قەزای کەرکوک. ئەمەش بەو مانایەیە کە دادگا بەپێی کەیسەکە ئیختیاری هەیە کە هەریەکێک لەو سێ زمانە هەڵبژێرێت. لە هەموو ئەم قەزایانەدا، تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە، لە هەموو حاڵەتەکاندا، هەموو داواکان بە شێوەی زارەکی وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی، کوردی، یان تورکمانی، هەروەها داوای کۆپی بڕیارەکە بکات کە وەربگێڕدرێتە سەر یەکێک لەو زمانانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێکراوە. هەر کەسێک دەتوانێت داواکاری پێشکەش بە هەر دادگایەک بکات لە قەزاکانی پێشوودا یان دادگای باڵاتر بە زمانی عەرەبی، کوردی، یان تورکی. لە مادەی (٥)ی یاساکەدا هاتووە کە زمانی کوردی زمانی فەرمی دەبێت لەم قەزایانەی خوارەوە: ئامێدی، ئاکرێ، دهۆک، زاخۆ، زێبار لە قەزای موسڵ. قەزاکانی هەولێر، مەخموور، کۆیە، ڕانیە، ڕواندوز بەشێکن لە پارێزگای هەولێر؛ قەزای کیل و چەمچەماڵ بەشێکن لە پاریزگای کەرکوک؛ و قەزاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و شارباژێر بەشێکن لە پارێزگەی سلێمانی. لە قەزاکانی کەرکوک و کفری زمانی کوردی یان تورکمانی بەکاردێت. بەڵام بەشی تەکنیکی و خزمەتگوزارییە هەواڵگرییەکان لە نێوان ناوەندە ناحیەکان و وەزارەتەکان و لە نێوان قەزای موسڵ و قەزاکانی، بە زمانی عەرەبییە . بەپێی مادەی (٧)ی یاساکە، هەر کەسێک دەتوانێت بە زمانی عەرەبی پەیوەندی بە دەسەڵاتە فەرمییەکانەوە بکات و بە هەمان زمان وەڵام بدرێتەوە. بەڵام هەر پەیوەندییەک بە زمانێک ئەنجام بدرێت کە بەپێی مادەی پێنجەمی ئەم یاسایە ڕێگەپێدراوە، بەو زمانە وەردەگیرێت و وەڵام دەدرێتەوە کە پێی نووسراوە.

هەروەها یاساکە لە مادەی (٦)دا هاتووە کە لە هەموو قوتابخانە سەرەتایی و سەرەتاییەکانی ئەو قەزاو ناحیانەی کە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراوە، زمانی فێرکردن زمانی ماڵەوەی زۆرینەی خوێندکارانی ئەو قوتابخانانە دەبێت، جا زمانی عەرەبی، تورکی، یان کوردی بێت. لە یاساکەدا هاتووە، لە قەزاکانی سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، شێوەی ئێستای زمانی کوردی بەکاردەهێنرێت. لە قەزاکانی موسڵ، لە ماوەی یەک ساڵدا لە دوای جێبەجێکردنی یاساکە، ڕێگە بە دانیشتوان دەدرێت فۆڕمی دڵخوازی خۆیان لە زمانی کوردی هەڵبژێرن. ئەوەی جێی سەرنجە لەم یاسایەدا ئەوەیە کە دان بە کورد و بوونی ئەو لە عێراقدا دەنێت و دەکرێ بە فۆرمێکی پێشکەوتووی لامەرکەزی ئیداری هەژمار بکرێت. بەڵام ئەم یاسایە تەنیا لە چەند شوێنێکدا بە قەبارەیەکی سنووردار و بەرتەسک جێبەجێ کراوە و بەم شێوەیە ئاستەنگ لە ڕێگەی جێبەجێکردنیدا داناوە و پانتای لە ئێستاوە سنووردارەکەی بەرتەسک بووەتەوە. دوای ئەوە بەیاننامەی عێراق کە پێشکەشی کۆمکاری گەلان کرا لە ٥ی ئایاری ١٩٣٢ دەرچوو کە پێکهاتووە لە (١٦) مادە کە بەسەر دوو بەشی دابەشکراوە.

> ” لە بڕگەی سێیەمدا هاتووە کە پێویستە حکومەتی بەریتانیا بانگهێشت بکرێت بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی کارگێڕی پێشکەش بە ئەنجومەن بکات بۆ دەستەبەرکردنی گەرەنتی بۆ کورد “

بەشی یەکەم بە دە مادەکەیەوە پەیوەندی بە پاراستنی کەمینەکان و مافەکانیانەوە هەیە. مافی بەکارهێنانی زمانی دایکی لە ژیانی تایبەتدا، لە کۆبوونەوە گشتییەکان، لە ڕۆژنامەگەرییەکان و لە بەردەم دادگاکاندا، هەروەها مافی خوێندن بە زمانی دایکی دیارکردبوو. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، هەڵوێستی دەستووری عێراقی ساڵی ١٩٢٥ وەک خۆی مایەوە و تەنانەت کاتێک لە ساڵی ١٩٤٣دا هەمواری دووەمی بۆ کرا، هەنگاوێکی لەم جۆرەی نەناوە سەبارەت بە پێویستی دانپێدانانی پێگەی فەرمی زمانی کوردی لە چوارچێوەی بڕگەکانیدا. لە ڕێگەی ئەم پێشکەشکردنەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بنەمایەکی یاسایی هەیە بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بەشە فەرمییەکان و دادگاکان و قوتابخانەکان لە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) کە بە زۆر لکێنرا بە دەوڵەتی عێراقەوە. ئەم بنەمایە بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان نوێنەرایەتی دەکرێت.

زمانی یاسا لە رووی ئەرکەوە لە سێ جۆر پێکدێت:

یەکەم: زمانی زانستی (ئەکادیمی): وەك توێژینەوەی ئەکادیمی یاسایی و کتێبەکانی تایبەت بە پرۆگرامی خوێندنی یاسا.

دووەم: زمانی دادگا: بریتییە لەو زمانەی بڕیار و کۆنووس و راپۆرتەکانی دادگای پێ دەنووسرێتەوە.

سێیەم: زمانی یاسادانان: بەڵگەنامە یاساییەکان لەخۆدەگریت، وەك یاساکانی پەرلەمان و بەڵگەنامە دەستوورییەکان و گرێبەست و رێککەوتننامە و پەیماننامەکان.

بۆیە پێویستە وەرگێر هەرسێ جۆرەکە بە یەکترەوە ببەستێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی زمانی یاسا:

-وردی (الدقة): واتا رەچاوکردنی ناوەڕۆك دەق بۆ ئەوەی واتا ولێکدانەوەی جیاواز لەگەڵ واتای راستەقینە هەڵنەگرێت.

-کورتی و پوختی: چۆن دەقەکە کورت و پوختە بە هەمان شێوەی پێویستە وەرگێر بە پوختی دایبڕێژێتەوە.

-روونی و سادەیی: پێویستە زمانی یاسا دوور بێت لە هەر وشەیەکی نادیار و ئاڵۆز و شێوازێکی رەوانبێژی (البلاغة).

-بەکارهێنانی دەستەواژەی تایبەت بە بواری یاسایی: پێویستە دەستەواژەی تایبەت بە زمانی یاسا بەکاربهێنرێت.

وەرگێرانی واتایی:

پشت بەستن بە وەرگیرانی واتایی، واتا داڕشتنی واتای گشتی رستە و دەقەکان نەك واتای وشە بە وشە (وەرگێڕانی حەرفی) ئەگەر دەستەواژەکان لە واتای راستەقینەی خۆیان دەرنەچن.

ئاستەنگەکانی بەردەم دەقەکان بە شێوەیەکی گشتی بەو جۆرەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن:

یەکەم: کێشەی دەستەواژەکان: ، زۆر کەس پێی وایە هەرگیز ناکرێت یاسا بکرێتە کوردی، بەڵام من بۆچوونێکی پێچەوانەم هەیە و هەرگیز باوەڕپشم وانییە، کە پێویست بێت هەموو دەستەواژەکان بکرێنە کوردی.

دەستەواژەکان بەو جۆرە دابەش دەکرێن:

-ئەو دەستەواژانەی لە کوردیدا وشەی بەرامبەریان هەیە، وەك:((عقوبة – سزا، جريمة- تاوان، محكمة- دادگا، حاكم أو قازی– دادوەر، تحقيق – لێکۆلینەوە)).

-ئەو دەستەواژانەی واتاکەیان لە زمانی کوردی نامۆیە، پێویستە وشە عەرەبییەکەی لەگەڵدا بنووسرێتەوە، وەك: ((إلتزام – پابەندبوون، رهن- بارمتە، حقوق الإرتفاق – مافەکانی هاوتەنیشتی)).

**”لە قەزاکانی موسڵ، لە ماوەی یەک ساڵدا لە دوای جێبەجێکردنی یاساکە، ڕێگە بە دانیشتوان دەدرێت فۆڕمی دڵخوازی خۆیان لە زمانی کوردی هەڵبژێرن “**

-ئەو دەستەواژانەی ئەگەر دەقاودەق بکرێنە کوردی واتایی راستەقینەی خۆیان لە دەست دەدەن یان لەگەڵ دەستەواژەی تر تێکەڵ دەبن: پێویستە هەر بە عەرەبی بەکاربهێنرێنەوە: وەك: حکم: چونکە لە کوردی وشەی (حکم و قرار) واتا بڕیار بەڵام لە رووی یاسایی حکم و قرار جیاوازن، عادەتەن قەرار پێش یەکلایی کردنەوەی داوا لەلایەن دادوەر دەردەچێت، واتا: بڕیار دەدرێت بە ئەنجامدانی رێکارەکانی داوا، بەڵام حوکم دوای یەکلایی کردنەوەی داواکە وەك دەرئەنجامی داواکە دەردەچێت.

سێیەم: وەرگێڕانی دەقی یاسایی: لەبەر ئەوەی دەقی یاسا تایبەتە و راستەخۆ پەیوەندی بە ژیانی تاکەکانەوە هەیە و بە شێوەیەکی ورد دانراوە، بەجۆرێك هەر پیت و وشەیەك مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە بە هەمان شێوە بە شێوەیەکی ورد وەربگێڕدرێتە سەر زمانێکی تر بۆ ئەوەی واتای راستەقینەی خۆی لەدەست نەدات، چونکە راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و ئەرك و مافی هەر تاکێکی کۆمەڵگەوە هەیە.

جگە لەوە چەند ئاستەنگی تر هەن، کە لە درێژەی توێژینەوەکەم ئاماژەیان پێدەکەم.

زمانی یاسایی لە فەرهەنگی یاساییدا

وەرگرتن و لێکدانەوە و تێگەیشتن لە دەقە دەستووری و قانوونی و شەرعییەکاندا، دوور لە لێڵی و فرەواتایی و لێکدانەوەی جۆراوجۆر، بە شێوەیەکی ورد و ڕوون و پسپۆڕیانە، پێویستی بە فەرهەنگێکی قانوونی دانپیانراو و بڕیار لەسەردراو هەیە، کە زاراوە یەکخراوە یاساییەکانی بەتەواوی لەخۆ گرتبێت. بوونی فەرهەنگێك لەم جۆرە، کە بەشێوەیەکی پێڕەوبەندانە و بە زاراوەی ئەکادیمی و زمانێکی یاسایی، نەك

هەر دەبێتە ڕابەری دەستی دادوەر، دادنووس، داواکاری گشتی، پارێزەر، مامۆستا و خوێندکاری یاسا لە زانکۆکان، بەڵکو دەبێتە خوانی هەموو ئەو کەسانەی ئارەزووی وەرگرتنی ڕۆشنبیریی یاساییان هەیە. هەبوونی ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییەش پێویستییەکی کۆمەڵگەی کوردییە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

- المادة(٨) قانون اللغات المحلية رقم ٧٤ لسنة ١٩٣١.

- جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، ط٢، دار الطليعة،بيروت،١٩٧١، ص٢٨٢.

- ينظر بصدد هذا التصريح: عبدالرزاق الحسني، تأريخ العراق السياسي الحديث، ج ٢،ط٧، الرافدين للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان_ بيروت،١٠٠٨،ص ٤١٣-٨٠٣.

- الفقرتين الرابعة والخامسة من المادة(٤) من التصريح العراقي المقدم الى عصبة الامم بتاريخ ٥/مايس/١٩٣٢.

- مجله زمان و زار العدد ١١-عام ٢٠٢٤- الوثائق القانونية المعترفة برسمية اللغة الكوردية في العراق الملكي- أ.د.شورش حسن عمر.

**تێبینی:**

بە هۆی یەکلانەبوونەوەی (ڕێنوسی کوردی)یەوە، گۆڤاری زمانەوانی ڕێز لە هەموو بۆچوونە جیاوازەکان دەگرێت و بەشداریی ئەم مامۆستا بەڕێزە وەک خۆی و بەبێ هیچ دەستکارییەکی ڕێنوسیی بڵاودەکاتەوە. نوسەری بەڕێز، خۆی لە شێوازی ڕێنوسەکەی بەرپرسە



# وەرگێڕانی یاسایی: لە زمانی عەرەبی یەوە بۆ زمانی دایک لە نێوان پاراستنی روحی دەق و تێگەیشتنی واقیع دا

## (گرفت – ئاڵنگاریی – چارەسەرەکان)

د.ئاسۆ حمەشین عبدالکریم

❊ ماستەر لە یاسای گشتی.
❊ دکتۆرا لە یاسا- زانکۆی سلێمانی ـ یاسای کارگێڕی.
❊ سەرۆکی بەشی یاسا لە زانکۆی جیهان سلێمانی

**پێشەکی**

وەرگێڕانی یاسایی، بەتایبەت لە زمانی عەرەبی بۆ زمانی دایک – کوردی- سەبارەت بە ئێمەی کورد زوبان، بەشێک لە شەقڵی تایبەتمەندی و هەستیاریی وەرگێڕان دێتە بەرچاو، هاوکات ئەم ڕاستیە جێگەیەکی گرنگ لە گوتاری ئەکادیمی و پڕاکتیکی هاوچەرخ دا داگیر دەکات. بەتایبەت لەم سەردەمی پڕ حەنحاڵی ئابووری، سیاسی و کولتووری و زمانەوانی و تاڕادەیەکسش هەژموونی یەک تا دوو زمانی نێودەوڵەتی، کە تێیدا پەیوەندییە یاسای و کارتێکرانە سیاسیەکان چڕتر دەبنەوە، بۆیەش لەم گۆشەنیگایەوە خواستی وەرگێڕانی ورد و متمانەپێکراوی دەقە یاساییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەتایبەتیش بۆ نەوەکانی ئەمڕۆمان کە ئاشنا نین بە زمانی عەرەبی.

خۆ بێگومان ئەم جوغزەش لە کارکردن تەنها گواستنەوەی وشەکان نییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بەڵکو کارێکی ناسانایە بۆگواستنەوەی چەمکە یاساییەکان، کاریگەرییە یاساییەکانە .

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا؛ هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی ئەکادیمی تیشک بخەینە سەر چیەتی و چۆنیەتی وەرگێڕانی یاسایی، تایبەتمەندییە زمانی و سیستەمییەکانی دەقی یاسایی، شیکردنەوەی وردی ئەو ئاستەنگە فرەلایەنانەی کە ڕووبەڕووی وەرگێڕانی یاسایی دەبنەوە، و لە کۆتاییدا، چوارچێوەیەکی بابەتیی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ئاستەنگانە دەخەینەڕوو.

بۆئەوەی بۆ خوێنەری ئازیز ڕوون بێت، ئەم بابەتەی قسەی لەسەر دەکەین تایبەتە بە وەرگێڕانی یاسایی لە زمانی عەرەبی بۆ زمانی دایک کە زمانی کوردی یە، هەموان ئەوە دەزانین کە وەرگێڕانی دەقە یاساییەکان لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی، بەتایبەتی لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان و عێراقدا، گرنگییەکی ستراتیژی و پراکتیکیی هەیە، چون زمانی عەرەبی زمانی فەرمیی دەوڵەتی عێراق بووە لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە تا ساڵی ٢٠٠٤ کە یەکەم دەستوری دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس نووسرا، پاشان لە ساڵی٢٠٠٥ دەستوری عێراق ، خۆشبەختانە زمانی کوردی هاوشان بە زمانی عەرەبی کرد بە زمانی فەرمی وڵات، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا هەلومەرجی پیادەکردنی ئەو دەقە دەستورییە ڕەنگی نەداوەتەوە لە ئاستی یاسا بنەڕەتییەکان، ڕێنماییەکان، و بڕیارە دادوەرییەکان لە عێراق و تەنانەت بەشێکیان بەزمانی عەرەبین. لە هەمان کاتدا، زمانی کوردی زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانە بەگوێرەی یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە(٦)ی ٢٠١٤ لە هەرێمی کوردستان. زمانی یاسا و دادگاکان لە ماددەی ٤ دا دەڵێت: پرۆژە یاسا و بڕیار و پەیڕەو ڕێنماییەکان لە هەرێمدا بە زمانی کوردی ئامادە دەکرێن و دەردەکرێن.

هەروەها لەبارەی ڕێکارە دادوەرییەکان بڕیارەکانی دادگاوە لە ماددەی ٦ دا دەڵێت:

**یەکەم: هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان بە بڕیاری دادگاکانیشەوە، بە زمانی کوردی بەڕێوەدەچن و دەنووسرێن.**

**دووەم: ئەگەر لایەنێکی داواکە زمانی کوردی نەزانێت، پێویستە وەرگێڕێکی بۆ دابین بکرێت.**

بۆ خستنەڕووی بابەتەکەمان بە چەند سەرەقەڵەمێک دا ئەم بابەتە دەخەینە بەرباس و ڤەکۆڵین:

**یەکەم: سروشت و تایبەتمەندی هەردوو زمان:**

سروشتی زمانی یاسایی عەرەبی و تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی، لەگەڵ جیاوازییە وردەکانی نێوان سیستەمی یاسایی عێراق (کە بەشێکی زۆری لەژێر کاریگەریی یاسای

مەدەنی فەڕەنسی و میسری و شەریعەتی ئیسلامیدایە) و پێویستییەکانی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێک گرفتی تایبەت بۆ وەرگێڕانی یاسایی دروست دەکەن. چونکە هەر دەقێکی یاسایی بە زمانی عەرەبی تایبەتمەندی زمانە بنەڕەتیەکەی پێ نووسراوە وەردەگرێت، بۆیە لە وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی دەبێت ئەو تایبەتمەندییە لەبەرچاو بگیرێت.

**دووەم: شەقڵ و تایبەتمەندی زمان و دو اندن بەزمانی عەرەبی**

بۆ هەموان و پێش هەموو باسێک، گرنگە ڕوانگە و ئاسۆ ڕوون بین لەسەر ئەندازەیەک لە شەقڵ و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی زمانی یاسایی عەرەبی کە ڕاستەوخۆ کار لە پرۆسەی وەرگێڕان دەکەن:

**پاڵپشت بە فەرهەنگ و کلتوری زمانی عەرەبی،** بێگومان زمانی یاسایی عەرەبی، تا ڕادەیەکی زۆر، ڕەچەڵەک و بنەمای لە زمانی عەرەبی پاراو (الفصحى) و زمانی شەریعەتی ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە، ئەمە وا دەکات کە زۆرێک لە زاراوە و پێکهاتەکان خاوەنی بارێکی مێژوویی و ئاینی بن، لەو شەقڵ و تایبەتمەندیانەش ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

**أ- ڕەو انبێژی و درێژدادڕی ( البلاغة والإطناب):** لە هەندێک جۆری دەق عەرەبیدا و تاڕادەیەک لە دەقە یاساییەکان دا، بەتایبەتی لە پێشەکیی یاسا و بڕیارەکاندا (الديباجة)، ئارەزووی دووبارەکردنەوەی مانا بە وشەی جیاواز (الترادف) و بەکارهێنانی ڕستەی درێژ بۆ جەختکردنەوە و ڕازیکردن باوە، بۆ نمونە دەستوری کۆماری عێراق ٢٠٠٥ لە دیباجەکەی دا بە شاکارێکی گرنگ و تایبەتی ئەدەبی داڕێژراوە.

**ب- بەکارهێنانی شێواز و ڕێژەی دیاریکراو (الصيغ المحددة):** وەک بەکارهێنانی زۆری "إنّ" و "أنّ" بۆ جەختکردنەوە، "لما كان..."، "وحيث أن..."، "وبناءً على ما تقدم..."، هتد.

**ج- وردبینی لە بەکارهێنانی حەرفی جەڕ و ئامرازی لکاندن:** زمانی عەرەبی بە وردی جیاوازی دەکات لە بەکارهێنانی حەرفەکانی جەڕ (بۆ نموونە، "في"، "على"، "من"، "إلى"، "الباء"، "اللام") و ئامرازەکانی لکاندن، کە هەر یەکەیان دەتوانێت کاریگەری لەسەر مانای یاسایی هەبێت.

**د- کاریگەریی زاراوەی فیقهی:** زۆرێک لە زاراوە یاساییەکان لە فیقهی ئیسلامییەوە وەرگیراون یان لەژێر کاریگەرییدان، وەک "الغرر"، "الجهالة"، "الاستصلاح"، "القياس". وە چەندین هاوشێوەی تر.

**و-ژێدەریکردن (المصدرية):** بەکارهێنانی بەربڵاوی ژێدەر (المصدر) لەبری کردار، کە دەقەکە فەرمیتر و چڕتر دەکاتەوە.

هـ- کـەم بەکارهێنـانی خاڵبـەندی بـە شـێوازی هـاوچـەرخ: هـەرچـەنـدە ئەمە وردە وردە گۆڕانکاری بەسـەردا دێت، بەڵام هێشتا لە هەندێک دەقی یاسایی عەرەبیدا، بەتایبەتی کۆنترەکان، خاڵبەندی کەمترە یان بە شێوازێکی جیاوازتر لەوەی لە زمانی کوردیدا باوە بەکاردێت.

” خواستی وەرگێڕانی ورد و متمانەپێکراوی دەقە یاساییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە “

**سێیەم: دژواری وگرفتە زمانییە سەرەکییەکان لە وەرگێڕانی یاسایی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی.**

**أ. گرفتەکانی ئاستی وشەسازی و زاراوە (صياغة الكلمات والمصطلحات):** زۆرترینی ئەو دژواری و گرفتانە لەم شێوازانەی لای خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

-نەبوونی هاو واتای تەواو بۆ زاراوە یاسایی و فیقهییەکان:

-**زاراوەی فیقهی:** زۆرێک لە زاراوەکانی وەک "الشفعة"، "الوقف"، "الدية"، "القصاص"، "الحسبة"، "الاستحسان" کە لە یاسای شارستانی، یاسای سزایی، یان تەنانەت لە هەندێک بنەمای یاسای باری کەسیشدا ڕەنگیان داوەتەوە، هاو واتای ڕاستەوخۆ و تەواویان لە زمانی کوردیدا یان نییە، یاخود هەن و بۆ خەڵک و تەنانەت پسپۆڕان ئاشنا نین، بۆیە وەرگێڕ ناچارە پەنا بباتە بەر:

-**خواستنی وشەکە(الاستعارة اللفظية):** وەک بەکارهێنانی "شوفعە" یان "وەقف" لە کوردیدا.

-**ڕاڤەی وەسفی (الشرح الوصفي):** ڕوونکردنەوەی چەمکەکە بە چەند وشەیەک یان ڕستەیەک؛ لە ڕاستی دا ئەمەش وەرگێڕانی وردی پێ ناوترێت.

-**داتاشینی زاراوەی نوێ (اشتقاق المصطلحات الجديدة):** ئەمە پرۆسەیەکی هەستیارە و پێویستی بە کۆدەنگیی پسپۆڕان هەیە. بۆ نموونە، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هاو واتای کوردی بۆ چەمکی وەک "اعتبار الشخصية المعنوية" (داننان بە کەسایەتی مەعنەوی یاخود واتایی).

-**زاراوە یاساییە گشتییەکان:** تەنانەت هەندێک زاراوەی گشتی لە نموونەی "التشريع"

(یاسادانان)، "القضاء" (دادوەری/دەسەڵاتی دادوەری)، "التنفیذ" (جێبەجێکردن)، "الطعن"(تانە/ الإعتراض گازندە لە بڕیار)، "الاختصاص" (پسپۆڕی/تایبەتمەندی)، "السیادة" (سەروەری)، "المسؤولیة التقصیریة" (بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی/ناگرێبەستی)، "الحق العیني" (مافی عەینی)، "الحق الشخصي" (مافی کەسی/شەخسی) " التظلم" (بێ دادی)گواستنەوەی وردی ماناکانیان بۆ کوردی پێویستی بە وردبینی و هەڵبژاردنی گونجاوترین هاو واتا هەیە، چونکە زمانی کوردی هێشتا لە قۆناغی ستانداردکردنی تەواوی زاراوەی یاساییدایە.

**فرەو اتایی وشە عەرەبییەکان:** هەندێک وشەی عەرەبی وەک "أمر" (فەرمان، کار، شت)، "حق" (ماف، ڕاستی، شایستە)، "حکم" (بڕیار، حوکمڕانی) لە چوارچێوەی جیاوازدا مانای جیاوازیان هەیە. وەرگێڕی کورد دەبێت بە وردی مانای مەبەست لە چوارچێوە یاساییەکەدا دیاری بکات.

**-ئاریشەی وشە هاوڕیشە و لێکچووەکان:** هەندێک وشەی عەرەبی کە لە کوردیدا بەکارهێنراون، ڕەنگە لە زمانی یاسایی عەرەبیدا بارێکی واتایی تایبەتتریان هەبێت کە لە بەکارهێنانی گشتیی کوردیدا ون بووبێت یان گۆڕابێت، بۆ وێنە وشەی - العین- لە زمانی عەرەبی کە زیاتر لە دەیەها واتای هەیە بۆیە لە ناواخنی دەقەکان ماناکە دەگۆڕێت و لەهەر شوێنی پێویست مانای خۆی دەدات.

**گیروگرفتەکانی وەرگێڕانی ئامرازە ڕێزمانییە وردەکان:**

**بەوێنە : حەرفی جەڕ(حروف الجر):** وەک "الباء" (بِ) کە چەندین مانای هەیە (بۆ نموونە، سببیەت، هاوڕێیەتی، ئامراز). وەرگێڕانی وردی ئەم حەرفانە کاریگەری لەسەر مانای یاسایی ڕستەکە دادەنێت. بۆ نموونە، جیاوازی نێوان "حکم له" و "حکم علیه". یان "خلع عنه" یاخود "خلع علیه".

**ئامرازی بەدووهاتن و لکاندن (أدوات العطف والربط):** "الواو"، "الفاء"، "ثم"، "أو"، "أم"، "حتی"، "لكن". هەر یەک لەمانە ئاماژە گەل و دەلالەتێکی تایبەتی خۆی هەیە لە ڕیزبەندی، هۆکار و دەرئەنجام، یان هەڵبژاردندا.

**چوارەم: گرفتەکانی ئاستی ڕستەسازی و پێکهاتە (البنیة النحویة والترکیبیة):**

-زۆر جار ڕستە یاساییەکان لە زمانی عەرەبی دا زۆر کورت و پڕ مانایە بەڵام کەسی وەرگێڕی چاپوک و سەردەرچووی ئەوێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە تەواوی ئەو مانایە بگۆڕیت بۆ زمانی کوردی و هەمان واتای پڕ مانای خۆی ببەخشێت.

**-پێشخستن و پاشخستن (التقدیم والتأخیر):** لە ڕستە سازی ناو زمانی عەرەبیدا،

پێشخستن و پاشخستنی هەندێک بەشی ڕستە (بۆ نموونە، خبر و مبتدأ، مفعول به و فاعل) بۆ مەبەستی جەختکردنەوە یان ڕەوانبێژی باوە. وەرگێڕ دەبێت ئەم مەبەستە بگوازێتەوە، کە ڕەنگە پێویستی بە گۆڕینی پێکهاتەی ڕستە بێت لە کوردیدا. بەکارهێنانی دۆخی نادیار (صيغة المبني للمجهول): هەرچەندە لە کوردیشدا دۆخی نادیار بوونی هەیە.

بۆیە گرفتەکانی بەردەم وەرگێڕانی یاسایی لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی، دەکرێت لە چەند ئاستێکدا پۆلێن بکرێن:

**یەکەم: گرفتە زمانی و زاراوەییەکان (اللغوية والمصطلحية):**

**کەمی یان نەبوونی هاو و اتای ورد:** زۆرێک لە زاراوە یاساییە عەرەبییەکان، کە زۆربەیان بنەچەیەکی قووڵیان لە شەریعەتی ئیسلامی و فیقهدا هەیە، هاو واتایەکی کوردیی ورد و یەکگرتوویان نییە. ئەمەش وەرگێڕ ناچار دەکات یان زاراوەکە وەک خۆی بە عەرەبی بهێڵێتەوە، یان هەوڵی دانانی هاو وتایەک بدات کە ڕەنگە هێندە باو نەبێت یان لەلایەن هەموو یاساناسانەوە پەسەند نەکرێت، ئەمەش سەرئێشە بۆ خوێنەر دروست دەکات.

> ”بە داخەوە تا ئێستا هەلومەرجی پیادەکردنی ئەو دەقە دەستوورییە ڕەنگی نەداوەتەوە لە ئاستی یاسا بنەڕەتییەکان، ڕێنماییەکان، و بڕیارە دادوەرییەکان لە عێراق و تەنانەت بەشێکیان بەزمانی عەرەبین “

**فرەو اتایی و لێکچوونی زاراوەکان:** هەندێکجار یەک زاراوەی عەرەبی چەند واتایەکی یاسایی هەیە، یان چەند زاراوەیەکی عەرەبی لەڕواڵەتدا لێکدەچن بەڵام واتای یاسایی جیاوازیان هەیە. دەستنیشانکردنی واتای ورد لەناو کۆنتێکستی یاساییدا زۆر گرنگە. کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەر زاراوە کوردییەکان: هەندێک زاراوەی یاسایی کوردی ڕاستەوخۆ لە عەرەبییەوە وەرگیراون بەڵام ڕەنگە لە بەکارهێناندا کەمێک گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبێت یان بە هەمان وردیی زاراوە عەرەبییەکە نەبن.

**جیاوازیی ڕێزمانی و داڕشتن (النحوية والتركيبية):**

**داڕشتنی ڕستەی یاسایی:** زمانی یاسایی عەرەبی خاوەنی داڕشتنێکی تایبەتە، زۆرجار ڕستەی درێژ و ئاڵۆز و مەرجدار بەکاردەهێنێت یاخود بە پێچەوانەوە دەبێت.

گواستنەوەی ئەم داڕشتنە بۆ زمانی کوردی بەشێوەیەک کە هەم ورد بێت و هەمیش ڕوون و ئاسان درک بکرێت، سانا و ئاسان نییە. بەکارهێنانی هەندێک لە ئامراز و پیتەکانی زمانی عەرەبی کە لە دەقە یاساییەکاندا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن (بۆ نموونە لە دیاریکردنی مەرج، سنووردارکردن، هۆکار).

**ئاستی فەرمیبوون و شێوازی نووسین (مستوى الرسمية والأسلوب):**

دەقە یاساییە عەرەبییەکان زۆرجار زمانێکی زۆر فەرمی و تەنانەت هەندێکجار کلاسیکیان هەیە. پاراستنی ئەم ئاستە لە فەرمی بوون لە وەرگێڕانی کوردیدا گرنگە، بەڵام نابێت ببێتە هۆی ناڕوونی و قورسیی دەقەکە.

**دووەم: گرفتە پەیوەندیدارەکان بە سیستەمی یاسایی و کولتووری (المتعلقة بالنظام القانوني والثقافي):**

هەرچەندە سیستەمی یاسایی عێراق (کە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لێی) نزیکی لە سیستمی یاسای مەدەنی فەڕەنسی- و میسریدایە و هەروەها زۆری وەرگیراوە لەشەریعەتی ئیسلامی، بەڵام لە وردەکاری و جێبەجێکردندا جیاوازیی بچووک و گەورە لەگەڵ سیستەمە یاساییەکانی وڵاتانی تری عەرەبیدا هەیە. وەرگێڕ دەبێت ئاگاداری ئەم جیاوازییانە بێت، بەتایبەت ئەگەر دەقە عەرەبییەکە لە وڵاتێکی ترەوە سەرچاوەی گرتبێت.

**سێیەم: گرفتەکانی پەیوەست بە خودی وەرگێڕەوە (المتعلقة بالمترجم نفسه):**

وەرگێڕی یاسایی دەبێت نەک هەر شارەزاییەکی قووڵی لە هەردوو زماندا (عەرەبی و کوردی) هەبێت، بەڵکو دەبێت پسپۆڕییەکی باشیشی لە هەردوو سیستەمی یاسایی و زاراوە یاساییەکاندا هەبێت. ئەمەش پێویستی بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی بەردەوام هەیە. لەو گرفتە بەرچاوانەش:

**أ- کەمیی وەرگێڕی یاسایی پسپۆڕ و ڕاهێنراو لە بواری عەرەبی-کوردیدا یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکان.**

**ب- ئیتیک و بەرپرسیارێتی:**

هەڵەی بچووک لە وەرگێڕانی یاساییدا دەکرێت دەرئەنجامی گەورە و مەترسیداری لێبکەوێتەوە، وەک لەدەستدانی ماف، سزای نادروست، یان تێکچوونی پەیوەندییە یاساییەکان. بۆیە وەرگێڕ بەرپرسیارێتییەکی گەورەی لەسەرشانە. بەتایبەت ئەگەر وەرگێڕ لەو کەسانە بێت کە بابەت و پەرتوکی مەنهەجی واتە ئەوانەی پرۆگرامی خوێندنن وەردەگێڕێت، بەنموونە ئەگەر وشەی الشارع بەنموونە وەربگرین ئەگەر ئەم وشەیە لە

بابەتی أصول الفقه دا هاتبێت، بەمانای شەرع دانەر دێت کە مەبەست لێی خوایە، بەڵام ئەگەر هەمان وشە لەیاسای هاتووچۆدا هاتبێت مەبەست لێی -شەقام-ە. خۆ لە بنیادی وشەکەدا هەمان شتە بەڵام دوو مانای زۆر جیاواز لە خۆدەگرێت.

**”هەندێک وشەی عەرەبی کە لە کوردیدا بەکارهێنراون، ڕەنگە لە زمانی یاسایی عەرەبیدا بارێکی واتایی تایبەتتریان هەبێت کە لە بەکارهێنانی گشتیی کوردیدا ون بووبێت یان گۆڕابێت “**

**چوارەم: گرفتەکانی پەیوەست بە سەرچاوە و ژێرخانی یاسایی تۆکمە (المتعلقة بالمصادر والبنية التحتية لمصادر القانون):**

**-کەمیی سەرچاوە و فەرهەنگی پسپۆڕی:**

-نەبوونی فەرهەنگی یاسایی دووزمانەی (عەرەبی-کوردی) پێشکەوتوو و گشتگیر کە زاراوە نوێ و کۆنەکان لەخۆبگرێ، ئەگەر هەشبێت یان زۆر ئاشنا نی یە یاخود تێروتەسەل نی یە لە وشە و ڕستەکانی دا.

-کەمیی کتێب و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە وەرگێڕانی یاسایی عەرەبی-کوردی.

-نەبوونی بنکەدراوەی زاراوەیی (Terminology Database) یەکگرتوو و باوەڕپێکراو.

-نەبوونی ستاندارد و یەکخستنی زاراوەی کوردی

جیاوازیی شێوەزارەکانی زمانی کوردی (بەتایبەت سۆرانی و کرمانجی) لەوانەیە کاریگەری لەسەر یەکگرتوویی زاراوە یاساییەکان هەبێت. نەبوونی دەزگایەکی نیشتمانیی تایبەت بۆ پەسەندکردن و ستانداردکردنی زاراوە یاساییە کوردییەکان، هەرچەندە هەوڵی کۆڕی زانیاری کورد نادیدە ناگیرێت، بەڵام لەبەرئەوەی وشەسازی و بەردەوام دەرچواندنی یاسای نوێ و مۆدێرن کە چەندین زاراوەی نوێ لە خۆ دەگرێت کاریگەری خۆی هەیە.

**پێشنیازەکان:**

**بۆ چارەسەرکردن یان کەمکردنەوەی ئەم گرفتانە، پێویستە:**

أ- گرنگیدان بە زاراوەسازیی یاسایی کوردی: لەڕێگەی دامەزراندنی لیژنەی پسپۆڕ و ئەکادیمی، لەئاستی بەرزی ئەکادیمی پسپۆڕانی زمانی کوردی و شارەزایانی یاسایی بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە بەکوردیکردن و خۆماڵەکردنی زمانی یاسایی.

ب- پەرەپێدانی بەرنامەی ڕاهێنانی تایبەت بۆ وەرگێڕانی یاسایی: لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا لە هەردوو ئاستی زمانەوانی و یاسایی.

ت- دروستکردنی فەرهەنگی تایبەتی یاسایی بە زمانی کوردی لە لایەن پسپۆڕانی هەردوو

بوار و چاپ کردن و بڵاوکردنەوەی بەشێوەی ئەلیکترۆنی.
ث- کارکردنی حکومەتی هەرێم و لەسەر ئاستی فەرمی و ناساندنی ئەو زاراوانە لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ.
ج- هاندانی توێژینەوەی زانستی: لە بواری گرفتەکان و شێوازەکانی وەرگێڕانی یاسایی عەرەبی-کوردی.
ح- دامەزراندنی ناوەندێکی ئەکادیمی بەهێز تایبەت بە خزمەت کردن بەم بوارە و کارکردن لەسەر وەرگێڕانی زاراوە بەردەستەکان و داتاشینی زاراوە و دەستەواژە نوێیەکان، ئەم ناوەندەش لە هەردوو پسپۆڕی زمانی کوردی و یاسایی لە خۆ گرتبێت.
**سەرچاوە و ژێدەرەکان:** بۆ نووسینی ئەم بابەتە چەندین سەرچاوەمان بەکارهێناوە، ئەمانەش هەندێک لەو سەرچاوانەن:

**یەکەم: دەستورو یاساکان**
١- یاسای ئیدارەدانی دەوڵەتی عێراق ساڵی٢٠٠٤.
٢- دەستوری کۆماری عێراق ٢٠٠٥
٣- یاسای زمانە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٦ ساڵی ٢٠١٤.
**دووەم: توێژینەوەکان**
١- نجاه سعدون التعددالمصطلحي في الترجمةالقانونية بين الدقة والتأثير: ألسباب والتحديات توێژینەوەیەکی بڵاو کراوەیە لە گۆڤاری الموازين، زانکۆی ئەغواط ، جەزائیر، ٢٠٢٣.
٢- حسيب إلياس حديد، أصول الترجمة، دراسات في فن الترجمة بأنواعها كافة، ط١، بيروت، دار الكتب العلمية، (٢٠١٣).
٣- محمد يحيى أبو ريشة، الدليل العملي في الترجمة القانونية، الأردن، (٢٠١٥).
٤- سواسي رفيق، الترجمة القانونية بين المفهوم و المناهج - ترجمة نصوص القانون الخاص أنموذجا- توێژینەوەیەکی بڵاو کراوەیە لە گۆڤاری الدراسات القانونية والإقتصادية، جەزائیر، ٢٠٢٢.
٥- الترجمة القانونية: إشكاليات و أخطاء شائعة ، مثنى مكي محمد، ستونێکی یاسایی بڵاوکراوەیە لەسایتی الميزان، لینکەکەی https://www.kitabat.info/subject.php?id=٢٠٩٧٣.
٦- پ.د. عبدالواحد مشير دزەيی، بەکوردیکردی زاراوەی یاسایی گرفت و چارەسەر، توێژینەوەیەکی یاسایی یە لە گۆڤاری قەڵای زانست- زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەرچووە، ژمارە ١، ٢٠٢٣.
٧- ميسون ضحى الإسلام حداودة، تحديات ترجمة النصوص القانونية من وإلى اللغة الأجنبية دراسة ميدانية- توێژینەوەیەکی زانستی یە لە گۆڤاری دفاتر الترجمة، زانکۆی جەزائیر ، ژمارە تایبەت، ٢٠٢٢ بڵاوکراوەتەوە.

# مێزگرد

دادوەر کامەران ڕەسوڵ سەعید:



# بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکان پەیوەندی هاوڵاتیان لەگەڵ دامەزراوە یاساییەکان بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەگۆڕێت

دیداری: گۆڤاری زمانەوانی
داڕشتنەوەی: هانا عەلی۔ دەرچووی بەشی وەرگێڕان لە زانکۆی جیهان۔سلێمانی

* ماستەر و دبلۆمی باڵا لە زانستی دادوەریی.
* دادوەری دادگای باری کەسێتی سلێمانی.
* نوسەری کتێبی (من و تۆ و ئەو لە دادگای باری کەسێتی)

دادوەر کامەران ڕەسوڵ سەعید کە پێشتر دادوەری دادگای باری کەسێتی سلێمانی بووە و ئیستاش ئەندامی دادگای تاوانەکانی سلێمانیە , هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە یاسا و دبلۆمی باڵا لە زانستی دادوەریدا، ڕێگەچارەیەکی نوێی پێشکەوتوو پێشنیار دەکات بۆ پشتیوانیکردن لە بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی یاسا و دادوەری. ئەم دادوەرە لە کۆتا نوسینی کتێبەکانیدا کە لە بەهاری ساڵی /٢٠٢٥دا نوسیویەتی بە ناونیشانی (-من، تۆ و ئەو- لە دادگای باری کەسێتی) جەخت لە بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی یاسا و دادوەری دەکاتەوە. کتێبەکەش دەخاتە سەر ریچکەو پشگیریە دەستووریەکان و یاسا بەرکارەکان , و تیشک دەخاتە سەر ئاستەنگە کرداریەکانی جێبەجێکردن، دادوەر کامەران دیدگایەکی گشتگیری دەخاتە روو بۆ وەگەڕخستنی زمانیی شیرینی کوردی کە دەتوانێت ناسنامەی کلتووری کوردەواری بەهێز بکات و لە هەمان کاتدا پرۆسە یاساییەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی باشتر رێک دەخات :

گـەشتی دادوەر کامـەران ڕەسـوڵ سـەعید بـۆ نـاو زمـانـنـاسی یـاسـایی کـوردی بە چاودێرییەکی بنەڕەتیەوە دەستی پێکرد: کاتێک هەردوو لایەن، سکاڵاکار و سکالالیکراو یان داواکار و داوالیکراو ، هاوبەشی ناسنامەی نەتەوەیی کوردین، باشترین شێوازی پیادەکردنی دادپەوەری لە نێوانیاندا بۆ ئاخافتن لە گەڵیان و نوسینی دادبینیەکان و کۆتا جار نوسینی بریار بە دڵنیاییەوە پیویستە زمانی شیرینی دایکیان بێت کە زمانی کوردیە بە پێچەوانەشەوە دادپەوەری بە دی نایات کە بابەتەکانی ئاماژەیان پێکرا کە زمای دایکیان نەبن . لە ئەزموونی خۆیەوە لە دادگای سلێمانی، سەعید کتێبێکی گشتگیری نووسیووە کە ڕۆڵی زمانی کوردی لە پرۆسە دادپەروەرییەکان لێکۆڵینەوە دەکات، دەیان ساڵ ئەزموونی یاسایی لەگەڵ پاڵپشتی سۆزداری بۆ زمانی دایکی و مافی زمانیی تێکەڵ کردووە.

بە بڕوای ئەم دادوەرە، زمانی کوردی پێگەی تایبەتی خۆی هەیە لە بواری دادوەری و لە هەردوو ڕوانگەی زارەکی و نوسین، زمانی کوردی لە ئێستادا خاوەنی هەموو ئەو وشانەیە کە لە داڕشتنی یاساکاندا بە زمانی عەرەبی دادەڕێژرێن ، و پیداگری دەکات لەوەی , کاتێک هەردوو لایەنی داواکار و داوالێکراو لە دادگا ئامادەدەبن و هەڵگری شوناسی نەتەوەیی کوردی بن ئەوا بە دڵنیاییەوە باشترین زمانی ئاخافتن و گفتوگۆ و تێکڕای دادبینیەکان و بڕیاری کۆتایی بۆ نێوانیان زمانی کوردیە.

لە بەشێکیتری قسەکانیدا، باسی لەوەکرد کە، نوسینی بابەتی شەرعی و یاسایی کارێکی ئاسان نیە بە تایبەتی بە زمانی کوردی، چونکە ئەو دەیان سەرچاوەی لە نووسینی ئەم کتێبەدا بەکار هاتوون هەموویان بە زمانی عەرەبی نوسرابوون بۆیە نوسین و وەرگێڕان پێکەوە کۆبوونەوە و کارەکەیان زیاتر وا لێکرد کە پێوویستی بە ماندووبوونی زیاتر بێت.

لە وەڵامی پرسیارێکدا , لە بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لە داڕشتنی یاسا و دادبینیی و بڕیارە دادوەرییەکاندا چەندە دەتوانێت گەیشتن بە دادپەروەری بۆ هاونیشتیمانییان ئاسان بکات و متمانەی کۆمەڵگە بە سیستەمی یاسایی زیاد بکات؟ دادوەر کامەران ڕەسوڵ سەعید وتی: "بەگوێرەی دەستووری عێراق، زمانی کوردی زمانێکی فەرمییە کە شانبەشانی زمانی عەرەبی لە هەموو دامودەزگاکانی عێراقدا بەکاردێت و هیچ بەربەستێک نییە بۆ دەرکردنی بڕیار و یاسا لە پەرلەمان بە زمانی کوردی شانبەشانی عەرەبی. بۆیەش بە دڵنیاییەوە، بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لە داڕشتنی یاسا و دادبینیی و بڕیارە دادوەرییەکاندا ئاستی دادپەروەری فراوانتر دەکات و متمانەی کۆمەڵگە بە سیستەمی یاسایی زیاد دەکات کەواتە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دارشتنی یاساکان و دەرچواندنیان و لە گشت دادگاکانی

هەرێمی کوردستان لە پاڵ ئەوەی پشگیری دەستوری هەیە وەک پێشت باسمان کرد لە هەمان کاتیشدا پشگیری یاسای ناوخۆی هەیە لە ناو هەرێمی کوردستان ئەویش یاسای زمانە فەرمیەکانە لە هەرێمی کوردستان بە ژمارە(١٦ ) ی سالی (٢٠١٤) .

لە وەڵامی پرسیارێکیتردا کە ئایا چۆن بتوانرێت زمانی کوردی وەك زمانی فەرمی لەسەر ئاستی عێراقی فیدراڵی بکەینە زمانی یاسادانان و زمانی دادبینی؟ ئەو دادوەرە وتی؛ دادگای تێهەڵچوونەوەی سلێمانی بەو پێشینەیەی کە هەیەتی جێی دەستخۆشییە بە هۆکاری بەرێوەبردنی سەرجەم ڕێوشوێنەکان بە وتار و دادگاییکردن و بڕیارەکانەوە بە زمانی کوردی. درێژکردنەوەی ئەم ڕێبازە بۆ دادگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیش دەبێتە هۆی بەرەوپێشبردنی یەکدەنگی و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکان. بۆ بەدیهێنانی ئەمە، پێویستە دادگاکانی تێهەڵچوونەوە هاوکار بن بۆ دامەزراندنی سیاسەتێکی زمانەوانیی گشگیر بۆ هەرێمی کوردستان تا گشت دادگاکان ئەو زمانە گشگیریە پیادە بکەن لە تێکرای پرۆسەی دادوەری ، ئەویش بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قسەکردن و نووسراوەکاندا، و پێویستە زمانی عەرەبی تەنیا لە حاڵەتە دەگمەنەکان بەکاربهێنرێت، بەمەش دڵنیایی بەدی دێت لەوەی دادپەروەری بە زمانێک پێشکەش دەکرێت کە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و ناوچە جیاوازەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان لێی تێبگەن.

> **"زمانی کوردی پێگەی تایبەتی خۆی هەیە لە بواری دادوەری و لە هەردوو ڕوانگەی زارەکی و نوسین، زمانی کوردی لە ئێستادا خاوەنی هەموو ئەو وشانەیە کە لە داڕشتنی یاساکاندا بە زمانی عەرەبی دادەڕێژرێن "**

دادوەر کامەران ڕەسوڵ سەعید سەبارەت بە ئاڵنگارییە تەکنیکی و کلتوری و زمانەوانییەکان لە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بەڵگەنامە یاساییەکاندا وتی: بوونی زاراوە و شێوەزارە جیاوازەکانی زمانی کوردی، لەوانە بادینی، سۆرانی، هەورامی، لە کاتی داڕشتنی یاسا و بڕیارەکان بۆ بەکارهێنانی دادگا، ئاڵەنگاری دروست دەکات. کاتێک زاراوەی یاسایی بەکاردەهێنرێت، ڕەنگە هەندێک وشە یان دەستەواژە بۆ قسەکەرانی زاراوەی تر جگە لە سۆرانی نامۆ بن، کە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی ناڕوونی و هەڵە تێگەشتن. چارەسەرکردنی ئەم پرسە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە

بۆ دەستەبەرکردنی گشتگیری و ڕوونی لە تێگەشتنی زاراوەکاندا. بە پەرەپێدانی فەرهەنگێکی یاسایی ستاندارد کە زاراوە جۆراوجۆرەکان لەخۆبگرێت، دەتوانین تێگەیشتن و یەکدەنگی لە سەرانسەری ناوچە جیاوازەکاندا بەرەوپێش ببەین، و بەمەش ئاستی کاریگەری سیستەمی یاسایی بەرز دەکەینەوە.

لە وەڵامی ئەوەی ئایا بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بڕیارە یاساییەکاندا دەتوانێت لە پاراستنی ناسنامەی کوردی و بەهێزهێشتنەوەی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی یارمەتیدەر بێت، ئەو دادوەرە وتی؛ سود وەرگرتن لە زمانی کوردی لە دادگاکان و بڕیارە یاساییەکان دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە پاراستنی ناسنامەی کورد و بەهێزکردنی پێگەی فەرمی زمانەکە لە ڕێگەی پێشخستنی شانازی زمانەوانی و زیادکردنی دەستڕاگەیشتن و بەرزکردنەوەی ڕەوایی زمانەکە، لە کۆتاییدا یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەهێزتربوونی هەستکردن بە سەربەخۆیی کولتووری.

> **”بوونی زاراوە و شێوەزارە جیاوازەکانی زمانی کوردی، لەوانە بادینی، سۆرانی، هەورامی، لە کاتی داڕشتنی یاسا و بڕیارەکان بۆ بەکارهێنانی دادگا، ئاڵەنگاری دروست دەکات “**

چۆن دەتوانرێت زمانێکی یەکگرتووی کوردی بۆ نووسینەوەی یاساکان و بڕیارە دادوەرییەکان پەرەپێبدرێت، بەجۆرێك هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی تێیدا بەشداری پێبکرێت لە دۆزینەوەی چەمك و زاراوە یاساییەکاندا؟ دادوەر کامەران ڕەسوڵ سەعید وتی؛ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو چوار سەرۆکایەتییەی ئێستای دادگای تێهەڵچوونەوە لە هەولێر، سلێمانی، دهۆک، گەرمیان، لەگەڵ هەڵەبجە کە بڕیارە لە داهاتوودا بکرێتەوە، زۆر گرنگە لیژنەیەکی تایبەتی دادوەر لە هەریەکێک لەو پێنج سەرۆکایەتییە دابمەزرێت. ئەرکی سەرەکی ئەم لیژنەیە بریتی دەبێت لە یەکخستنی زاراوە یاساییەکان، کۆکردنەوەیان بۆ فەرهەنگێکی گشتگیر بە زمانی کوردی. بە ستانداردکردنی ئەم زاراوانە لە سەرانسەری هەموو ناوچەکاندا، بەمەش ئەو تاکانەی کە بە زاراوەی جیاواز قسە دەکەن دەتوانن تێگەیشتنی زیاتر مسۆگەر بکەن، ئەمەش ڕوونی و یەکدەنگی لە جێبەجێکردنی یاساکەدا بەرەوپێش دەبات.

لە کۆتاییدا و لە وەڵامی ئەوەی کە، بۆ ئەوەی زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی

یاسادانان و دادوەریی، پێداویستییە یاسایی و ئەکادیمییەکان کامانەن، و کاریگەری ئەم پرۆسەیە لەسەر پەیوەندی نێوان دەسەڵاتە یاساییەکان و کۆمەڵگەی کوردی چۆن دەبێت؟ سەعید وتی: جێبەجێکردنی ئەوەی کە زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی یاسادانان و دادوەری پێویستی بە چەندین هەنگاوی یاسایی و ئەکادیمی سەرەکی هەیە. لە رووی یاساییەوە، چەند هەنگاوێک پێویستن لە: شرۆڤەکردنی مادە دەستوورییەکان بۆ ناسینەوەی مافە زمانییەکانی زمانی کوردی، پەرەپێدانی دەستەواژە یاسایی بە کوردی، ڕاهێنانی کارمەندانی دادوەری بە زمانی یاسایی کوردی، و نوسینەوەی بڕیارە دادگاییەکان بە زمانی کوردی. پێداویستییە ئەکادیمییەکانیش بریتین لە: دارشتنی سیاسەتی زماننناسی یاسایی کوردی، پەرەپێدانی پرۆگرامی یاسای کوردی، و دروستکردنی فەرهەنگی یاسایی کوردی.

ئەمەش دەستڕاگەیشتن بە یاسا بۆ ئەوانەی بە کوردی قسە دەکەن باشتر دەکات، ناسنامەی کولتووری لە ناو سیستەمی دادوەریدا بەهێز دەکات، و بەشداری هاوڵاتیان لە بڕیارە یاساییەکاندا زیاتر دەکات. بەڵام ئاستەنگەکانی جێبەجێکردن لە ئێستادا بریتین لە: کەمیی سەرچاوەکان، لاوازی توانای کارمەندان، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە ئێمە پێویستیمان بە کاری دلسۆزیە، چونکە ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری ئاسان دەکات لە هەمان کاتدا خۆپاراستنی کولتووری کوردی لە ناو چوارچێوە یاساییە ئێستاکاندا بەهێز دەکات.

# توێژینەوە

د. موئمین زەڵمی:



# زمانی کوردی لە سیستەمی یاسایی عێراقدا: ئاڵنگاریی و دەرفەتەکان

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: هێڤار شێرزاد

※ ماستەر لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و دکتۆرا لە سیاسەت و پلاندانانی زمان.
※ سەرۆکی بەشی وەرگێڕانە لە زانکۆی جیهان-سلێمانی.
※ سەرنووسەری گۆڤاری زمانەوانی لە زانکۆی جیهان-سلێمانی.

## پێشەکی

دانپێدانانی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە عێراقدا، شانبەشانی زمانی عەرەبی، یەکێکە لە دەستکەوتە گرنگەکانی مافی زمانەوانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم پێگەیە کە بە دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ پشتڕاست کراوە، مەبەست لێی ئەوەیە کە کورد هەمان پێگەی یاسایی وەک زمانی عەرەبی لە هەموو بوارەکانی حکومەتدا بە دادگا و پەرلەمان و ئیدارەی گشتی ببەخشێت. لە مادەی چوارەمی دەستووردا بەڕوونی هاتووە: "زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی فەرمی عێراقن"، هەروەها "مافی عێراقییەکان بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەک تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی حکومیدا بە پێی ڕێنماییە پەروەردەییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دامەزراوە پەروەردەییە تایبەتەکاندا" مسۆگەر دەکات.

بەڵام سەرەڕای ئەم گەرەنتییە دەستوورییانە، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە سیستەمی یاسایی و دادوەریی عێراقدا هێشتا زۆر سنووردارە. ئەم بۆشاییە لە نێوان ئەوەی دەستوور بەڵێنی پێدەدات و ئەوەی بە کردەوە ڕوودەدات تەنها کێشەی زمان نییە، هاوکات نیگەرانی سەخت لەبارەی هاووڵاتیبوونی یەکسان، دەستڕاگەیشتن بە سیستەمی یاسایی دادپەروەرانە و مافی خۆبەڕێوەبردن، کە بڕیارە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە بەشێکی سەرەکی سیستەمی سیاسی عێراق بن، دەوروژێنێت.

ئەم بابەتە سەیری جیاوازی نێوان پێگەی دەستووری کوردی و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە ڕاستیدا لە دامەزراوە یاسایی و دادوەرییەکانی عێراقدا دەکات. باس لە پاشخانی مێژوویی ئەو سیاسەتانە دەکات کە زمانی کوردییان سنووردار کردووە، بەدواداچوون بۆ بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی تەواوەتی ئەمڕۆ دەکات، هەنگاوە ئەگەرییەکان بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی یاسایی گشتگیرتر پێشنیار دەکات، سیستەمێک کە ڕێز لە دەستوور بگرێت و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی هەمەچەشنی عێراق بێت.

**لە پەراوێزخستنەوە بۆ دانپێدانانی دەستووری**

زمانی کوردی لە عێراقدا مێژوویەکی دوورودرێژ و سەختی تێپەڕاندووە. بۆ دەیان ساڵ، زۆر سنووردار بوو، بەتایبەتی لە سەردەمی ڕژێمی بەعس (١٩٦٨-٢٠٠٣) کە سیاسەتی توندی بەعەرەبکردن و ناوەندگەرایی حکومەت پەیڕەو دەکرد. ئەم سیاسەتانە ئامانجیان کەمکردنەوەی دەرکەوتن و بەکارهێنانی ناسنامە و زمانە غەیرە عەرەبییەکان بوو بە زمانی کوردیشەوە. لە ناوچە دەوڵەمەندەکان بە نەوت، وەک کەرکوک، ئەم هەوڵانە بە تایبەتی شەڕانگێزی بوون. ناوی شوێنە کوردیەکان گۆڕدرا بۆ عەرەبی، خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغە کرا یان بە توندی سنووردار کرا، زۆرجاریش قسەکەرانی زمانی کوردی لە کار و خزمەتگوزارییە حکومییەکان ڕەتدەکرانەوە.

دوکتور ئەمیر حەسەن پوور، زانای بەڕێزی زمانی کوردی، نووسیویەتی "ڕژێمی بەعس سیاسەتی جینۆسایدی زمانەوانی لە دژی دانیشتوانی کورد پەیڕەو کرد، بە شێوەیەکی سیستماتیک بنەمای دامەزراوەیی بۆ گواستنەوە و پەرەپێدانی زمانی کوردی تێکدا"٤. ئەمەش بریتی بوو لە قەدەغەکردنی کتێب و ڕۆژنامەی کوردی و دوورخستنەوەی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی ناوچە کێبڕکێکارەکان و ناچارکردنی خێزانە کورد زمانەکان بۆ کۆچکردن لە ماڵەکانیان.

دوای شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١، دروستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی تا ڕادەیەک کۆنترۆڵ بداتە دەست دەسەڵاتدارانی کوردی بەسەر هەرێمەکەی

خۆیدا لە باکوری عێراق دا. ئەمەش ڕێگەی پێدا زمانی کوردی بەرەوپێش ببەن و بیپارێزن. لەناو حکومەتی هەرێمدا زمانی کوردی بوو بە زمانی فەرمی کە لە حکومەت و قوتابخانە و دادگا و پەیوەندییە گشتیەکاندا بەکاردەهێنرێت. بەڵام ئەم گۆڕانکارییە تەنها لە ناوچەی کوردیدا جێبەجێ بوو. لە ئاستی فیدراڵیدا، کورد زۆرتر لە دامودەزگا نیشتمانییەکان بەدەر مایەوە.

ڕووخانی سەدام حسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ و لەشکرکێشی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا دەرگای گۆڕانکارییە سیاسییە گەورەکانی لە عێراقدا کردەوە. سەرکردەکانی کورد لە نووسینی دەستووری نوێدا بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداریان کرد. دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بە فەرمی زمانی کوردی وەک یەکێک لە دوو زمانی نیشتمانی عێراق ناساند، شانبەشانی زمانی عەرەبی و مافی کوردی زمانەکانی لە سەرانسەری وڵاتدا پشتڕاستکردەوە. ئەم دانپێدانانە یاساییە پێشکەوتنێکی گەورە بوو بۆ گەلی کورد و یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکانی مێژووی مافی زمان لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**چوارچێوەی دەستووری**

دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق چەند بڕگەیەکی تێدایە کە بنەمای یاسایی بۆ مافەکانی زمانی کوردی پێکدەهێنن:

• مادەی چوارەم بڕگەی یەکەم: "زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی فەرمی عێراقن".

• مادەی چوارەم بڕگەی دووەم: "هەر هەرێمێک یان پارێزگارێک دەتوانێت هەر زمانێکی ناوخۆیی دیکە وەک زمانێکی فەرمی زیادە وەربگرێت ئەگەر زۆرینەی دانیشتووانەکەی لە گشتپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەر ئەوە بدەن".

• مادەی چوارەم بڕگەی چوارەم: "زمانی تورکمانی و زمانی سریانی دوو زمانی تری فەرمین لەو یەکە ئیدارییانەی کە چڕی دانیشتوانیان تێدا پێکدەهێنن".

• مادەی چوارەم بڕگەی پێنجەم: "هەر هەرێمێک یان پارێزگارێک دەتوانێت هەریەکێک لە دوو زمانە فەرمییەکە بەکاربهێنێت".

جگە لەوەش لە مادەی ١٢٥دا هاتووە: "ئەم دەستوورە مافە ئیداری و سیاسی و کولتووری و پەروەردەییەکانی نەتەوە جیاوازەکان وەک تورکمان و کلدان و ئاشووری و هەموو پێکهێنەرەکانی دیکە مسۆگەر دەکات و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت".

ئەم بڕگانە پێکەوە چوارچێوەیەکی یاسایی تاڕادەیەک بەهێز بۆ مافەکانی زمان لە

عێراقدا دابین دەکەن. زمانی کوردی هەمان پێگەی فەرمی بە زمانی عەرەبی پێدراوە و دەستوور بە پشت بەستن بە دیمۆگرافیای ناوخۆیی ڕێگە بە دانپێدانان و بەکارهێنانی زمانە کەمینەییەکانی دیکە دەدات. بەڵام جێبەجێکردنی ئەم گەرەنتیانە، بە تایبەت لەناو سیستەمی یاسایی و دادوەریدا، سەلمێندوویەتی کە قورسە. کەلێنی نێوان بەڵێنە دەستوورییەکان و جێبەجێکردنی ڕاستەقینە بەردەوامە بۆ سنووردارکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە زۆرێک لە دامودەزگاکانی فیدراڵیدا.

> ”زمانی کوردی لە عێراقدا مێژوویەکی دوورودرێژ و سەختی تێپەڕاندووە “

**کەلێنەکانی یاسادانان**

هەرچەندە دەستووری عێراق بە فەرمی زمانی کوردی وەک یەکێک لە دوو زمانی نیشتمانی وڵات دەناسێت، بەڵام هێشتا هیچ یاسایەکی ورد نییە کە ئەم پێگەیە بە تەواوی لە سیستەمی یاسایی و دادوەریدا جێبەجێ بکات. لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان زمانی کوردی کردووە بە زمانی سەرەکی کە لە دادگا و ڕێکارە یاساییەکان بەکاردێت. بەڵام لە دەرەوەی هەرێمی کوردی دا، دادگا فیدراڵییەکان بەردەوامن لە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی بە شێوەیەکی سەرەکی.

لە ساڵی ٢٠١٤ پەرلەمانی عێراق یاسای زمانە فەرمییەکانی پەسەند کرد، کە مەبەست لێی ڕێکخستنی چۆنیەتی جێبەجێکردنی مافی زمان، وەک لە دەستووردا هاتووە. بەڵام یاساکە ڕوون نەبوو، بەتایبەتی کاتێک باس لە ڕێکارەکانی دادگا و بەڵگەنامەی یاسایی دەکرا. زانای یاسایی دکتۆر سەعد ئەلبەیاتی ئاماژەی بەوەدا کە "یاساکە شکست دەهێنێت لە دابینکردنی میکانیزمی ڕوون بۆ جێبەجێکردنی مافەکانی زمانی کوردی لە دادگا فیدراڵیەکاندا، پرسیارە ڕێکارە چارەنووسسازەکان بێ وەڵام دەهێڵێتەوە"١.

هەندێک لەو پرسە سەرەکیانەی کە یاساکە ناتوانێت چارەسەری بکات بریتین لە:

- مافی پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی یاسایی بە زمانی کوردی بۆ دادگای فیدراڵی
- بوونی لێکدانەوەی کوردی – عەرەبی لە هۆڵەکانی دادگای فیدراڵی
- وەرگێڕانی پێشینە یاساییەکان و بڕیارە دادوەرییەکان بۆ سەر زمانی کوردی

• دانپێدانانی پەروەردەی یاسایی بە زمانی کوردی بۆ دانانی دادوەر و پیشەگەری یاسایی بەهۆی ئەو بۆشاییانە، بەڵێنی دەستووری مافی زمانی کوردی تاڕادەیەکی زۆر لە زۆر شوێنی سیستمی یاسایی عێراقدا بەجێنەهاتووە. لە پراکتیکدا زۆرجار ئەو مافانە سنووردار دەکرێن یان پشتگوێ دەخرێن، بەتایبەتی لە دامەزراوە فیدراڵیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم.

**سیناریۆ: دۆسیەی کاروان مەجید**

لە ساڵی ٢٠١٩ کاروان مەجید، هاوڵاتییەکی کوردی دانیشتووی شاری کەرکوک، لەگەڵ دراوسێیەکی عەرەب تووشی کێشەی موڵک و ماڵی بووە. کاتێک کاروان ویستی دۆسیەکەی بە زمانی کوردی لە دادگای مەدەنی ناوخۆیی تۆمار بکات، پێی گوترا کە هەموو پێشکەشکردنی یاسایی دەبێت بە زمانی عەرەبی بێت، هەرچەندە کەرکوک دانیشتووانی کوردی زۆری هەیە و زمانی کوردی بە پێی دەستووری عێراق وەک زمانێکی فەرمی ناسراوە. لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبی سنووردار بوو، کاروان ناچار بوو وەرگێڕێک بەکرێ بگرێت لەسەر حیسابی خۆی بۆ ئامادەکردنی بەڵگەنامە یاساییەکانی.

کاتێک دۆسیەکە گەیشتە هۆڵی دادگا، تەواوی پرۆسەکە بە زمانی عەرەبی بەڕێوەچوو. هەرچەندە دادگا لە کۆتاییدا وەرگێڕێکی دابین کرد، بەڵام زۆرجار وەرگێڕانەکان ناتەواو بوون و نەیانتوانی زاراوە و مانای یاسایی گرنگ بە تەواوەتی بگەیەنن. دواتر کاروان زانی کە بەشێک لە ئیفادەکانی بە هەڵە وەرگێڕدراون، ئەمەش ڕەنگە کاریگەری لەسەر بڕیارەکەی دادگا هەبووبێت. کاروان دوای ئەوە وتی: "هەستم دەکرد لە وڵاتی خۆمدا وەک بیانییەکم". "دەستوور دەڵێت زمانی کوردی زمانێکی فەرمییە، بەڵام لە واقیعدا نەمتوانی زمانی دایکی خۆم بەکاربهێنم بۆ گەڕان بەدوای دادپەروەریدا."

ئەم کەیسە تیشک دەخاتە سەر ئەو ئاڵنگارییە پراکتیکیانەی کە کورد زمانەکان لە کاتی هەوڵدان بۆ دەستگەیشتن بە سیستەمی یاسایی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، تەنانەت لەو شوێنانەی کە کورد بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی پێکدەهێنێت. نەبوونی ڕێوشوێنی ڕوون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی زمانی کوردی، دەبێتە هۆی پراکتیزەکردنی ناتەبایی لە دادگایەکەوە بۆ دادگایەکی دیکە، زۆرجار بەندە بە حوکمی تاکە دادوەرەکان یان کارمەندانی دادگا.

**بەربەستە دامەزراوەییەکان**

جگە لە نەبوونی یاسایەکی ورد، بەربەستی دامەزراوەیی جددی هەیە کە ڕێگری لە

بەکارهێنانی زمانی کوردی لە سیستەمی یاسایی عێراقدا دەکات:

**١. کەمی کەسانی پسپۆڕی یاسایی دووزمانە**

کەمیی گەورە لە کەسانی پسپۆڕی یاسایی کە شارەزای هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، بەتایبەتی لە دامەزراوە فیدراڵیەکاندا هەیە. لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، خوێندنی یاسایی نزیکەی تەواو بە زمانی عەرەبی و فێرخوازان ڕاهێنانێکی کەم یان هیچ ڕاهێنانێکیان لەسەر وشەسازی یاسایی کوردی وەرناگرن. لە ئەنجامدا تەنانەت پارێزەران و دادوەران و بەرپرسانی دادگاش زۆرجار زانیاری فەرمییان لەسەر زاراوە یاساییەکان لە زمانی کوردیدا نییە.

پرۆفیسۆر ڕێبوار کەریم، زانای یاسایی لە زانکۆی سلێمانی، ڕوونی دەکاتەوە: "نەبوونی زاراوەی یاسایی ستانداردکراوی کوردی لە سەرانسەری زاراوە جیاوازەکاندا، دۆخەکە زیاتر ئاڵۆزتر دەکات، ناتەبایی لە لێکدانەوە و جێبەجێکردنی یاساییدا دروست دەکات"٩.

**٢. نەبوونی سەرچاوەی وەرگێڕان**

دادگا فیدراڵیەکان پشتیوانی وەرگێڕانی پێویستیان نییە بۆ بەڵگەنامەی یاسایی کوردی یان لێکدانەوەی هۆڵی دادگا. وەرگێڕی یاسایی ڕاهێنراو زۆر کەمن، ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتن و زیادبوونی تێچووی یاسایی و زۆرجار لێکتێگەیشتن لە دۆسیەکانی دادگا کە کورد زمانەکانی تێدا بەشدارن.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠٢٢ی (کۆمەڵەی هاوکاری یاسایی عێراق)، تەنها ٨٪ی دادگا فیدراڵیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان وەرگێڕی تەواوکاتی کوردی-عەرەبییان لە ستافدا هەبووە- سەرەڕای مەرجی دەستووری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هەردوو زمانی فەرمی٧.

**٣. سیستەمی بنکەدراوەی یاسایی ناوەندی**

بنکەدراوە یاساییەکانی عێراق،کە بڕیارەکانی دادگا، لێکدانەوەی یاسایی و یاساکانی تێدایە، نزیکەی هەمووی بە زمانی عەرەبییە. سنووردار‌بوونی ئەم سەرچاوانە بە زمانی کوردی بۆشایی لە دەستڕاگەیشتن بە زانیاری دروست دەکات. ئەمەش پارێزەران و هاووڵاتیانی کورد زمان دەخاتە دۆخێکی خراپەوە لە کاتی هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە یاسا یان ئامادەکاری بۆ ڕێوشوێنی یاسایی.

**نایەکسانی ناوچەیی**

جێبەجێکردنی مافەکانی زمانی کوردی لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا جیاوازییەکی زۆری هەیە:

**هەرێمی کوردستان**

لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان زمانی کوردی سەرەکییە کە لە حکومەت و پەروەردە و دەسەڵاتی دادوەریدا بەکاردێت. دادگاکان بە زمانی کوردی ڕێوشوێنەکان بەڕێوەدەبەن و خزمەتگوزاری وەرگێڕان بۆ عەرەب زمانەکان بەردەستە. ئەمەش دڵنیای دەدات لەوەی کە کورد زمانەکان دەتوانن بە زمانی زگماکی خۆیان لە ناو هەرێمدا دەستیان بە دادپەروەری بگات. بەڵام کاتێک مامەڵە لەگەڵ دادگا فیدراڵیەکان یان دامەزراوەکانی دەرەوەی هەرێم دەکەن، زۆرجار ڕووبەڕووی بەربەستی زمانی جددی دەبنەوە.

**”ڕژێمی بەعس سیاسەتی جینۆسایدی زمانەوانی لە دژی دانیشتوانی کورد پەیڕەو کرد “**

**خاکە ناکۆکەکان**

لە ناوچە جێناکۆکەکانی وەک کەرکوک کە هەردوو پێکهاتەی کورد و عەرەبی بە ژمارەیەکی زۆر ئامادەن، دۆخەکە زۆر کەمتر یەکدەگرێتەوە. هەرچەندە دەستوور زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی دەناسێت، بەڵام هێشتا زۆرێک لە دادگا ناوخۆییەکان تەنیا بە زمانی عەرەبی کاردەکەن و پشتگیرییەکی کەم یان هیچ پشتگیرییەک پێشکەش بە کورد زمانەکان ناکەن.

**دامەزراوە فیدراڵیەکان**

لە دامودەزگا و دادگا فیدراڵییەکان کە بنکەکانیان لە بەغدایە، زۆرجار دانپێدانانی کورد لاوازترینە. زمانی کوردی زمان بە شێوەیەکی ئاسایی پشتیوانی زمانێکی کەم وەردەگرن، هەرچەندە زمانی کوردی بەپێی دەستوور زمانێکی فەرمییە. ئەم نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونە، وادەکات هاووڵاتیانی کورد لە ئاستی نیشتمانیدا دەستیان بە خزمەتگوزارییە یاساییەکان بگات.

### کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتی

بەکارهێنانی سنوورداری زمانی کوردی لە سیستەمی یاسایی عێراقدا کاریگەریی دەروونی و کۆمەڵایەتی جددی هەیە لە دەرەوەی تەحەددیاتی دەستبەجێی پەیوەندییەکان:

### نەبوونی متمانە بە دامەزراوەکان

کاتێک کورد زمانەکان ناتوانن زمانەکەیان لە چوارچێوەی یاساییدا بەکاربهێنن، ئەوە متمانەیان بە دامەزراوە یاساییەکان و بە گشتی دەوڵەت لاواز دەکات. ئەم نەبوونی متمانەیە کاریگەری لەسەر هەوڵەکان هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات و پێشخستنی یەکێتی نەتەوەیی دوای چەندین ساڵ لە ململانێ.

لێکۆڵینەوەکانی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی دەریدەخەن کە بەربەستی زمان لە ڕێوشوێنە یاساییەکاندا لە نیگەرانییە سەرەکییەکانی پێکهاتە کوردییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە. ئەم بەربەستانە هەستی دوورخستنەوە بەهێزتر دەکەن، هەرچەندە دەستوور بە فەرمی زمانی کوردی وەک زمانێکی یەکسان دەناسێت٥.

### کاریگەری لەسەر ناسنامە و هەستی سەربەخۆیی

زمان لە نزیکەوە بەستراوەتەوە بە ناسنامە و ڕێزگرتنی مرۆڤەوە. کاتێک مرۆڤەکان ناتوانن لە دادگادا بە زمانی خۆیان قسە بکەن، لەوانەیە وا هەست بکرێت کە کولتوور و پێگەی خۆیان پشتگوێ دەخرێن یان ئینکاری دەکرێن.

وەک دکتۆر جافر شێهولئیسلامی زمانەوانی کۆمەڵایەتی ڕوونی دەکاتەوە، "کاتێک دەوڵەتێک بە فەرمی زمانێک دەناسێت بەڵام ڕێگە بە بەکارهێنانی نادات لە بوارە گرنگەکانی وەک سیستەمی یاساییدا، ئاماژەیەکی ڕوون دەنێرێت سەبارەت بەوەی کێ بەڕاستی وەک بەشێک لە میللەت وەرگیراوە"١٣.

### بەراوردکارییە نێودەوڵەتییەکان: سیستەمی یاسایی فرە زمانی

بۆ باشتر تێگەیشتن لە ئاڵنگارییەکانی عێراق و گەڕان بەدوای چارەسەرە ئەگەرییەکان، سەیرکردنی وڵاتانی دیکە کە چۆن بە سەرکەوتوویی سیستەمی یاسایی فرە زمانەیان جێبەجێ کردووە یارمەتیدەرە. ئەم نموونانە وانەی پراکتیکی پێشکەش دەکەن سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنی مافەکانی زمان لە هۆڵی دادگا ڕاستەقینەکاندا.

### کەنەدا: مۆدێلێک لە دووزمانەو انیی فەرمی لە شوێنە یاساییەکان

کەنەدا یەکێک لە دامەزراوترین و کاریگەرترین سیستەمی یاسایی دوو زمانە لە جیهاندا دابین دەکات، کە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی لەخۆدەگرێت. یاسای زمانە فەرمییەکانی ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ چاکسازییەکانی دواتر، چوارچێوەیەکی یاسایی بەهێزی دروستکردووە کە دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری بە هەردوو زمانەکە گەرەنتی دەکات.

"هەر هەرێمێک یان پارێزگایەک دەتوانێت هەر زمانێکی ناوخۆیی دیکە وەک زمانێکی فەرمی زیادە وەربگرێت ئەگەر زۆرینەی دانیشتووانەکەی لە گشتپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەر ئەوە بدەن"

**تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سیستەمی کەنەدی بریتین لە:**

• **دوو زمانەیی دادوەری:** لە دادگا فیدراڵیەکان و هەندێک لە دادگاکانی پارێزگاکان، تاکەکان مافی ئەوەیان هەیە لەلایەن دادوەرێکەوە گوێیان لێبگیرێت کە بە زمانی فەرمی هەڵبژێردراوی خۆیان قسە بکات، بەبێ ئەوەی پێویستیان بە وەرگێڕ هەبێت.

• **بەڵگەنامەسازی یەکسان:** هەموو یاسا و ڕێسا و بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بڵاودەکرێنەوە و هەردوو وەشانیش دەسەڵاتی یاسایی یەکسانیان هەیە.

• **خزمەتگوزاری وەرگێڕ:** دەبێت وەرگێڕ بۆ تۆمەتباران، شایەتحاڵەکان، یان کەسانی دیکە دابین بکرێت کە پێویستیان بە قسەکردنە بە زمانی فەرمی دڵخوازی خۆیان.

• **پەروەردەی یاسایی:** ڕاهێنانی یاسایی بە هەردوو زمانەکە پێشکەش دەکرێت، لەوانە ئەو بەرنامانەی کە گرنگی بە زاراوەی یاسایی و پراکتیکی یاسایی دوو زمانە دەدەن.

پرۆفیسۆر لیندا کاردیناڵ، پسپۆڕی سیاسەتی زمان لە زانکۆی ئۆتاوا ڕوونی دەکاتەوە:

"سەرکەوتنی کەنەدا تەنها لە ڕاگەیاندنی دوو زمانەوانییەوە سەرچاوە ناگرێت، لە وەبەرهێنانی بەردەوام لە دامەزراوە و سیستەمەکاندا سەرچاوە دەگرێت کە ئەو مافانە دەکاتە ڕاستەقینە و بەکارهێنەر"٣.

ئەم تێڕوانینـە بە تایبەتی پەیوەندی بە عێراقـەوە هەیە، کە بەڵێنی دەسـتووری بۆ مافەکانی زمانی کوردی هەیە، بەڵام ئەو دامەزراوانەی کە پێویستن بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافانە زۆرجار نەماوە یان گەشەیان نەکردووە.

**ئیسپانیا: فیدراڵیزمی ناهاوسەنگ و زمانە هاوبەشە فەرمییەکان**

ئیسپانیا نموونەیەکی بەنرخی دیکە لە ڕێگەی مۆدێلی فیدراڵیزمی ناهاوسەنگەوە دەخاتە ڕوو، کە کۆمەڵگە سەربەخۆ جیاوازەکان چێژ لە پلەی جیاوازی خۆبەڕێوەبەری وەردەگرن- بە تایبەت لە بواری سیاسەتی زماندا. لە ناوچەکانی وەک کەتەلۆنیا، وڵاتی باسک و گالیسیا، زمانە ناوخۆییەکان شانبەشانی ئیسپانی کاستیلیان پێگەی هاوبەشی فەرمییان پێدەدرێت.

**تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سیستەمی ئیسپانیا بریتین لە:**

• سەربەخۆیی ناوچەیی: هەر کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ دەسەڵاتی دامەزراندنی سیاسەتی زمانی خۆی هەیە، بە مەرجێک لەگەڵ چوارچێوەی یاسایی فراوانتری ئیسپانیادا یەکدەگرێتەوە.

• دامەزراندنی دادوەری: لەو ناوچانەی کە زمانی هاوبەشی فەرمییان هەیە، زۆرجار دادگاکان داوا لە دادوەران و بەرپرسانی دادگا دەکەن کە شارەزا بن لە هەردوو زمانی ئیسپانی و ناوچەیی، یان لانیکەم ئیمتیاز بە کاندیدەکانی دوو زمانە بدەن.

• ڕژێمەکانی زمانی خاکی: مافە زمانەوانییەکان بە شێوەیەکی جیاواز لە سەرانسەری ناوچەکاندا جێبەجێ دەکرێن، ڕێگە بە نەرمی دەدات لەسەر بنەمای دیمۆگرافیای ناوخۆیی لە هەمان کاتدا یەکگرتوویی یاسایی لەسەر ئاستی نیشتمانی دەپارێزرێت.

مۆدێلی ئیسپانیا ئەوە نیشان دەدات کە چۆن دەوڵەتێکی یەکگرتوو دەتوانێت لە ڕێگەی ڕێبازە تایبەتەکانی هەرێمەوە هەمەجۆریی زمانەوانی لەخۆبگرێت. ئەم فۆرمەی جێبەجێکردنی ناهاوسەنگ ڕەنگە ڕێنمایی بەسوود بۆ عێراق پێشکەش بکات- بەتایبەتی لە بەڕێوەبردنی مافەکانی زمان لە ناوچە ناکۆکەکاندا کە پێکهاتە نەتەوەیی و زمانەوانییەکان سەریەک دەخەن.

**سویسرا: فیدراڵیزمی فرە زمانی لە پراکتیکدا**

سویسرا وەک نموونەیەکی پێشەنگی دەوڵەتێکی فیدراڵی فرە زمانە کە بە سەرکەوتوویی چوار زمانی نیشتمانی بەڕێوەدەبات: ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیتاڵی و ڕۆمانیش.

سیستەمەکەی ئەوە نیشان دەدات کە پێکهاتە یاساییە بەهێزەکان و ڕێزگرتنی کولتووری چەندە دەتوانن پشتگیری لە گشتگیری زمانەوانی لە ناو دامەزراوە فیدراڵیەکاندا بکەن.

**پێکهاتە سەرەکییەکانی سیستەمی سویسرا بریتین لە:**

• **بنەمای خاکی:** مافەکانی زمان بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای ناوچەی جوگرافی دامەزراون، هەر کانتۆنێک زمانە فەرمییەکانی بەپێی پێویستی دانیشتوانی ناوچەکە دیاری دەکات.

• **ژێرخانی وەرگێڕانی گشتگیر:** هەموو یاسا فیدراڵیەکان، بەڵگەنامە یاساییەکان و پەیوەندییە فەرمییەکان بە چەندین زمان بڵاودەکرێنەوە، کە لەلایەن خزمەتگوزارییەکانی وەرگێڕانی سەرچاوەیەکی باشەوە پشتگیری دەکرێن.

• **نوێنەرایەتی گشتگیر:** حکومەتی فیدراڵی چالاکانە نوێنەرایەتی ڕێژەیی کۆمەڵگە زمانەکان لە دامەزراوە گشتییەکان، لەوانەش دەسەڵاتی دادوەریدا بەرەوپێش دەبات، دڵنیای دەدات لەوەی هیچ گروپێک لە دوای خۆیان نەمێنێت.

> ”حکومەتی هەرێمی کوردستان زمانی کوردی کردووە بە زمانی سەرەکی کە لە دادگا و ڕێکارە یاساییەکان بەکاردێت“

ئەزموونی سویسرا جەخت لەسەر گرنگی تێکەڵکردنی ڕوونی یاسایی لەگەڵ میکانیزمە بەهێزەکانی وەرگێڕان و گشتگیری دامەزراوەیی دەکاتەوە. ئەم ستراتیژیانە دڵنیای دەدەن لەوەی کە مافەکانی زمان هەم ڕێزیان لێدەگیرێت و هەم لە ڕووی کارایییەوە جێبەجێ دەکرێن- بنەماکان کە دەتوانن ڕێبازی عێراق بۆ بەڕێوەبردنی هەمەجۆریی زمانەوانی لە سەرانسەری سیستەمی فیدراڵی و ناوچەییدا ئاگادار بکەنەوە.

**بوارە گرینگەکان کە پێویستیان بە جێبەجێکردن هەیە**

لە کاتێکدا جێبەجێکردنی تەواوی مافەکانی زمانی کوردی لە سەرانسەری هەموو کەرتە یاساییەکاندا ئامانجی کۆتاییە، هەندێک بوار بە هۆی کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر مافە بنەڕەتییەکان و دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری پێویستیان بە گرنگیدانی بەپەلە هەیە.

**ڕێوشوێنی تاوانکاری**

دۆسیە تاوانکارییەکان زۆرترین کاریگەرییان لەسەر مافەکانی تاک هەیە. تۆمەتباران دەبێ بتوانن لە تۆمەت و بەڵگە و ڕێکارە یاساییەکان بە زمانی خۆیان تێبگەن بۆ ئەوەی دادگاییکردنی دادپەروەرانە مسۆگەر بکەن. بۆ کوردزمانان، نەبوونی پشتیوانی زمانی گونجاو لە دادگا فیدراڵییەکاندا، پرۆسەی یاسایی تێکدەدات و مەترسی پەیوەندیی هەڵە، بڕیاری نادادپەروەرانە، یان سزای ناڕەوا زیاتر دەکات. یەکەمایەتیدان بە دەستڕاگەیشتن بە زمانی کوردی لە ڕێوشوێنە تاوانکارییەکاندا بۆ پاراستنی مافە یاساییە سەرەتاییەکان زۆر گرنگە.

**سیناریۆ: دۆسیەی شیلان ئەحمەد**

ساڵی ٢٠٢١ شیلان ئەحمەد، ژنێکی کوردی خەڵکی سلێمانی، بە تۆمەتی ساختەکاری لە بەغدا دەستبەسەر کرا. لە کاتی دەستبەسەرکردن و لێپرسینەوەی سەرەتاییدا، هەموو پەیوەندییەکان تەنیا بە زمانی عەرەبی ئەنجام دەدرا، سەرەڕای ئەوەی چەندین جار داوای لێکدانەوەی کوردی دەکرد. نە ڕاپۆرتی پۆلیس و نە تۆمەتە فەرمییەکان وەرنەگێڕدران- هەردووکیان تەنیا بە زمانی عەرەبی پێشکەش کرابوون، زمانێک کە شیلان نەیدەتوانی بە تێگەیشتنێکی تەواو بیخوێنێتەوە.

کاتێک دۆسیەکە ڕۆیشت بۆ دادگا، لە کۆتاییدا وەرگێڕێک دامەزرا. بەڵام وەرگێڕەکە ڕاهێنانی یاسایی نەبوو و ئاشنا نەبوو بە چەمکە یاساییە تەکنیکییەکان. لە ئەنجامدا زاراوە سەرەکییەکانی وەک مەبەست، چەواشەکاری ساختە و زانیاری تاوانبار بە شێوەیەکی ناتەبایی یان نادروست لە زمانی کوردیدا وەرگێڕدرانــەوە. ئەو پارێزەرە بەرگرییەی کە دادگا دەستنیشانی کردبوو، کە تەنیا زمانی عەرەبی قسەی دەکرد، نەیتوانی پەیوەندییەکی کاریگەر لەگەڵ شیلان بکات، ئەمەش وایکرد کە نەیتوانی بە تەواوی تێبگات یان بەشداری لە بەرگریکردنەکەیدا بکات.

دواتر شیلان گێڕایەوە: "نەمتوانی بە باشی بەرگری لە خۆم بکەم، چونکە نەمتوانی بە تەواوی تێبگەم کە تۆمەتبارم بە چی دەکرێت". "تا ئەو کاتەی وەرگێڕانێکی دروست بەردەست بوو، وادە گرنگەکان بۆ کێبڕکێ لەسەر بەڵگەکان تێپەڕیبوو."

ئەم کەیسە تیشک دەخاتە سەر دەرئەنجامە توندەکانی بەربەستی زمان لە ڕێوشوێنە تاوانکارییەکاندا، کە تێگەیشتنێکی ورد بۆ بەکارهێنانی مافە یاساییەکانی مرۆڤ زۆر پێویستە. ئەو دۆخە ڕاستەوخۆ پێچەوانەی مادەی ١٤ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکانە، کە عێراق واژۆی لەسەرە. مادەکە گەرەنتی مافی

کەسێکی تۆمەتبار دەکات کە بەپەلە لە تۆمەتەکانی ئاراستەی بکرێت بە زمانێک کە لێی تێدەگات، هەروەها لە کاتی پێویستدا هاوکاری بێبەرامبەر لە وەرگێڕێکی شارەزا وەربگرێت.

ڕێوشوێنی تاوانکاری بەهۆی چەندین هۆکاری سەرەکییەوە تەحەدای بەرزتر بۆ دەستڕاگەیشتن بە زمانەوانی دروست دەکات:

• **زاراوەی یاسایی ئاڵۆز:** زمانی یاسایی زۆرجار زاراوەی زۆر تایبەت و تەکنیکی لەخۆدەگرێت کە پێویستی بە وەرگێڕانی پسپۆڕانە هەیە.

• **هەستیاری کات:** دۆسیە تاوانکارییەکان وادەی توندی ڕێکارەکان دەگرێتەوە، لەوانە ئەوانەی پەیوەندییان بە پێشکەشکردنی بەڵگە، داواکاری کەفالەت و دانوستانەکانی دانیشتنی دادگا هەیە.

• **گرەوێکی بەرز:** تێنەگەیشتن بەهۆی لێکدانەوەی ناتەواو دەتوانێت ببێتە هۆی دەستبەسەرکردن یان سزادانی هەڵە، کە لە ئەنجامدا زیانێکی گەڕانەوە بۆ تۆمەتبار دەگەیەنێت.

دۆسیەی شیلان نموونەی ئەوە دەخاتە ڕوو کە چۆن نەدانی لێکدانەوەی ورد و ورد دەتوانێت سازش لەسەر مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە بکات- بەردی بناغەی هەر سیستەمێکی یاسایی دادپەروەرانە.

## یاسای خێزان

کەیسەکانی یاسای خێزان، وەک جیابوونەوە، سەرپەرشتیکردنی منداڵ و میرات، دەتوانن بە قووڵی کاریگەری لەسەر تاک و خێزانەکان هەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر. ئەم حاڵەتانە زۆرجار لێدوانی سۆزداری و وردەکارییە کولتوورییەکان لەخۆدەگرن کە ڕەنگە لە کاتی وەرگێڕاندا بە تەواوی تێنەگەیشتن.

لە پێکهاتە کوردییەکاندا، ناکۆکییە خێزانییەکان زۆرجار ئاماژەیەکی ورد بە نەریتە کولتوورییەکان و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە کە ڕەنگە لە زمانی عەرەبیدا هاوتایەکی ڕوونیان نەبێت. ئەگەر دادگاکان پشتیوانییەکی دروست بۆ زمانی کوردی نەکەن، لەوانەیە چاوپۆشی لە زانیارییە گرنگەکان بکەن کە پێویستن بۆ بڕیاردانی دادپەروەرانە لەم دۆسیە هەستیارانەدا.

دکتۆر نازند بەگیخانی، توێژەر لە بواری جێندەر و یاسا لە زانکۆی بریستۆڵ، ڕوونی

دەکاتەوە کە "ئافرەتان ڕووبەڕووی ئاستەنگیی گەورەتر دەبنەوە بەهۆی بەربەستی زمان لە دادگای خێزانی. ئەمە بە تایبەتی لە کۆمەڵگاکانی دوای ململانێدا ڕاستە، کە لە ڕووی ئامارییەوە ئەگەری ئەوە زیاترە کە ژنان خوێندنیان سنووردارە و چانسی فێربوونی زمانی فەرمی کەمترە"٢.

## ناکۆکی موڵک و زەوی

لەو کۆمەڵگایانەی کە لە ململانێکان چاک دەبنەوە، ناکۆکی لەسەر موڵک و زەوی گرنگتر دەبێت، بە تایبەت لەو ناوچانەی کە خەڵک ناچار بوون ماڵەکانیان بەجێبهێڵن یان گۆڕانکاری لە دانیشتووان بە ئەنقەست ئەنجامدرا. لە ناوچەکانی وەک کەرکوک کە پێشتر بەعەرەب کرابوون، بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی کورد بەڵگەنامەی موڵک و ماڵییان هەیە کە بە کوردی نووسراون، یان پێش سەردەمی تەعریبکردن یان دوای ساڵی ٢٠٠٣.

کاتێک خەڵک نەتوانن ئەم بەڵگەنامە کوردییانە لە دادگا پێشکەش بکەن یان پشتڕاستی بکەنەوە، بەربەستی جددی لە بەردەم وەرگرتنەوەی موڵک و ماڵی یان یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی دروست دەکات. ئەم کێشەیە زیاتر کاریگەری لەسەر پێکهاتە کوردییەکان هەبووە کە هەوڵی وەرگرتنەوەی ماڵ و زەوی دەدەن دوای گەڕانەوەیان بۆ ئەو ناوچانەی کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا ناچار بوون جێیان بهێڵن.

## ڕێگاکانی جێبەجێکردن

بە پشتبەستن بە باشترین پراکتیزە نێودەوڵەتییەکان و دۆخی تایبەتی عێراق، چەند هەنگاوێکی ستراتیژی دەتوانن یارمەتیدەر بن لە باشترکردنی بەکارهێنانی مافەکانی زمانی کوردی لەناو سیستەمی یاساییدا:

### ١. چوارچێوەی یاسایی گشتگیر

عێراق پێویستی بە یاسای ورد هەیە کە لە پرەنسیپە گشتییەکان تێپەڕێت و ڕێکاری تایبەت دیاری بکات. ئەم یاسایانە پێویستە ئەمانە بگرێتەوە:

- **ڕێکارەکانی دادگا:** ڕێسای ڕوون بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامە و لێدوان بە زمانی کوردی، دابینکردنی وەرگێڕ، و ئەنجامدانی دانیشتن بە هەردوو زمان.

- **ڕەسەنایەتی بەڵگەنامە:** ڕێگاکانی پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەنامەی یاسایی کوردی بەبێ ئەوەی پێویست بکات وەرگێڕانیان هەبێت.

• پێوەرەکانی دامەزراندن: شارەزایی زمان پێویستە بۆ پۆستە دادوەرییەکان لەو ناوچانەی کە دوو زمان بەکاردێت.

• **تەرخانکردنی سەرچاوە:** بودجەی تایبەت بۆ خزمەتگوزاری وەرگێڕان، کەرەستەی یاسایی کوردی، و ڕاهێنانی زمان.

دکتۆر شێرکۆ کرمانج توێژەر لە بواری حوکمڕانی عێراق ڕوونی دەکاتەوە کە "بەبێ یاسای ورد کە جێبەجێکردن و لێپرسینەوە لەخۆ بگرێت، مافی زمانی دەستووری وەک ئامانج دەمێنێتەوە لەبری ئەوەی ببنە پراکتیزەکردنی کارا"١٠.

**٢. بنیاتنانی توانای دامەزراوەیی**

وەبەرهێنانی بەهێز لە بنیاتنانی توانای دامەزراوەیی پێویستە بۆ ئەوەی مافی زمان بە کردەیی بێت نەک تەنها تیۆری:

چاکسازی لە پەروەردەی یاسایی

قوتابخانەکانی یاسا لە سەرانسەری عێراق پێویستە زاراوەی یاسایی کوردی و ڕاهێنانی دوو زمانە لە بەرنامەکانیاندا بخەنە ڕوو. ئەمەش دەتوانێت بریتی بێت لە:

• خولی پێویست لەسەر زاراوەی یاسایی کوردی بۆ خوێندکارانی یاسا لە زانکۆ فیدراڵییەکان

• سکۆلەرشیپ بۆ پشتگیریکردن لە خوێندنی یاسایی دوو زمانە

• دروستکردنی فەرهەنگی یاسایی و ڕێنمایی زاراوەی کوردی ستانداردکراو

**ڕاهێنانی دادوەری**

دادوەرەکانی ئێستا و کارمەندانی دادگا پێویستیان بە ڕاهێنان و سەرچاوە هەیە بۆ ئەوەی مافەکانی زمان بە شێوەیەکی دروست بەکاربهێنن:

• بەرنامەی پەروەردەیی بەردەوام سەبارەت بە مافی زمان و چۆنیەتی کارکردن لەگەڵ وەرگێڕان

• ڕاهێنان لەسەر هاوکاری کاریگەر لەگەڵ وەرگێڕان

• ڕاهێنانی هۆشیاری کولتووری بۆ ئەو دادوەرانەی کە لە ناوچەکانی فرە زمان کاردەکەن

**ژێرخانی وەرگێڕان**

سیستەمێکی بەهێزی وەرگێڕان زۆر گرنگە بۆ پشتگیریکردن لە ڕێوشوێنە یاساییەکان

بە دوو زمان:

• دانانی بەشی وەرگێڕانی یاسایی تایبەتمەند لە چوارچێوەی وەزارەتی داد
• پەرەپێدانی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان بۆ یارمەتیدان لە وەرگێڕانی بەڵگەنامە یاساییەکان
• دامەزراندنی بڕوانامەی فەرمی بۆ وەرگێڕانی یاسایی و دڵنیابوون لە مووچەی دادپەروەرانە

### ٣. ستراتیژی جێبەجێکردنی ناهاوسەنگ

بەهۆی دۆخی ئاڵۆزی ناوچەیی عێراق، بەکارهێنانی ڕێبازێکی نەرم و نایەکسان دەتوانێت ڕێگەیەکی پراکتیکی بێت بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوە:

• ئەولەویەتدان بە هەرێم: سەرەتا بە چڕکردنەوەی هەوڵەکان لەسەر ئەو ناوچانەی کە دانیشتووانی کوردیان زۆرە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان.
• ڕێبازی قۆناغبەندی: لە بوارە گرنگەکانی وەک دۆسیەی تاوانکارییەوە دەست پێ بکە، پاشان وردە وردە دۆسیە مەدەنییەکان بگرێتەوە.
• بەرنامە تاقیکارییەکان: دروستکردنی دادگای دوو زمانەی تاقیکاری لە ناوچەکانی زمانی جۆراوجۆر بۆ پەرەپێدانی شێوازی کاریگەر.

### ٤. یەکخستنی تەکنەلۆژیا

تەکنەلۆژیا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە چارەسەرکردنی هەندێک لە ئاستەنگەکانی جێبەجێکردنی مافەکانی زمان:

• ئامرازەکانی وەرگێڕانی دیجیتاڵی: دروستکردنی نەرمەکاڵای تایبەتمەند بۆ وەرگێڕانی زاراوە یاساییەکان لە نێوان کوردی و عەرەبیدا.

• خزمەتگوزاری وەرگێڕ لە دوورەوە: خزمەتگوزاری وەرگێڕ لەسەر بنەمای ڤیدیۆ بەکاربهێنە بۆ چارەسەرکردنی کەمی وەرگێڕ لە هەندێک بواردا.

• سیستەمی بەڕێوەبردنی دۆسیەی دوو زمانە: پەرەپێدانی سیستەمی بەڕێوەبردنی دۆسیەی دادگا کە پشتگیری لە هەردوو بەڵگەنامەی کوردی و عەرەبی بکات.

دەستپێشخەریی تەکنیکی عێراقی بۆ دادپەروەری لە ڕێگەی پڕۆژەی تاقیکارییەوە لە هەولێر و کەرکوک کاریگەری ئەو شێوازانەی نیشانداوە، کە ئامرازەکانی وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکی کاتی پێویست بۆ وەرگێڕانی بەڵگەنامەکان بە ڕێژەی نزیکەی ٦٠٪

کەمکردووەتەوە٨.

**کۆمەڵگەی مەدەنی و پاڵپشتی نێودەوڵەتی**

گروپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن ڕۆڵی گرنگ بگێڕن لە پشتیوانیکردن لە جێبەجێکردنی مافەکانی زمان:

**ڕێکخراوەکانی یارمەتی یاسایی**

گروپە فریاگوزارییە یاساییەکان کە کوردی زمانن، یارمەتییەکی جەوهەری پێشکەش بەو کەسانە دەکەن کە لە سیستەمی یاساییدا دەڕۆن. زیادکردنی بودجە و ڕاهێنان بۆ ئەم گروپانە دەتوانێت دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری زۆر باشتر بکات لە کاتێکدا چاکسازییە دامەزراوەییەکان لە ئارادایە.

بۆ نموونە تۆڕی یارمەتی یاسایی کوردی شێوازی نوێی دروست کردووە، وەک کلینیکە یاساییە گەڕۆکەکان کە وەرگێڕان و ڕاوێژکاری یاسایی لە شوێنی خۆیان پێشکەش دەکەن لەو کۆمەڵگایانەی کە خزمەتگوزاری سنوورداریان هەیە١١.

هاوکاری تەکنیکی نێودەوڵەتی

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە ئەزموونی سیستەمی یاسایی فرە زمانیان هەیە دەتوانن پشتگیری تەکنیکی بەسوود پێشکەش بکەن:

- بەرنامەی ڕاهێنان بۆ پیشەییەکانی یاسایی لەسەر بنەمای باشترین پراکتیزە جیهانییەکان
- ئامۆژگاری بۆ داڕشتنی یاسا و داڕشتنی دامەزراوەکان
- چاودێریکردن و پێداچوونەوە بە پێشکەوتنی هەوڵەکانی جێبەجێکردن

پرۆژەی دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری لە کارە هاوشێوەکانی کردووە لە عێراق، هەرچەندە گرنگییەکی سنوورداری بە مافەکانی زمان بە تایبەتی داوە١٤.

**هەڵمەتەکانی هۆشیاری گشتی**

بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی سەبارەت بە مافەکانی زمان کلیلی یارمەتیدانی خەڵکە بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانیان. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن کەمپەین بۆ:

• ئاگادارکردنەوەی کورد زمانەکان لە مافە دەستوورییەکانی زمانی خۆیان

• ڕێنمایی ڕوون پێشکەش بکە سەبارەت بە چۆنیەتی داوای پشتگیری زمان لە کاتی پرۆسەی یاساییدا

• تۆمارکردن و هاوبەشکردنی ئەو حاڵەتانەی کە مافی زمان پشتگوێ خراوە یان پێشێل کراوە

**توێژینەوەی کەیس: جێبەجێکردنی سەرکەوتووانە لە هەڵەبجە**

سەرەڕای تەحەددیاتەکان، سەرکەوتنی گرنگ لە جێبەجێکردنی مافی زمانی کوردی لە هەندێک بواردا هەبووە. شاری هەڵەبجە نموونەیەکی بەهێزی جێبەجێکردنی کاریگەرە لەسەر ئاستی ناوخۆ.

دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤ هەڵەبجە بوو بە قایمقامیەتێکی جیا، سیستەمی دادگای دوو زمانەی تەواو دامەزراند. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم سیستەمە بریتین لە:

• قبوڵکردنی هەموو بەڵگەنامەکانی دادگا بە زمانی کوردی یان عەرەبی بەبێ ئەوەی پێویست بکات وەرگێڕان

• ئەنجامدانی دانیشتنی دادگا بەو زمانەی کە شاکیر هەڵیبژاردووە، لەگەڵ وەرگێڕان بەپێی پێویست

• داواکردنی سەرجەم دادوەران و کارمەندانی دادگا کە شارەزا بن لە هەردوو زمانەکە

وەرگێڕان و پاراستنی سەرچاوە یاساییەکان و پێشینەی کەیسەکان بە شێوەیەکی سیستماتیکی بە هەردوو زمانەکە

لە هەڵسەنگاندنێکی سەندیکای پارێزەرانی عێراقدا دەرکەوتووە کە سیستەمی هەڵەبجە کارایی دادگای باشتر کردووە بە کەمکردنەوەی دواکەوتنی وەرگێڕان و زیادکردنی متمانەی گشتی بە سیستەمی دادوەری٦. ئەم نموونەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە جێبەجێکردنی کاریگەر لە عێراقدا کاتێک بەدی دێت کە پشتیوانی سیاسی و سەرچاوەی پێویست هەبێت.

**ئەنجام**

کەلێنی نێوان پێگەی فەرمی دەستووری کوردی و بەکارهێنانی ڕاستەقینەی لە سیستەمی یاسایی عێراقدا تەنیا پرسێکی زمان نییە، ئاڵنگارییەکی بنەڕەتییە بۆ هاوڵاتیبوونی یەکسان و دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەرانە. هەرچەندە ئاڵنگارییەکان

جددین، بەڵام نموونەکانی وڵاتانی دیکە نیشان دەدەن کە سیستەمی یاسایی کە فرە زمان بەکاردەهێنێت دەتوانێت بە باشی کار بکات کاتێک لەلایەن دامەزراوە بەهێزەکان و ئیرادەی سیاسییەوە پشتیوانی دەکرێت.

بۆ ئەوەی عێراق بەرەو پێشەوە بچێت، پێویستە بە دەرکردنی یاسای ورد و بنیاتنانی توانای دامەزراوەیی و بەکارهێنانی ستراتیژی جێبەجێکردنی ڕوون بەڵێنە دەستوورییەکانی بکاتە پراکتیکی ڕاستەقینە. ئەم گۆڕانکارییە نەک تەنها پێویستی بە کردەوەی حکومەت هەیە بەڵکو پێویستی بە بەشداری چالاکانەی کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان و پیشەییەکانی یاسایی هەیە.

دکتۆر کەریم سنجاری، وەزیری پێشووی ناوخۆ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕوونی گرنگییەکەی دەڵێ: "مافی زمان ئامانجی ئیختیاری نییە بۆ ئەوەی دوای ئەولەویەتەکانی دیکە چارەسەر بکرێت؛ بۆ شەرعیەتی دەوڵەت و کەرامەتی هاووڵاتیانی جەوهەرییە، بەبێ دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری بە زمانی دایکی یەکسان، بەڵێنە دەستوورییەکانی یەکسانی بە جێبەجێنەکراوی دەمێننەوە"١٢.

جێبەجێکردنی مافەکانی زمانی کوردی لە سیستەمی یاسایی عێراقدا هەنگاوێکی چارەنووسسازە بۆ ڕاستکردنەوەی نادادپەروەرییەکانی ڕابردوو و دروستکردنی دەوڵەتێکی گشتگیر و ڕاستەقینە کە ڕێز لە هەمەجۆریی دانیشتووانەکەی بگرێت. لە کۆتاییدا ئەمە تەنها پەیوەندی بە زمانەوە نییە، پەیوەندی بە هاوڵاتیبوونی یەکسان و سەروەری یاساوە هەیە لە کۆمەڵگایەکدا کە لە چەندین گروپی جیاواز پێکهاتووە.

### سەرچاوەکان:

1. Al-Bayati, S. (2016). Implementation Challenges of Iraq's Official Languages Law. Baghdad: Iraqi Legal Studies Center.

2. Begikhani, N. (2019). "Gender, Language and Access to Justice in Post-Conflict Iraq." International Journal of Gender Studies, 14(2), 87-102.

3. Cardinal, L. (2016). Bilingualism and the Political Management of Linguistic Diversity in Canada. Toronto: University of Toronto Press.

4. Hassanpour, A. (1992). Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985. San Francisco: Mellen Research University Press.

5. International Crisis Group. (2018). Iraq's Disputed Territories: A View from the Ground. Middle East Report No. 186.

6. Iraqi Bar Association. (2020). Assessment of the Bilingual Court System in Halabja. Baghdad:

IBA Publications.

7. Iraqi Legal Aid Society. (2022). Survey of Translation Services in Federal Courts. Baghdad: ILAS Publications.

8. Iraqi Tech for Justice Initiative. (2023). Digital Solutions for Linguistic Inclusion in Iraqi Courts. Erbil: ITJI Publications.

9. Karim, R. (2018). "Standardization Challenges in Kurdish Legal Terminology." Journal of Kurdish Studies, 6(1), 42-59.

10. Kirmanj, S. (2020). From Constitutional Declarations to Implementation: The Challenge of Language Rights in Iraq. London: Routledge.

11. Kurdish Legal Aid Network. (2022). Annual Report 2022. Sulaymaniyah: KLAN Publications.

12. Shibliyev, J. & Amin, MYM (2019). A brief inquiry into the linguistic landscape vis-à-vis the official language policy of Iraqi Kurdistan. Revista Argentina de Clínica Psicológica 3 (2).

13. Sheyholislami, J. (2015). "Language varieties of the Kurds." In W. Taucher, M. Vogl, & P. Webinger (Eds.), The Kurds: History, religion, language, politics (pp. 30–51). Vienna: Austrian Federal Ministry of the Interior.

14. United Nations Development Programme. (2021). Access to Justice Project in Iraq: Final Evaluation Report. New York: UNDP.

**تێبینی:**

بە هۆی یەکلانەبوونەوەی (ڕێنوسی کوردی)یەوە، گۆڤاری زمانەوانی ڕێز لە هەموو بۆچوونە جیاوازەکان دەگرێت و بەشداریی ئەم مامۆستا بەڕێزە وەک خۆی و بەبێ هیچ دەستکارییەکی ڕێنوسیی بڵاودەکاتەوە. نوسەری بەڕێز، خۆی لە شێوازی ڕێنوسەکەی بەرپرسە

پ.د.ئیسماعیل نەجمەدین زەنگنە:



# پێوەرەکانی زمانی دادوەریی؛ زمانی دادوەریی کوردی بە نمونە

* پرۆفیسۆرە لە یاسای گشتی/ یاسای کارگێڕی.
* مامۆستای بەشی یاسای زانکۆی جیهان-سلێمانی
* ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری زانستی زانکۆی جیهان سلێمانی.

**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا گرنگی دەدرێت بە شیکردنەوەی پێوەرەکانی زمانی دادوەریی و زمانی دادوەریی کوردی وەک نمونەیەک دەخاتە ڕوو. شاراوە نیە زمانی دادوەریی وەک جۆرێکی تایبەت لە زمانی پسپۆڕیی، پێویستی بە پێوەرگەلێکی دیاریکراو هەیە بۆ دەستەبەرکردنی وردی، ڕوونی، و دادپەروەری لە سیستەمی یاسایی و دادوەریدا. ئەم پەیپەرە مەبەستێتی ڕۆڵی زمانی کوردی لە کایەی دادوەری و ئاستەنگەکانی بەرەوپێشچونیی، وئاستی پراکتیزەکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان تێیدا بخاتە ڕوو.

**وشە کلیلییەکان :**

زمانی دادوەریی، پێوەری زمانیی، زمانی کوردی، سیستەمی یاسایی، وەرگێڕانی یاسایی، پاراستنی زمان

## پێشەکی

زمانی دادوەری جگە لە ئامرازی پەیوەندیکردن، بناغەیەکی بەهێزی سیستەمی یاسایی پێکدەهێنێت. ئەم بەهێزی وگرنگیە هەستیارترو ئاڵۆزتر دەبێت لە کۆمەڵگا فرە زمانەکاندا. لەوەشەوە و، لەو ناوچانەی کە گەلان بە زمانەکانی خۆیان مافی دەستگەشتنیان هەیە بە ناوەند و ڕێکارە دادوەرییەکان، پێوەرەکانی زمانی دادوەریی گرنگییەکی تایبەتیتر بەدەستدێنن.

هەرێمی کوردستان_عێراق وەك هەرێمێك لەچوارچێوەی وڵاتی فیدرالی عێراقدا و، وەک نمونەیەک لەم توێژینەوەیەدا، لە ئاستی فیدراڵی و هەرێمدا بە دوو زمانی کوردی و عەرەبی کاردەکات. ئەمەش پرسی پێوەرەکانی زمانی دادوەریی بە پرسێکی ئاڵۆز دەگۆڕێت، بەو جۆرەی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و زانستیی هەیە.

### بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری بابەتەکە

### باسی یەکەم: چەمکی زمانی دادوەریی و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان :

#### تەوەری یەکەم : ناسینی زمانی دادوەریی

زمانی دادوەریی ئەو جۆرە تایبەتەیە لە زمان کە لە بواری دادوەریدا بەکاردێت[٢] . ئەم زمانە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەجۆرێك جیایدەکەنەوە لە زمانی ڕۆژانە، گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانە بریتین لە :

* **وردی بون :** بەجۆرێك لەزمانی یاسا و دادوەریدا هەر وشەیەک واتایەکی دیاریکراوی دەبێت.

* **فەرمی بون :** زمانی یاسا و دادوەریی بەتەواوی پەیڕەوی لە زمانی ستاندارد و فەرمیی دەکات.

* **یەک بون:** وشەسازی و ڕستەسازی لەزمانی دادوەریدا لە هەموو دۆسیەکاندا بە یەک شێوە بەکاردێت. بەڕەچاوکردنی ئەوەی دەگونجێ زاراوەیەك لەیاسایەك بۆ یاسایەکی دیکە مانا و واتای بەکارهێنانەکەی جیاواز بێت، بۆ نمونە لەزمانی یاسایی عەرەبیدا وشەی ( خصم) لەیاسای دادبینیی شارستانی بەواتای دژبەری و ڕکابەرکار دێت لەداواکاندا ، کەچی لەیاسای کارگێڕی و باجەکان بەواتای کەمکردنەوە و لێبڕین دێت[٢] .

* **سەقامگیر بون:** بەجۆرێك واتاکان لە ڕوی کاتەوە بەجێگیری دەمێننەوە.

**تەوەری دوەم: پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی زمانی دادوەریی**

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، چەند پێوەرێکی گرنگ بۆ زمانی دادوەریی دانراون:

**یەکەم: دەستڕاگەشتن:** واتە دەستبەربونی زمانی دادوەری گونجاو بۆ تاکەکان، تاوەکو چەند مافێکیان بۆ دەستەبەر ببێت، ئەو مافانەش بریتین لە:

- مافی هەموو هاوڵاتییەک بۆ دەستڕاگەشتن بە زمانی دایکی خۆی.
- دابینکردنی وەرگێڕ لە کاتی پێویستدا.
- مافی تێگەیشتن لە ڕێکارە دادوەرییەکان.

**دووەم: یەکسانی:** واتە نابێت زمانی دادوەریی ببێتە سەرچاوەی جیاکاری لەنێو لایەنەکانی هەر داوایەکی دادوەریدا. لەوەشەوە ئەم پێوەرە، کۆمەڵێك ڕەهەندی دەبێت لەکایەی دادوەریدا، لەوانە :

- یەکسان مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو زمانەکان
- نەبوونی جیاکاری لەسەر بنەمای زمان
- دابینکردنی خزمەتگوزاری بە ئاستی یەکسان

**سێیەم: کوالیتی:** زمانی دادوەریی وەك باسکرا لەپێشەوە زمانێکی پسپۆرانەیە، لەوەشەوە جیاواز دەبێت لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و ئاسایی لەنێوان تاکەکاندا، بۆیە پێویستە لەڕوی کواڵیتییەوە گرنگی بە زاراوەناسیی یاسایی بدرێت، ئەو گرنگیەش لەم ڕوانەوە تاڕادەیەك بەدەستدێن :

- پاراستنی وردی لە وەرگێڕاندا
- بەکارهێنانی زاراوە پسپۆڕییەکان لەبواری یاسا و دادوەریدا.
- دابینکردنی کادری شارەزا و زمانزان بۆ ئەو مەبەستە.

**باسی دووەم: پێشڤەچونی زمانی دادوەریی کوردی**

**تەوەری یەکەم : مێژووی گەشەسەندنی زمانی دادوەریی کوردی :**

زمانی دادوەریی کوردی بە شێوەی سیستەماتیک لە دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوو دەستی بە گەشەسەندن کرد، ئەگەرچی گەشەکردنەکە زۆر بەخاوی تێدەپەڕی، و تاڕادەیەکی زۆر لەهەوڵ و کۆشانی تاکەکەسی قەتیس بو بو، چونکی بۆ خودی

زمانەکە و بکەرانی کایەی دادوەریی ئەزمونێکی نوێ بو، ترس و خواست و تاڕادەیەك لێنەزانی بەشی زۆری دادوەران لەبەکارهێنانی زمانی کوردی وەك زمانی دادوەریی وڕاهاتنیان لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی عەرەبیدا، وایکرد کەمتر دیدەکان بەئاراستەی جێگۆڕکێکردنی زمانی عەرەبی بە زمانی کوردی لەکایەی دادوەریدا ڕێنوێنێ بکات. بەڵام لەقۆناغەکانی دواتردا پشتبەستن بەزمانی دادوەریی کوردی هەنگاوی فراوانتری بڕی ئەو کاتەی دەستور و یاساکان پاڵپشتی ئەو هەنگاوانەی دەکرد، وخودی دامەزراوەی دادوەریش لەئاستی باڵاییدا ڕێنمایی پێویست دەدات بەدادگاکانی لەمەڕ پێویستی پەیڕەوکردنی زمانی کوردی لەبڕیار و ڕێکارەکانیاندا.

> **”زمانی دادوەری جگە لە ئامرازی پەیوەندیکردن، بناغەیەکی بەهێزی سیستەمی یاسایی پێکدەهێنێت“**

بەهەرحاڵ دەگونجێ بەرەوپێشڤەچونی زمانی دادوەریی کوردی بۆ چەند قۆناغێك پۆلێن بکەین :

**١. قۆناغی یەکەم:(١٩٩٢ – ٢٠٠٣) :** ئەگەرچی لەم قۆناغەدا ناوچەیەکی خودموختاری دیفاکتۆ بۆ بەشێك لەناوچە و شارە کوردییەکان بەپایزگاری نێو نەتەوەیی دروست بو ، و بەشێوەیەکی بەرچاو زمانی دایك بەرەوی زیاتری پێدرا لەپەروەردە و فێرکردن و نامەکاریی کارگێڕیدا، بەڵام قۆناغەکە گەواهی سەرهەڵدان و پشتبەستن بە زمانی کوردی نادات لەبڕیار و ڕێکارە دادوەرییەکاندا.

بەڵام دەتوانرێت ئەو ڕاستیە باسبکرێت کە قۆناغەکە، چەند پێیەك بەرەو ئامانجەکە ترازا، لە نمونەی :

- دامەزراندنی سیستەمی یاسایی کوردی
- وەرگێڕانی یەکەمین یاساکان
- دروستکردنی بنچینەی وشەسازی دادوەریی

**٢. قۆناغی دووەم ( ٢٠٠٣- ٢٠١٤):** لەم قۆناغەدا بەرەو پێشڤەچونەکان هەنگاوی زیاتری بڕی، هەنگاوەکان زیاتر بەرەجەستە بون، بەڵام هێشتا دەتوانرێت بوترێت ئەو هەنگاوانە نەچونە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی یاسایی تۆکمە و درشتەوە، ئەوەش سەرەڕای هەبونی دەقی دەستوری بۆ ئەژماردنی زمانی کوردی وەکو زمانی

فەرمی شانبەشانی زمانی عەرەبی، بەڵام ئەو پرنسیپە دەستورییە هێشتا ڕێکنەخرا لەچوارچێوەی یاسایەکی تایبەت و تۆکمەوە ، بەتایبەت لەسەر ئاستی هەرێمدا.

لەگەڵ ئەوەشدا دەگونجێ چەند سەرەقەڵەمێك وەك ناونیشانی ئەو بەرەو پێشچونانە باسبکەین :

- پەرەپێدانی چوارچێوەی یاسایی

- زیادکردنی بەکارهێنان لە دادگا و دەزگاکان لەسەر ئاستی کەسەکان و دادگاکان.

- خوێندنی ڕشتەی یاسا لەزانکۆکانی هەرێم بەزمانی کوردی، لەو ڕوەشەوە هەوڵی تەواو درا بۆ وەرگێڕانی بەشێکی باش لەپەرتوکە یاساییەکان.

**٣. قۆناغی سێیەم (٢٠١٤- بۆ ٢٠٢٥):** لەم قۆناغەدا بەکارهێنانی زمانی دادوەریی کوردی لەلایەن دادگاکانەوە تاڕادەیەکی زۆر پەردەستێنێت، بەشێکی زۆری دادوەرەکان بڕیار و ڕێکارە دادوەرییەکان بەزمانی کوردی دەنوسنەوە، ئەم دیاردەیەش زادەی هەوڵ و کۆششی تاکەکەسی نیە ئەوەندەی جێبەجێکردنی ڕێسا یاساییەکان و دەقی بڕیارەکانی ئەنجومەنی دادوەرییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم قۆناغە بێ ئاڵنگاری نیە،وەك دواتر باس دەکرێت .

بەهەرحاڵێك ، دەتوانرێت سیماکانی ئەم قۆناغە ڕێز بکرێن، بەمجۆرە :

- بەرفراوانبونی بەکارهێنانی زمانیی دادوەریی کوردی.

- پەرەپێدانی تێرمە تایبەتەکان بە پسپۆری یاسایی و دادوەری.

- یەکخستنی ستانداردەکان

**تەوەری دووەم :** باری ئێستای زمانی دادوەری کوردی، خوێندنەوەیەك بۆ دۆخ و ئاڵنگارییەکان

لە ئێستادا دۆخی بەکارهێنانی زمانی کوردی وەك زمانی دامەزراوەکان وزمانی یاسادانان و زمانی دادوەریی لە چەندین ئاستدا بەجەستە بوە ، بۆنمونە :

**١. لە دادگاکاندا ؛ زمانی کوردی تاڕادەیەك برەوی زیاتری بەدەستهێناوە[٣] ، لەوانە :**

- **دادگای کۆتایی :** بەشێک بە کوردی و بەشێک دیکە بە عەرەبی

- **دادگا بەرایییەکان یان ( پلەکانی خوارەوە) :** زۆرتر بە کوردی

- دادگای تایبەتمەندەکان : دیسان زۆرتر زمانی کوردی تێدا بەکاردێت .

**٢. لە دامەزراوە یاساییە باڵاکاندا:**

_ پەرلەمانی کوردستان : بەشێوەیەکی بەرچاو زمانی کوردی بەکاردێت، چ وەك زمانی دامەزراوەکە و نوسراوکارییەکانی ، و چ وەك زمانی یاسادانان.

- دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەهەردو باڵەکەیەوە ( سەرۆکایەتی هەرێم ، ئەنجومەنی وەزیران) : بەشێوەیەکی سەرەکی زمانی کوردی بەکاردەهێنرێت، تەنها لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی زمانی عەرەبی بەکاردێت ، ئەوەش بۆ خۆی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە و دواتر قسەی لەسەر دەکرێت .

- ئەنجومەنی دادوەریی و دادگاکان : تاڕادەیەکی زۆر، وەك باسکرا ، زمانی کوردی لەدەرکردنی بڕیارو ڕێکارە دادوەرییەکان بەکاردێت، بەڵام زمانی عەرەبیش بەتەواوی بەجێنەهێڵراوە .

> **”پشتبەستن بەزمانی دادوەریی کوردی هەنگاوی فراوانتری بڕی ئەو کاتەی دەستور و یاساکان پاڵپشتی ئەو هەنگاوانەی دەکرد، وخودی دامەزراوەی دادوەریش لەئاستی باڵاییدا ڕێنمایی پێویست دەدات بەدادگاکانی لەمەڕ پێویستی پەیڕەوکردنی زمانی کوردی لەبڕیار و ڕێکارەکانیاندا“**

هەرچی پەیوەندارە بە ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم بەکارهێنانی زمانی کوردی وەك زمانی دادوەری، دەتوانرێت ئاماژە بەچەند ئاڵنگارییەك بدرێت :

**یەکەم** : ئاڵنگاری تەکنیکی: دەتوانرێت ناوببرێت بە ئاڵنگاری ناوەکی بەو پێیەی پەیوەندارە بە توانای و ئامادەیی زمانی کوردیوە وەك زمانی یاسا و دادوەریی، ئەوانەش لەچەند ئاستەنگ و ئاڵنگاریەك بەرچاو دەکەوێت :

١. **کەمی تێرمە پسپۆرییەکان لەبواری یاسا و دادوەریی:** ئەمەش لەم سیمایانەوە خۆی بەدەردەخات:

- نەبوونی کەرەستەی تەواو لەبواری تێرمە یاساییەکان

- جیاوازی لە بەکارهێنانی تێرمە یاساییەکان لە شوێنی جیاواز ( چ لەیاساکاندا بێت ، یان بڕیار و ڕێکارە دادوەرییەکان)

- پێویستی بە ستانداردکردن تێرمە یاساییەکان.

٢. **کێشەی وەرگێڕان:** شاراوە نیە پاشخانی یاسایی و دادوەریی و خوێندنی یاساش لەهەرێمی کوردستاندا بەزمانی عەرەبین، بۆیە هەر هەنگاوێك بۆ گۆڕینی زمانی یاسا

و دادوەری لەعەرەبییەوە بۆ کوردی بزوتنەوەیەکی کارای وەرگێڕان و دانان و نوسینی پەرتوك و توێژینەوە و بڕیارە دادوەرییەکان ..تد دەوێت.

ئەوەی پەیوەستە بەوەرگێڕانەوە، وەك دیاردەیەك بونی هەیە و کەسانێك لەو بوارەدا کاردەکەن ، بەڵام خودی بوارەکە بەئاستەنگی زۆر دەورەدراوە، لەوانە :

- کەمی وەرگێڕی پسپۆڕ لەبواری یاسا.

- مەترسی لەدەستدانی واتا لە وەرگێڕاندا.

- درەنگی و دواکەوتن لە وەرگێڕانی دیکۆمێنتی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکان.

-کەموکورتی زۆری هەندێ لەوەرگێڕانە یاساییەکان. بەچاوخشاندنیکی سەرپێی بە وەرگێڕدراوەکانی بواری یاسا بۆ سەر زمانی کوردی قەبارەی کەموکورتی و نەنگییەکی زۆر بەرچاو دەکەون.

**دووەم: ئاڵنگاری سیستەمی:** وەك لەپێشەوە ئاماژەی پێدرا، هەرێمی کوردستان یەکەیەکی فیدرالییە لەچوارچێوەی عێراقدا، ئەو عێراقەی زۆرینەکەی عەرەبی زمانن، تاوەکو ئێستا زمانی یاسا و دادوەریان زمانی عەرەبییە، تا ئەو ئەندازەیەی دامەزراوە فیدرالییەکان تەنها زمانێك بەکاریدێنن، کە عەرەبییە و بەهیچ جۆرێك زمانی کوردی لە بڕیار و ڕێکارەکانیان بەکارنابەن، بەجۆرێك ئەم زمانە لەسەر ڕوپەڕی دیکۆمێنتە فەرمییەکان و تابلۆکانی سەر دامەزراوە باڵاکاندا قەتیس کراوە.

لێرەدا دەتوانین گرنگترین ئاستەنگە سیستەمییەکانی بەردەم زمانی دادوەری کوردی بخەینەڕو :

١. **سیستەمی دو انەیی** : واتە مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستان لەسەر دو ئاست، ئەمەش چەند دەرەنجامێکی کۆنکریتی دروستکردوە بەنیسبەت هەرێمی کوردستانەوە؛

- پەیوەندییە یاساییەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بە زمانی عەرەبییە.

- پێویستی بە وەرگێڕانی بەردەوام هەیە بۆ هەر جۆرە ئاکت و پەیوەندییەکی یاسایی لەگەڵ حکومەتی فیدرال.

- ئاڵۆزکاری لە ڕێکارەکان، سیما و دەرەنجامێکی بەرچاوە بۆ ئەنجامدانی هەر ڕایەڵەیەکی یاسایی لەگەڵ ئەو حکومەتەدا.

٢. **تەرخاننەکردنی بودجەی پێویست** : تەرخاننەکردنی بودجەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە لێکەوتەی نەرێنی دروستدەکات بۆ؛

- وەبەرهێنان لە کادری شارەزا ( یاسایی زمانزان)

- دانان و وەرگێڕانی کتێب و سەرچاوەی خوێندن و فێرکردن بەزمانی کوردی.

**بەشی سێیەم: پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ تۆکمەکردنی زمانی دادوەریی کوردی**

**یەکەم: پێوەری زمانی – و اتایی:** بۆ برەودان و تۆکمەکردنی زمانی دادوەری کوردی ، پێویستە گرنگیی بەم پێوەرە واتاییانەی لای خوارەوە بدرێت:

**١. ڕوونی:**

- بەکارهێنانی ڕستەی کورت و ساکار

- دوورکەوتنەوە لە وشە دوواتایی

- ڕوونکردنەوەی زاراوە تایبەتەکان

**٢. وردی:**

- بەکارهێنانی زاراوەی دیاریکراو بۆ چەمکی دیاریکراو

- نەگۆڕبوونی زاراوەکان لە دۆکیومێنتە دادوەرییەکاندا

- پارێزگاریکردن لە واتا یاساییەکان

**٣. سادەیی:**

- بەکارهێنانی زمانێک کە لەلایەن خەڵکەوە بەئاسانی تێبگەن.

- کەمکردنەوەی زاراوە ئاڵۆزەکان

- ڕوونکردنەوەی چەمکە ئاڵۆزەکان.

**دووەم : پێوەری شێوەیی:** ئەم پێوەرە زیاتر پەیوەندارە بە ستاندارد و ڕێساکانی نوسینی بڕیار و ڕێکارە دادوەرییەکانەوە، لەنمونەی ؛

- ڕێکخستن و یەکخستنی ڕێنووس، لەنێویشیدا پابەندبون بەڕێساکانی خاڵبەندی بەشێوەیەکی دروست.

- پەیڕەوکردنی یاساکانی ڕێزمان، زانراوە ڕێزمانی زمانی کوردی وردەکاری زۆری هەیە، و بەئاسانی دەتوانرێت لەگۆشەنیگای ئەم بنەما و یاساییانەوە لەڕاست و دروستی هەر نوسینێکی نێو دەقە یاساکان و بڕیارەکان دڵنیابیتەوە.

- کڵێشەی یاسا و بەڵگەنامەکان: هەر دیکۆمێنتێك، چ دەقێکی یاسایی بێت ، یان بڕیار و بەڵگەنامەی فەرمیی پێویست دەکات ڕەچاوی ئەم ڕێسایانەی تێدا بکرێت ؛

- دروستکردنی قاڵبی ستاندارد

- یەکخستنی ناونیشان و بەش

- ڕێکخستنی لۆژیکی ناوەڕۆک

**سێیەم: پێوەرەکانی کرداریی** : ئەم پێوەرە زیاتر گرنگی دەدات بە ئامادەیی دەق و ڕێسا

یاساییە کوردییەکان لەڕوبەڕوی وەرگرەوە، و پۆلین دەکرێن بۆ چەند پێوەرێکی وردتر ، ئەوانیش :

**١. کارایی:** ئەمەش لەم بارانەوە بەرجەستە دەبێت؛

- خێرایی لە تێگەیشتن.
- ئاسانی لە بەکارهێنان.
- کەمکردنەوەی هەڵە.

**٢. گونجان:** ئەمەش بەواتای گونجانی دەق و نوسینە یاساییەکان دێت لەگەڵ؛

- سیستەمی یاسایی کوردی
- ڕێزگرتن لە کولتووری کۆمەڵایەتی
- ئاستی خوێندەواری

**"چاوەڕوان ناکرێت هەمو ئەوانەی لەکایەی دادوەرییدا کار دەکەن شارەزا و قاڵبن لەزمانی کوردی و زاراوەناسیی کوردیدا"**

**بەشی چوارەم: ڕێگەچارە پێشنیازکراوەکان:**

بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەسەرەکان لەمەڕ پەیرەوکردنی زمانی یاسا و دادوەریی کوردی، بەجۆرێك ستاندردەکان و پێوەرەکانی زمانێکی سەرکەوتو و کارای تێدا بەرجەستە بێت، پێویست بەهەوڵ و کۆشانی هەمەلایەنەو لەسەر ئاستی جۆراوجۆر دەبێت. لەنمونەی ئەوانە :

**باسی یەکەم : لە ئاستی پەروەردە و خوێندنی باڵا**

ئەم ئاستە لەچەند تەوەرێکدا گەنگەشە دەکەین :

یەکەم : پەرەپێدانی پەروەردەی یاسایی بە کوردی:

**١. لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا :**

- زیادکردنی بەش و وانەکانی یاسا بە کوردی
- ئامادەکردنی کتێب و پرۆگرامەکانی خوێندنی یاسا بە کوردی
- پەرەپێدانی توێژینەوەی یاسایی بە کوردی، لەڕێگەی پێدانی دەرفەت و هاندانی زیاتری

تویژەرانەوە بۆ ئەو بوارە، و لابردنی هەر ئاستەنگێك لەبەردەم تویژەرانەدا.

**٢. پەروەردەی بەردەوام بۆ برەودان و پێشخستنی زمانی یاسایی کوردی:**

ئەوەش لەرێگەی :

- خولی پەرەپێدان بۆ دادوەران و پارێزەران و مافپەروەران.

- سیمینار و وۆرکشۆپی بەردەوام پەیوەندار بە زاراوە یاساییەکان و ئەو بابەتانەی پەیوەندارن بەزمانی یاسا و دادوەریی کوردییەوە .

- کۆنفرانسی ساڵانە دەربارەی بابەتەکە لەزانکۆکانی هەرێم ، و لەسەر ئاستی وەزارەتە پەیوەندارەکان.

> **"پێوەرەکانی زمانی دادوەریی لە زمانی کوردیدا پرسێکی ئاڵۆز و فرەلایەنەیە، بۆیە پێویستی بە هاوکاری هەموو لایەنەکان هەیە"**

**دووەم: پەرەپێدانی وەرگێڕانی یاسایی:**

١. **پەروەردەکردنی وەرگێڕی یاسایی** : بۆ ئەوەش دەتوانرێت سود لەم ناونیشانانە وەربگیرێت :

- بەرنامەی تایبەت بۆ وەرگێڕانی یاسایی

- پراکتیزەکردن لەسەر دۆکیومێنتی ڕاستەقینە

- چاودێریکردنی پرۆسەکە بەشێوەیەکی گونجاو.

٢. **ستانداردکردنی وەرگێڕان:** بەو واتایەی وەرگێڕانی یاسایی دەبێت لە خواست و ویستی تاکەکەسی دەرباز بکرێت و بگوازرێتەوە بۆ کارێکی پیشەگەرانە، ئەوەش لەرێگەی :

- دارشتنی ڕێنمایی پێویست بۆ وەرگێڕانی دیکۆمێنت و دانراوە یاساییەکان.

- پێدانی ڕێگای پشکنینی کوالیتی

- دروستکردنی لایەنی چاودێر و بەرپرسیار لەهەر کایەیەکدا.

**باسی دووەم : لەسەر ئاستی سیستەمی:**

یەکەم: پەرەپێدانی ژێرخانی تەکنیکی: چاوەڕوان ناکرێت هەمو ئەوانەی لەکایەی دادوەرییدا کار دەکەن شارەزا و قاڵبن لەزمانی کوردی و زاراوەناسیی کوردیدا، هەروەك پێوەرەکانی زمانی دادوەریی کوردی دەخوازێت زاراوەکان یەکگرتوبن، لەمانەوە پێویست

دەكات ژێرخانێكی تەكنیكی كارا و ئاسان بەردەست بێت، بەمجۆرە :

**١. سیستەمی زانیاری:**

- دروستكردنی بنكەی زاراوەدانی كوردی .

- ڕەخساندنی سیستەمی گەڕانی پێشكەوتوو

- پلاتفۆرمی وەرگێڕانی بەشێوەی ئۆنلاین

**٢. سەرچاوە یاساییەكان :**

- ڕەخساندنی گەیشتن بە كتێب و گۆڤار

- دروستكردنی كتێبخانەی یاسایی دیجیتاڵ

- ڕەخساندنی یاساكان بە كوردی

دووەم : یەكخستنی ستانداردەكان:

١. لیژنە و ئەنجومەنەكانی زاراوەدانان:

- دامەزراندنی ئەنجومەن یان لیژنەیەك كە نوێنەری لایەنە پەیوەندارەكانی تێدا بێت.

- پارێزگاری لە یەكگرتوویی زاراوەكان، و بڕیاردان لەهەر گۆڕانكارییەكی پێویست.

- بڵاوكردنەوەی ڕێنمایی فەرمی لەمەڕ وردەكارییەكانی زمانی یاسا و دادوەریی.

٢. سیستەمی چاودێری: چاودێریكردن یەكێكە لەڕەگەزەكانی هەر سیستەمێك، لەبابەتی جێباسدا چاودێریكردن خەسڵەتێكی گرنگی سەركەوتن و پێشڤەچونی ئەژماردەكرێت. ئەو چاودێریەش لەم پێدراوانەوە سەردەخرێت:

- سیستەمی ڕاپۆرتدان

- هەڵسەنگاندنی بەردەوام

- گەشەپێدان وباشتركردنی بەردەوام

**باسی سێیەم: لە ئاستی یاسایی:** بێگومان ئەم ئاستە گرنگترین ئاستی برەودانە بەزمانی یاسا و دادوەریی كوردی، بەڕەچاوكردنی ئەمانەی خوارەوە بەرجەستە دەبێت :

**یەكەم: پەرەپێدانی چوارچێوەی یاسایی:**

**١. یاسای زمان :** مەبەست لێرەدا هەبونی یاساییەكی تۆكمەیە بۆ زمانی فەرمیی كوردی[٤]، بەجۆرێك بابەتگەلێكی گرنگی ڕێكبخات، لەگەڵ هەبونی پاشبەندێكی دەستوریی بۆ ڕەوایەتیدانی زیاتر بەپرسەكە، گرنگترین ئەو بابەتانەی یاسای زمان لەخۆی دەگرێت :

- ڕوونكردنەوەی مافە زمانییەكان.

- دیاریكردنی ئەركەكان بەڕونیی.

- دیاریکردنی سزا بۆ هەر پێشێلکارییەك.

**٢. ڕێسا و ڕێکار:** جێگیرکردنی ئەرکەکان بەتەنها بەس نیە بۆ برەودان بەزمانی دادوەریی کوردی ، بەڵکو جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە گرنگ و کاریگەرتر دەبن، لەنمونەی ؛

- ڕێساکانی دادگاکان بە کوردی بن.

- نوسراوکاریی ناو وەزارەتەکان بەکوردی بن.

- ستانداردەکانی بەڵگەنامەکان بەزمانی کوردی .

**ئەنجام**

پێوەرەکانی زمانی دادوەریی لە زمانی کوردیدا پرسێکی ئاڵۆز و فرەلایەنەیە، بۆیە پێویستی بە هاوکاری هەموو لایەنەکان هەیە. لەگەڵ ئەوەی ئاستەنگەکانی زۆرن، بەڵام بە پلانی ورد و جێبەجێکردنی بەردەوام، دەتوانرێت سیستەمێکی کاریگەر بنیاد بنرێت.

سەرکەوتنی پرۆسەکە دەخوازێت، دەرفەتەکان و ژێرخانەکانی پەیوەست بەزمانی فەرمی کوردیی و زمانی دادوەریی کوردی وەگەڕ بخرێن، بەئامانجی ڕامالینی ئاستەنگیەکانی بەردەم پرۆسەکە، بۆ ئەوەش هەنگاوگەلێك پێویست دەبن وەك لەدو توێی ناوەڕۆکی ئەم پەیپەرە ئاماژەیان بۆ کراوە .

لەوەشەوە سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە نەک تەنیا کاریگەری لەسەر سیستەمی دادوەری هەیە، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگیش لە پارێزگاری زمان و پەرەپێدانی کولتووری کوردی دەبینێت.

بۆ ئەوەی زمانی دادوەریی کوردی کاراتر بکرێت، لەڕوی کردارییەوە ، پێویست دەکات کایە و دامەزراوە دادوەرییەکان زیاتر ڕژدبن لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لەڕێکارەکانیی دادبینیی و بڕیارە دادوەرییەکانیشدا.

---

**پەراوێزەکان :**

١. هەندێکی دیکە، بەزمانی ڕێکارە یاساییەکان پەسنی دەکەن کە لەلایەن دادگاکانەوە بەکاردەهێنرێت لەیەکەمین ڕێکارەوە تاوەکو دەرکردنی بڕیاری کۆتایی لەداواکاندا ، بۆ زیاتر بڕوانە : عادل الشیخ عبدالله احمد، اللغة القانونیة تعریفاتها و تطبیقاتها في قوانین العرب ، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە بەزمانی عەرەبی لە گۆڤاری ئەندۆنوسیا بۆ خوێندکارانی عەرەبی ، بەرگی ٣ ، ژمارە ٢ ، نۆڤێمبەری ٢٠٢١، لا ٢٦٣.

٢. حیاة بوعافیة ، دور اللغة في الصیاغة القانونیة وتحقیقات العدالة ، توێژینەوەیەکی

بڵاوکراوەیە بەزمانی عەرەبی لە (مجلة القانون والعلوم البينية) ، بەرگی ٣ ، ژمارە ١ (دێسمبەری ٢٠٢٢) ، ل٩١.

٣- بەجۆرێك ئەنجومەنی دادوەریی لەچوارچێوەی بڕیارێکیدا ( ژمارە ٦٧ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٦) بەبۆنەی جێبەجێکردنی دەقی یاسایی هاتو لەماددەی ٦ی یاسای زمانە فەرمییەکان بڕیار دەدات بەوەی بڕیارە دادوەرییەکان وهەمو ڕێکارە دادوەرییەکان بەزمانی کوردی بنوسرێت، تەنها لەکاتی پێویست بەزمانی عەرەبی بنوسرێت. ئەگەرچی لەخودی ئەو نوسراوەدا دو خاڵ دەبنە جێگەی تێبینی و مەترسی بۆ سەر کرۆکی بابەتەکە، یەکەمیان: بڕیارەکە بەکۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن دەرنەچوە، بەواتای ئەوەی هێشتا لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری بەڕێزیشدا هێشتا پارێزەرانی هێشتنەوەی زمانی عەرەبی وەك زمانی نوسین لەدادگاکاندا هەن، واتە ویستێکی ئاست باڵا هەیە بۆ بەکوردینەکردنی زمانی دادگاکان لەهەرێمدا. دوەمیان: لەبڕگەی کۆتایی بڕیارەکە خۆی دەبینێتەوە کاتێك دەڵێت( .. تەنها لەکاتی پێویست بەزمانی عەرەبی بنوسرێت..) ئەم دەربڕینە تاڕادەیەکی زۆر ناوەڕۆکی بڕیارەکە پوچەڵ دەکاتەوە، چونکە هیچ جۆرە پێوەر و مەرجێك دیارینەکراوە لەچ کاتێك ڕێگەدەدەرێت بڕیار و پەڕاوەکانی دادگا بەعەرەبی بنوسرێت تاوەکو ڕێگە نەدرێت لەدەرەوەی (.. کاتی پێویست..) هەر جۆرە نوسینێك بەزمانی عەرەبی ڕێگەپێدراو نەبێت.

٤- لەهەرێمی کوردستاندا ئەو یاسایە هەیە بەناونیشانی یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٤. لەیاساکەدا دەربارەی زمانی دادوەریی ( کەبەزمانی دادگاکان ناوی‌هێناوە) چەند حوکمێکی یاسایی لەچوارچێوەی ماددەی ٦یدا هێناوە ، کەتێیدا دەڵێت (( یەکەم: هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان بە بڕیاری دادگاکانیشەوە، بە زمانی کوردی بەڕێوەدەچن و دەنووسرێن. دووەم: ئەگەر لایەنێکی داواکە زمانی کوردی نەزانێت، پێویستە وەرگێڕێکی بۆ دابین بکرێت).

پ.د. بێهروز چەمەنئارا_ پ.ی. د. عیباد ڕۆحی

# زمانی دادپەروەری یان دادپەروەریی زمان؟ پێگەی زمانی کوردی لە گۆڕەپانی یاساییدا





پ.د. بێهروز چەمەنئارا پ.ی. د. عیباد ڕۆحی

**پ. ی. د. عیباد روحی:**
- دکتۆرای لە یاسای نێودەوڵەتی لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی - ئێران بەدەستهێناوە.
- ماوەی چەندین ساڵ مامۆستا بووە لە زانکۆی کوردستان سنە، ئێران.
- ئێستا مامۆستای بەشی یاسایە لە زانکۆی جیهان سلێمانی.
- چەندین توێژینەوەی لەسەر یاسا و دادگا نێودەوڵەتییەکان بڵاوکردووەتەوە

**پ. د. بێهروز چەمەنئارا:**
- پرۆفیسۆری زمان و ئەدەب
- ماوەی چەندین ساڵ مامۆستا بووە لە کۆلێژی زمان و ئەدەبیاتی بیانی لە زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران.
- لە ئێستادا سەرۆکی ئەنیستۆی نێودەوڵەتییە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەی کوردی، لە گۆتینگن-ئەڵمانیا.

**پوختە**

ئەم وتارە بە تیشک خستنەسەر پەیوەندیی بنەڕەتیی نێوان زمان و دادپەروەریی، بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لە پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی قانوونیی(یاسایی) ئێران، تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەکۆڵێتەوە. بە پێچەوانەی تێڕوانینی باو بۆ زمان وەک ئامرازێکی پەیوەندیی، ئەم بابەتە باس لەوە دەکات کە زمان لە سیستەمی دادوەریدا بناغەی پێکهێنانی قانوون، مانا و دەسەڵاتە. وتارەکە بە پشتبەستن بە تیۆرییەکانی کردەی ئاخافتنی (ئۆستین و سیرل)، شیکاری گوتاری (فۆکۆ و بۆردیۆ) و هێرمنۆتیکی فەلسەفی (گادامێر)ئەوە نیشان دەدات کە دوورخستنەوەی زمانی کوردی لە پێکهاتە دادوەرییەکان تەنیا پرسێکی زمانەوانی نیە ، بەڵکوو فۆرمێکی پێکهاتەیی نادادپەروەرییە. لە ڕێگەی شیکارییەکی ئەزموونییەوە بۆ دۆخی کورد لە سێ سیستەمی دادوەریدا و خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە لەگەڵ ئەزموونە سەرکەوتووەکانی وێلز، کەتەلۆنیا و باشووری ئەفریقا، چەمکی «دادپەروەریی زمانی کوردی» دادەڕێژرێت؛ چەمکێک کە لە دادپەروەری تێدەگات نەک لە وەرگێڕاندا، بەڵکوو لە بەدامەزراوەییکردنی زمانی دایک وەک زمانی قانوون. لە کۆتاییدا وتارەکە جەخت

لەسەر پێویستیی پەروەردەی قانوونی بە زمانی کوردی و ڕاهێنانی وەرگێڕی شارەزا و دارشتنی دامەزراوە سەربەخۆکان بۆ پێکهێنانی وشە و کۆکردنەوەی دادوەری دەکاتەوە و زمانی دایکی نەک وەک لایەنێکی پەراوێزی دادپەروەریی، بەڵکوو وەک مەرجێک بۆ ڕەوایی‌بوون و شەرعیەتی خۆی پێناسە دەکات.

**وشەی سەرەکی:**

دادپەروەریی زمانی؛ زمانی کوردی؛ سیستەمی دادوەری؛ وەرگێڕانی قانوونی؛ پەروەردەی قانوون بە زمانی دایکی؛ مافی کەمینەکان؛ فەلسەفەی زمان؛ هێزی ڕەمزی؛ بۆردیۆ؛ ئۆستین و سیرل؛ گوتاری قانوونی؛ هەرێمی کوردستان؛ دادگا تاک زمانەکان؛ مافی بەرگری زمانی؛ ئەزموونی کەتەلۆنیا و وێڵز

**بەشی یەکەم: زمان وەک دامەزراوەیەکی دادپەروەریی**

ڕۆڵی زمان لە سیستەمی قانوونیدا لە گواستنەوەی زانیاریی بەرفروانترە. ئەوەی ئێمە بە قانوون پێناسەی دەکەین لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی زمانەوانییە. قانوون بۆ ئەوە دێتە ئاراوە کە بنووسرێت، بگوترێت، بخوێنرێتەوە و لە کۆتاییدا شرۆڤە بکرێت. ئەوەی دادوەر دەریدەخات تەنها بڕیارێکی قانوونی نیە، بەڵکوو لێدوانێکە کە هێزی جێبەجێکردن، سەپاندنی سزا، یان گۆڕینی ژیانی تاکێکی هەیە. لەم ڕوانگەیەوە قانوون بەبێ زمان بوونی نیە یان ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت (Goodrich, ١٩٩٠; McDonald, ٢٠٠٨).

لە زمانی قانوونیدا وشە و پێکهاتەکان، لە دەرەوەی بەکارهێنانی ڕۆژانەیان مانایان وەردەگرن. وشەکانی وەک «تاوان»، «کەمتەرخەمی»، یان «ئیرادە» لە دادگادا هەمان چەمک نین کە لە ئاخافتنی ئاساییدا بەکاردەهێنرێن، بەڵام هەریەکەیان بارێکی ماناداری ورد و تایبەتمەند و شرۆڤەییان هەیە (Tiersma, ١٩٩٩). زمانی قانوونی تەنیا زاراوەیی نیە، بەڵکوو لە ڕووی ڕستەسازییەوە ئاڵۆز و فۆرماڵیشە: ڕستەی درێژ، نەزانراو و لە زۆر حاڵەتدا بکەری مرۆیی نیە. ئەم شێوازە دەربڕینە هەوڵ دەدات قانوون وەک بابەتی و بێلایەن و بەدەر لە ئیرادەی تاک بخاتە ڕوو. بەڵام لە کرداردا هەر ئەم تایبەتمەندییە دەبێتە هۆی دوورییەکی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی لە نێوان مرۆڤەکان و دامەزراوەی دادپەروەری.

جۆن ئۆستین فەیلەسوفی زمان لە تیۆری بەناوبانگی پارچەکرداری گوتاریی خۆیدا نیشانی دا کە زمان لە زۆر حاڵەتدا تەنها ئامرازێک نیە بۆ دەربڕینی واقیع، بەڵکوو خۆی کردەیەکە (Austin, ١٩٦٢). کاتێک دادوەرێک دەڵێت: «تۆمەتبار سزای پێنج ساڵ

زیندانی بەسەردا سەپێنراوە» ئەم گوتنە تەنیا دەربڕینی واقیع نیە، بەڵکوو کردەوەیەکە کە واقیع دەگۆڕێت. لە ڕاستیدا وتن لێرەدا هەمان کردەی ئەنجامدان و جێبەجێکردنە. ئەم بیرۆکەیە کە لە بەرهەمەکانی جۆن سیرل (١٩٦٩)یشدا پەرەی پێدراوە، ئەوەمان پێ فێر دەکات کە دادگاکان تەنیا شوێنی گفتوگۆ نین، بەڵکوو ئەو بەستێنانەن کە تێیدا ئاخافتن کردارە و زمان ئامرازی دەسەڵاتە. بەڵام ئەم زمانە زمانی هەموو کەسێک نیە. لە زۆرێک لە وڵاتان، لەوانە ئێران و تورکیا، سیستەمی دادوەریی تەنیا ددان بە یەک زمانی فەرمیدا دەنێت. لە ئێران زمانی فارسی و لە تورکیاش زمانی تورکی تاکە زمانی ڕەوای دادگان. لە پێکهاتەیەکی وەهادا زمانێکی وەک کوردی- سەرباری ئەوەی بە ملیۆنان ئاخێوەری هەیە- بە فەرمی بە هیچ ناژمێردرێت. تۆمەتبار یان شایەتحاڵێکی کوردیزمان، ئەگەر شارەزای زمانی فەرمی نەبێت، دەبێت وەرگێڕ بەکار بهێنێت. بەڵام وەرگێڕ کێیە؟ چ ڕاهێنانێکی وەرگرتووە؟ ئایا لە چەمکە تایبەتەکان بە باشی تێدەگات؟ گەلۆ هاوکات وەردەگێڕێت؟ ئایا هەمان دەقی وەرگێڕانەکەی ئەو لە کۆنووسەکاندا تۆمار دەکرێت؟ هەموو ئەمانە ئەو گۆڕاوانەن کە دەتوانن مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە لاوازبکەن (Eades, ٢٠١٠).

کۆمەڵناسیی، زمان لە پێکهاتەی دەسەڵاتی دادگاکاندا نەک وەک ئامرازێکی پەیوەندی، بەڵکوو وەک پێوەری شەرعییەت پێناسە دەکات. ئەوەی بە زمانی قانوون قسە بکات شەرعیە؛ ئەو کەسەی بە زمانێکی تر قسە دەکات پێویستی بە وەرگێڕان، پەژراندن و پشتڕاستکردنەوە، یان ڕاستکردنەوە هەیە. پییێر بۆردیۆ ئەم پرۆسەیە بە «هێزی ڕەمزیی زمان» ناو دەبات: واتە زمانی دەسەڵات دەبێتە ئاخاوتنێکی شەرعی نەک لەبەر سروشتی زمانەکە خۆی، بەڵکوو بەهۆی ئەو بوارە دامەزراوەییەی کە پشتیوانی لێدەکات (Bourdieu, ١٩٩١). لە فەزایەکی وادا زمانی کوردی تەنانەت ئەگەر ڕوونتر و پاراوتریش بێت، هێزی ئەوەی نیە کە ببیسترێت.

لە ڕوانگەی قانوونییەوە، بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی وەک پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (ICCPR)، مادەی ١٤، و ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ، جەختیان لەوە کردووەتەوە کە زمانی دایکی بەشێکە لە دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە[١]. مادەی ١٤ی پەیماننامەکە ددان بە مافی بەکارهێنانی زمانی تێگەیشتندا دەنێت (UN HRC, ١٩٦٦). بەڵام ئەم مافە، ئەگەر تەنها بە ئامادەبوونی وەرگێڕێک بە بێ دەستەبەری پسپۆڕانە بەدی بهێنرێت، دەبێتە بابەتێکی ڕواڵەتانە و ناکاریگەر. دادپەروەری تەنها کاتێک مسۆگەر دەبێت کە تاک بزانێت چی دەگوترێ و بتوانێت وەڵام بداتەوە و دڵنیا بێت لەوەی کە دەنگی بە بێ کەم و کوڕی دەبیسترێت.

فەلسەفەی زمان بە تایبەت لە نەریتی ویتگنشتاین (Wittgenstein, ١٩٥) و گادامێر (Gadamer, ١٩٧٥)دا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە مانا لە بەکارهێناندا سەرهەڵدەدات. بۆ نموونە وشەیەکی وەک «نیازناپاکی» مانایەکی جێگیری نیە؛ لە چوارچێوەی دادبینی و دادگاییکردنەکە و چوارچێوەی کولتووری و زمانی تاکدا پێکدێت. کاتێک زمانی دادگاییکردنەکە لە زمانی تۆمەتبار جیاواز بێت، ئاسۆکانی مانا تووشی لێکبوونەوە دەبن. گادامێر دەڵێت: واتا لە بەریەککەوتنی ئاسۆکاندا دروست دەبێت. لە دادگا تاکزمانەکاندا ئەم پێکدادانە مومکین نیە. بۆیە دەرئەنجامەکەی تێگەیشتن نیە، بەڵکوو تێنەگەیشتن و خراپ فامکردنی پێکهاتەییە.

> ”لە زمانی قانوونیدا وشە و پێکهاتەکان،
> لە دەرەوەی بەکارهێنانی ڕۆژانەیان مانایان وەردەگرن“

بۆیە دادپەروەریی زمانەوانی داواکارییەکی کولتووریی نیە، بەڵکوو پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەریی دادوەریی. زمان تەنیا کاتێک دادپەروەریی مسۆگەر دەکات کە خۆی بابەتی دادپەروەریی بێت.

**بەشی دووەم: بنەما فەلسەفیەکانی زمان لە مافدا – لە گوتارەوە بۆ دەسەڵات، لە ماناوە بۆ ر اڤە**

لە دڵی هەموو سیستەمێکی قانوونیدا ئەو تێڕوانینە هەیە کە قانوون کۆمەڵێک ڕێسای ڕوون و بابەتی و عەقڵانییە کە دەتوانرێت تەنها بە خوێندنەوە و زانین و جێبەجێکردن لێی تێبگەین. بەڵام ئەزموونی کردەیی دادگاکان و فەلسەفەی زمان و تیۆرییە قانوونییە هاوچەرخەکان نیشان دەدەن کە ئەم وێنەیە بە توندی کاڵفامی و خەوشدارە. قانوون تەنیا دەق نیە، بەڵکوو وێژمانێکە و وێژمان تەنیا لە زماندا دروست دەبێت[٢]. قانوون بەبێ زمان نە دەنووسرێت، نە دەخوێنرێتەوە و نە جێبەجێ دەکرێت. لەوەش گرنگتر، قانوون تەنیا بە زمان دەرنابڕدرێت، بەڵکوو لە زماندا پێکدێت و مانادار دەکرێت. بۆیە تێگەیشتن لە سروشتی مافی زمان مەرجێکی پێشوەختەیە بۆ تێگەیشتن لە گەوهەر و سروشتی خودی ماف.

**کردە ئاخافتن و دادپەروەری: ئۆستین، سیرل و زمان وەک کردەوەی قانوونی**

لە بەریەککەوتنی فەلسەفەی زمان و تیۆری قانووندا، ڕێبازی فەلسەفی جۆن ئۆستین

(J. L. Austin) و دواتر جۆن ئارِ سیرل، (John R. Searle)، لە چوارچێوەی تیۆریی کردە ئاخاوتن[٣] یەکێکە لە بناغە سەرەکییەکانی تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان زمان، دەسەڵات و دادپەروەریی. ئەم تیۆرییە کە ڕەگ و ڕیشەی لە نەریتی فەلسەفی شیکاری زمانەوانیدا هەیە، پێی وایە زمان نەک تەنها بۆ وێناکردنی جیهان، بەڵکوو بۆ ئەنجامدانی کارێک لە جیهاندا بەکاردێت و ئەم ئەرکە، بەتایبەتی لە بواری قانووندا واتایەکی ناوەندیی هەیە.

جۆن ئۆستین لە کتێبی چۆن شتەکان بە وشە ئەنجام بدەین[٤] (١٩٦٢)، پێکهاتەی نەریتی مانای خستە بەردەم پرسیار و دەستی کرد بە نیشاندانی ئەوەی کە ئاخاوتن، لە زۆر حاڵەتدا، جۆرێکە لە کردار و سێ ئاستی ئاخافتنی جیا کردەوە:

### ١. کردەی قسەیی[٥]

ئەم ئاستە بنەڕەتیترین ئاستی ئاخافتنە و بەرهەمهێنانی دەنگ و وشە و ڕستەی ڕێزمانی و مانادار لەخۆدەگرێت. بە واتایەکی تر گوتاری دەربڕین بە واتای «تەنها دەربڕینی شتێک بە زمان» کە لە ڕووی پێکهاتەوە ڕاست بێت و مانای هەبێت. بۆ وێنە لە ڕستەی «پەنجەرەکە کراوەیە». تەنها ڕستەیەکی مانادار دەربڕدراوە کە زانیاری بگەیەنێت، بەبێ ئەوەی مەرج بێت هیچ بکات.

### ٢. کردەی ئامانجدار[٦]

لەم ئاستەدا ئاخافتن لە ئاگادارکردنەوە پەتی تێدەپەڕێت؛ قسەکەر بە وتنی شتێک کارێک دەکات. وەک بەڵێندان، فەرماندان، هەڕەشەکردن، دادوەریکردن، پاکانەبۆکردن و بێتاوانکردن و هتد. بۆ وێنە ئەگەر داوەر بڵێت: «تاوانبار بە پێنج ساڵ زیندان سزا دەدرێت» لێرەدا دادوەر تەنها گوزارشت نادات بەڵکوو ڕاستییەکی قانوونی بەدی دەهێنێت. ڕستە لێرەدا تەنیا بڕیار نیە؛ بەڵکوو لێرەدا ڕستەکە، جێبەجێکەری بڕیارە.

ئەو کردەوە ویستییانەی لە ڕستەی «بەڵێن دەدەم سبەی بێم»، «داوای لێبووردنت لێدەکەم» و «تۆ لە کارەکەت دەرکرایت» کردەوەکانی بەڵێندان و داوای لێبووردن و دەرکردن ئەنجام دەدەن. ئەم ئاستە لە ئاخافتن ڕێک لەو شوێنەیە کە زمان دەبێتە کردەیەکی کۆمەڵایەتی کاریگەر.

### ٣. کردەوەی کاریگەر[٧]

ئەم ئاستە پەیوەندیی بە کاریگەریی ڕاستەقینەی ئاخافتنەکە لەسەر گوێگر هەیە. واتە چ کاردانەوەیەک یان گۆڕانکارییەک لە باری دەروونی یان ڕەفتاری گوێگردا بەرهەم

دێت. بۆ نموونە وتنی «ئەگەر بچیتە دەرەوە نەخۆش دەکەویت» لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی گوێگرەکە بترسێت یان لە ڕۆیشتن بێهیوای بکات. هەروەها ڕەنگە ئەو وتەیەی کە دەڵێت: «هەرگیز سەرکەوتوو نابیت»، گوێگرەکە بێهیوا بکات یان هانی بدات. لێرەدا، جەخت لەسەر ویستی قسەکەر نیە بەڵکوو لەسەر ئەو کاریگەرییەیە کە قسەکە لەسەر کەسێکی دیکە هەیەتی- کاریگەرییەک کە ڕەنگە هەندێک جار خوازراو نەبێت و لەدەرەوەی کۆنترۆڵی قسەکەر بێت.

لە سیستەمی دادوەرییدا گرنگیی ئاخافتن نەک لە ئاستی یەکەم، بەڵکوو لە ئاستی دووەم و سێیەمدایە. بۆ وێنە بڕیاری «تۆمەتبار سزای پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنراوە» تەنها گوزارشتێک لەسەر دۆخەکە نیە، بەڵکوو خۆی کردەیەکی دادوەرییە. دادوەر بە وتن یان بێژەکردنی، سزاکە دەخاتە دۆخی کردەییەوە. ئەم ڕستەیە، بە مانا ڕوون و زوڵاڵەکەی، کردەیەکی ئامانج و مەبەستدارە، واتە قسەی دادوەر لەگەڵ جێبەجێکردندا هاوتایە.

## سیرل و سیستماتیککردنی کردە ئاخافتنییەکان

لە کتێبی کردەی ئاخافتنیدا[٨] (١٩٦٩)، جۆن سیرل، خوێندکاری ئۆستن، بە گەشەپێدانی تیۆریی مامۆستاکەی، پێنج جۆری سەرەکیی کردەی ئاخافتنی دەستنیشان کردووە کە بریتین لە کردەی ڕاگەیاندنی[٩]، فەرمانی، زانیاری، نواندنی و پاڕانەوەی. گرنگترین چەشن لە بواری قانووندا کردەی ڕاگەیاندنییە؛ واتە ئەو ئاخافتنانەی کە لە کاتی گوتنیان جیهان دەگۆڕن (وەک ڕاگەیاندن یان دەرکردنی بڕیار و گرێبەستی هاوسەرگیری).

سیرل جەخت لەوە دەکاتەوە کە «دۆخی بەستێن»[١٠] پێشمەرجی سەرکەوتنی کردەی ئاخاوتنییە؛ واتە مەرجەکانی وەک:

• پێگەی دامەزراوەیی بێژەر (بۆ وێنە بڕیاری دادوەری دەبێ دادوەر دایبێت)،

• ڕەچاوکردنی ڕێکاری فەرمی (بۆ وێنە، دانیشتنی پەرلەمان دەبێت نیسابی قانوونیی هەبێت یان دانیشتنی دادگا قانوونی بێت)،

• بەردەنگی ڕەوا (بۆ نموونە، تۆمەتبار دەبێت لە دانیشتنەکەدا ئامادە بێت).

بەم شێوەیە دەربڕینی دادوەر لە دادگادا ڕەوایە نەک لەبەر مانای ڕستە، لەبەر ئەوەی کە پێکهاتەی دامەزراوەیی بووە بە هۆی کاریگەریی قانوونی ئەو بڕیارە. لێرەدایە کە پەیوەندییەکی قووڵ لەگەڵ شیکارییەکەی بۆردیۆشدا سەرهەڵدەدات: هێزی زمان لە پێگەی دامەزراوەییدا شاردراوەتەوە.

**پەیوەندی ئەم تیۆرییە بە دادپەروەریی زمانییەوە**

کاتێک لە چوارچێوەی دادپەروەریی زمانەوانی و پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی دادوەریدا دەکۆڵرێتەوە، دەرەنجامگەلی ڕوون دەبیندرێن. ئەگەر دادپەروەری لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە بەڕێوە دەچێت، ئەوا تەنها ئەو کەسانە لە پێواژۆی دادپەروەریدا بەشدارن کە مافی ئاخافتنی کاریگەریان هەبێت. زمانێک کە دەرفەتی کردەی ئاخاوتنی نەبێت، یان لە دادگادا دادان بە قسەکانیدا نەنرێت، نەک هەر گوێی لێناگیرێت، بەڵکوو دەسەڵاتی گۆڕینی واقیعیشی نیە.

> **”دادگاکان تەنیا شوێنی گفتوگۆ نین، بەڵکوو ئەو بەستێنانەن کە تێیدا ئاخافتن کرداره و زمان ئامرازی دەسەڵاتە“**

تۆمەتبارێک کە بە کوردی قسە بکات، بەڵام دادگا تەنها زمانی فەرمی بناسێت، بە شێوەیەکی کاریگەر لە کردەی ئامانجدار بێبەش دەبێت. ئەمەش وادەکات کە هاوسەنگی چەکەکان[11] تێکبچێت. ئەم بابەتە لە دادبینیدا بەتایبەت لە دۆزی تاوانکارییدا زۆر گرینگە و یەکەم پێوەری دادگاییکرنێکی دادپەروەرانەیە. دەبێ تۆمەتبار بتوانێت بەو زمانەی کە نەک تەنیا دەتوانێ قسە بکات، بەڵکوو تێبگات و ماناکان و ویست و ئامانجەکانی خۆی لە بەرگریکردن لە خۆی و لە بەرتەکی ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی دەکرێت، دەربڕێت. تێنەگەیشتن لە ناوەرۆک و سەنگ و باری قانوونی پەیفەکان دەبێتە هۆی لەباربردنی هاوسەنگی و یەکسانی چەکەکان لە دادبینیدا. تەنانەت ئەگەر هەموو ڕاستییەکەش لای تۆمەتبار بێت، لە زمانی فەرمیدا، ڕەنگە ئەم وتارە تەنیا وەک وەرگێڕانێک وەربگێڕدرێت نەک کردەوەیەک کە سەنگ و قورسایی قانوونیی هەبێت. بۆیە نەتوانێ بەرگری شیاو بکات. پێکهاتەیەکی لەم چەشنە، نەک تەنها دەبێتە هۆی نایەکسانی پەیوەندی، بەڵکوو نایەکسانی لە کردەوە و بەشداریکردن لە دادپەروەرییشدا بەدامەزراوەیی دەکات. ئەمە تەنیا بۆ سەر تۆمەتبار قەتیس ناکرێتەوە، بەڵکوو تەنانەت وێڕای هەبوونی دەسەڵاتی دامەزراوەیی لە ژووری دادبینیدا، دەکرێت دادوەرێکی کورد بە پشتبەستن بە زاراوەی قانوونی عەرەبی یان بە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە دادگادا، دەسەڵاتی زمانیی کوردی خۆی و بەشێک لە دەسەڵاتی دووانەی دامەزراوەیی و زمانیی خۆی لەدەست بدات؛ ئەمە

ئاشکرا پیشاندەری چۆنیەتیی ژێردەستبوونی سیستەماتیکی ئەو دادوەرە کوردەیە کە لە دوانەی هێزی دامەزراوەیی و زمانی، تەنها کەڵک لە هێزی دامەزراوەیی وەردەگرێت، بە بەراورد بە دادوەرێکی عەرەبی زمان لە دادگایەکی هاوتا لە بەغداد کە هاوکات خاوەنی هێزی دامەزراوەیی و زمانییە و لە هەردوو کەڵک وەردەگرێت.

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە تەنانەت وەرگێڕانێکی وردی ئاخافتن ناتوانێت جێگەی کردەی ئاخافتنی ڕەسەن بگرێتەوە، چونکە وەرگێڕان بەگشتی، ئاستی کردەی قسەیی دەگەیەنێت نەک کردەی ئامانجدار . بۆیە بەستێن، هەوا و پێگە و قورسایی کۆمەڵایەتی ئاخافتن لە وەرگێڕاندا یان ناگوازرێتەوە یان بە زەحمەت و کەموکورت دەگوازرێتەوە.

تیۆریی کردەی ئاخافتنی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دادپەروەریی قانوونی تەنها لە ڕێگەی ڕێسا نووسراوەکان یان فەرمانەکاندا بەدی نایەت، بەڵکوو لەو کردە ئاخافتنییەکانەدا مسۆگەر دەبن کە لە لایەن دامەزراوەکانەوە ددانیان پێدا دەنرێت. ئەگەر زمانی زگماکی هاووڵاتیان- وەک زمانی کوردی- لە بازنەی ئەم کردەوانە دوور بخرێتەوە، ئەوا بە شێوەیەکی ئاشکرا مافی دادپەروەرییان لێ بڕدراوە. لێرەدا دادپەروەریی زمانەوانی داواکارییەکی کولتووری نیە بەڵکوو پێشمەرجی بەشداریکردن لە کردەوەی قانوونی ڕەوادایە. میشێل فۆکۆ تیۆریستی فەرەنسی لە شیکارییە گوتارییەکانی خۆیدا نیشانی دا کە زمان نەک ئامرازی دەربڕینی حەقیقەت، بەڵکوو لە بنەڕەتدا میکانیزمی بەرهەمهێنانی حەقیقەتە. لای ئەو، سیستەمی قانوونی، پزیشکی، یان تاوانکاری، گوتارگەلێکن کە لە ڕێگەی زمانەوە جیهانی کۆمەڵایەتی پۆلێن، کۆنترۆڵ و مانا دەکەن. دادگا، لەم چوارچێوەیەدا، شوێنێک نیە بۆ دۆزینەوەی ڕاستی، بەڵکوو فەزایێەکە بۆ بەرهەمهێنانی ڕاستی لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە (Foucault، ١٩٧١). ئەگەر زمانی تۆمەتبار یان چاوەر (شایەتحاڵ) لە پێکهاتەی دادگادا نەناسرێت، نەک هەر ڕاستییەکەی نابیسترێت، بەڵکوو لە هەر چەشنە ئیمکانێک بۆ پێکهێنانی ڕاستییەکی جیاوازیش بێبەش دەکرێت.

## زمان و بەرهەمهێنانی حەقیقەت لە بیری فۆکۆدا: لە نواندنەوە بۆ جێبەجێکردنی دەسەڵاتی گوتاری

لە ئیپیستمۆلۆژیای میشێل فۆکۆدا، زمان هەرگیز ئامرازێکی بێلایەن بۆ گەیاندنی مانا یان دەربڕینی ڕاستی نیە. بە پێچەوانەی نەریتەکانی هزرگەرای کلاسیک کە زمانیان وەک گەیێنەرێکی پاسیف بۆ نوێنەرایەتیکردنی حەقیقەت سەیر دەکرد، فۆکۆ زمان وەک میکانیزمێکی چالاکانەی دەسەڵات و بەرهەمهێنانی حەقیقەت شی دەکاتەوە. ئەم ڕێبازە

بە تایبەتی لە بەرهەمەکانی وەک شوێنەوارناسیی زانست (١٩٦٩)، تەکوزیی ئاخافتن (١٩٧١) و ئیرادەی زانین (١٩٧٦)دا بە ڕوونی شی کراوەتەوە.

لە کتێبی تەکوزیی ئاخافتندا[١٢] (١٩٧١)، فۆکۆ جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوەی بە «ئاخافتنی ڕەوا» دادەنرێت، بەرهەمی تۆڕێک لە ڕێسا و دامەزراوە و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە. هەر لە سەرەتای وانەوتارەکەیدا دەڵێت:

«لە هەموو کۆمەڵگایەکدا بەرهەمهێنان، دەربڕین، دابەشکردن و بەکارهێنانی ئاخافتن، ملکەچی سەرپەرشتی و کۆنترۆڵکردنی پراکتیزە تایبەتەکانە کە مەبەستیان لەخۆگرتن و ڕێکخستنی هێز و مەترسییەکانی زمانە» (Foucault, ١٩٧١: ٥٢).

**”بۆیە دادپەروەریی زمانەوانی داواکارییەکی کولتووریی نیە، بەڵکوو پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەریی دادوەریی. زمان تەنیا کاتێک دادپەروەریی مسۆگەر دەکات کە خۆی بابەتی دادپەروەریی بێت“**

لە روانینی فۆکۆدا، ڕاستی هەمیشە لەناو ڕژێمێکی گوتاریدا[١٣] بنیات دەنرێت، واتە کۆمەڵێک قانوونی ناڕاستەوخۆ و ڕوون کە دیاری دەکەن کە دەتوانرێت چی بگوترێ و چۆن بگوترێ و کێ ڕێگەی پێدەدرێت بیڵێت. بەم مانایە زمان ئامرازێک بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت نیە، بەڵکوو گۆڕەپانێکە بۆ ململانێی دەسەڵات بۆ پێناسەکردنی حەقیقەت. ئەم پێکهاتە لە قۆناغە مێژوویە جیاوازەکاندا فۆرمی گوتاریی جیاواز وەردەگرێت، کە فۆکۆ بە ئیپیستیم[١٤] ناوی دەبات، واتە پێکهاتەی زانایی هەر سەردەمێک.

فۆکۆ لە کتێبی ئیرادەی زانین[١٥] (١٩٧٦)دا، ئەم بۆچوونە بە ڕوونیتر دەردەبڕێت:

«دەبێت بەرهەمهێنانی حەقیقەت شی بکەینەوە. نەک وەک شتێکی شاراوە کە چاوەڕوانی دۆزینەوە بێت، بەڵکوو وەک شتێک کە لە کۆمەڵگادا بەرهەم دەهێنرێت و دەبێت لە ڕێگەی ئامراز و دامەزراوە تایبەتەکانەوە لێی بکۆڵرێتەوە» (Foucault, ١٩٧٦: ٢٤).

ئەم شیکارییە لە چوارچێوەی سیستەمی دادوەریدا مانا و گرنگی تایبەت وەردەگرێت.

فۆکۆ لە کتێبی چاودێری و سزادان[١٦] (١٩٧٥)دا نیشان دەدات کە دادگای مۆدێرن بە پێچەوانەی باوەڕی جەماوەرییەوە، تەنیا شوێنێک نیە بۆ بەرێوەبردنی دادپەروەریی یان دۆزینەوەی حەقیقەت، بەڵکوو شوێنێکە بۆ بەرهەمهێنانی حەقیقەتی دادوەری. ڕاستی لە دادگادا نەک بە ئاماژەدان بە ئەزموونی ژیاو، بەڵکوو لە شێوەی بەڵگەنامە، سوێند، ددانپێدانانی فەرمی و زمانی قانوونیدا بنیات دەنرێت- زمانێک کە لە پارزوونی دامەزراوە فەرمیەکانەوە تێپەڕیوە و تەنها لە حاڵەتێکدا بە ڕەوا دادەنرێت کە لەلایەن دادوەری خاوەن شەرعییەتەوە پەسەند بکرێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر زمانی دایکیی تۆمەتبار (بۆ وێنە کوردی) لە دەرەوەی بازنەی شەرعیەتی گوتاری (ڕەوایی گوتاری دادوەریی) دادوەری بێت، تەنانەت ڕاستگۆترین گێڕانەوەکانیش بە ڕاستی ئەژمار ناکرێن، چونکە «فۆڕمی گوتاری ڕەوا»یان نیە. لێرەدایە کە فۆکۆ پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات لە رووە قانوونییەکەیەوە نیشان دەدات:

«دەسەڵات نە بە سەرکوتکردن، بەڵکوو بە بەرهەمهێنان کار دەکات. دەسەڵات لە زمان، دامەزراوە و پێواژوودا ئامادەیە، حەقیقەت نەک شتێکی سەروسرووشتی، بەڵکوو چەشنەیەک بەرهەمهێنانە؛ و ئەم بەرهەمهێنانە لە چوارچێوەی دامەزراوە و ڕێساکانی ئاخافتندا ڕوو دەدات» (Foucault, ١٩٧٦: ٢٧).

لەم ڕوانگەیەوە دادپەروەریی قانوونی کاتێک بەدی دێت کە هەموو گرووپە زمانەوانییەکان دەرفەتی چوونە ناو میکانیزمی بەرهەمهێنانی حەقیقەتیان هەبێت. کاتێک زمانی کوردی نەک وەک زمانێکی دادوەری لە پێکهاتەی دادگادا، بەڵکوو وەک زمانێکی وەرگێڕدراو، پەراوێزیی، یان «جێیگومان/بەرگومان» هەژمار بکرێت، بەر بەشداریکردنی کوردیزمانان لە بەرهەمهێنانی حەقیقەتی قانوونیدا دەگیردرێت. ئەم جۆرە بەدەرکردنە تەنیا پێشێلکردنی مافێکی زمانی یان کولتووری نیە، بەڵکوو ڕەتکردنەوەی مافی بەرهەمهێنانی حەقیقەت و داڕشتنی گوتاری شەرعییە.

لە ئاکامدا، ئەوەی فۆکۆ فێرمان دەکات ئەوەیە کە دادپەروەری، تەنها بریتی نیە لە دابەشکردنی یەکسانی قانوون، بەڵکوو لە دابەشکردنی یەکسانی ئیمکانەکانی ماناکردن، بیستن و بە ڕەوا هەژمارکردنە. زمان، لە مەیدانی دادگادا، نەک تەنیا گەیێنەری ڕاستی یان حەقیقەتە، بەڵکوو خودی حەقیقەتە.

کۆمەڵناسی فەرەنسی، پییێر بۆردیۆ، لە چوارچێوەی تیۆریی خۆی سەبارەت بە «هێزی ڕەمزیی زمان» پەرەی بە ئەم چەمکانە دا. بۆردیۆ لە کتێبی زمان و دەسەڵاتی ڕەمزیی[١٧](١٩٩١)دا دەڵێت زمان خۆی دەسەڵاتی نیە؛ بەڵکوو دەسەڵات لە پێگەی قسەکەرەوە سەرچاوە دەگرێت. لە دادگادا، دادوەر دەتوانێت فەرمان بدات نەک

لەبەر ئەوەی زمانەکەی تایبەتترە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی مەیدانی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەی دەسەڵاتی دادوەریی و پێکهاتەی قانوون، ئەویان لە پێگەی «بێژەری شەرعی»دا داناوە. لەم ڕوانگەیەوە، قسەی کەسێک کە لە زمانی فەرمی دادگا شارەزا نیە، هەر لە سەرەتاوە لە پێگەیەکی لاواز و کەمتردا جێ دەگرێت، چ فۆرم و چ لە ڕووی باندۆر و کاریگەرییەوە.

> **”دادپەروەری، تەنها بریتی نیە لە دابەشکردنی یەکسانی قانوون، بەڵکوو لە دابەشکردنی یەکسانی ئیمکانەکانی ماناکردن، بیستن و بە ڕەوا هەژمارکردنە. زمان، لە مەیدانی دادگادا، نەک تەنیا گەیێنەری ڕاستی یان حەقیقەتە، بەڵکوو خودی حەقیقەتە“**

**چوارچێوەی تیۆری: زمان، دەسەڵات و دادپەروەریی لە بواری قانووندا**

لە لێکدانەوەی دادپەروەریی زمانەوانیدا، بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردی لە سیستەمی قانوونی تاک زمانیدا، بەکارهێنانی چوارچێوەی تیۆریی پییێر بۆردیۆ ڕێگە بە شیکارییەکی قووڵتر بۆ پەیوەندییەکانی نێوان زمان، دەسەڵات و دامەزراوەی قانوون دەدات. بۆردیۆ زمان نەک وەک ئامرازێکی بێلایەن بۆ پەیوەندیکردن، بەڵکوو وەک میکانیزمێکی کۆمەڵایەتی زاڵبوون شی دەکاتەوە؛ میکانیزمێک کە نایەکسانی لە ڕێگەی شەرعیەتدان بە دامەزراوەیی و ناوەکیکردنی کولتوورییەوە بەرهەم دەهێنێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا چوار چەمکی سەرەکی بۆ شیکردنەوەی دادپەروەریی زمانەوانیی کوردی گرنگییەکی بنەڕەتییان هەیە:

یەکەم: هێزی ڕەمزیی زمان؛ واتە ئەو دەسەڵاتەی کە زمان لە ڕێگەی ناسینەوە لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بەدەستی دەهێنێت. زمان بۆ بۆردیۆ بۆ خۆی هیچ هێزێکی نیە؛ ئەوە پێگەی کۆمەڵایەتی قسەکەر و گۆڕەپانی دامەزراوەییە کە بە زمان هێزی سەپاندنی مانا و لێکدانەوەی جیهان و پێناسەکردن شەرعیەت دەدات (Bourdieu, ١٩٩١). لە مەیدانی[١٨] دادگادا، وتارەکەی دادوەر، نەک بەهۆی سروشتی وشەکانەوە بەڵکوو بەهۆی پێگەی دامەزراوەییەوە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەیە. بەهەمان شێوە زمانێک کە لە لایەن سیستمی قانوونییەوە ددانی پێدانرابێت، توانای بەرهەمهێنانی

مانا و جێبەجێکردنی قانوونی هەیە، لە کاتێکدا زمانەکانی دیکە- هەرچەندە ڕوون و ڕەوان و پاراو بن- لە پەراوێز و بێدەنگ دەمێننەوە. لەم ڕوانگەیەوە دوورخستنەوەی زمانی کوردی لە سیستەمی دادوەری، جۆرێکە لە زەوتکردنی دەسەڵات لە ئاخێوەرانی.

دووەم: سەرمایەی زمانی؛ واتە ئەو بەهایەی کە تاکێک یان گروپێک بەهۆی شارەزابوون لە زمانی شەرعی لە گۆڕەپانێکی دیاریکراودا بەدەستی دەهێنێت. لە دادگادا، کەسێک کە بتوانێت بە زمانی فەرمی و بە کەڵکوەرگرتن زاراوەی قانوونی و شێوازێکی بڕواپێکراو قسە بکات، لە دەسەڵاتی ڕەمزیی زیاتر بەهرەمەندە. زمانی کوردی، بە تایبەت لە سیستەمی قانوونی ئێران و تورکیەدا، سەرمایەی دامەزراوەیی نیە. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەگەر ناوەڕۆکی ئاخاوتنی کوردی ورد، ڕوون، ڕەوان و پاراویش بێت، لە پێکهاتەی قانوونی باڵادەستدا بە ناشەرعی دادەنرێت. ئەم دۆخە لە پێکهاتەی قانوونی عێراق و پەیوەندییەکەی لە گەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ئاڵۆزترە، بەڵام لە کرۆکی بابەتەکەدا کە نەبوونی شەرعیەتی زمانی کوردی لە بەستێنی قانوونیدایە هیچ جیاوازییەکی نییە.

سێیەم: بواری قانوونی؛ بۆردیۆ «مەیدانی قانوونی» وەک فەزای کۆمەڵایەتی پێناسە دەکات کە تیایدا ئەکتەرەکان لەسەر شەرعیەت و لێکدانەوەی قانوون و دابەشکردنی مافەکانی ناوبژیوانی پێشبڕکێ دەکەن. ئەم بوارە قانوون و لۆژیک و زمانی تایبەتی خۆی هەیە. لە بوارە قانوونییەکانی ئێران، تورکیا و تەنانەت هەرێمی کوردستانی عێراقیشدا، تەنیا زمانی فەرمی دەوڵەت یان وەرگێڕانی وەک زمانی قانوون ددان پێدانراوە. ئەم قۆرخکارییە دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی زمانی کوردی لە بەشداریی چالاکانە لە بەرهەمهێنانی قانوون و لێکدانەوەی ڕێکارەکان و بەرگری کاریگەر. لە پێکهاتەیەکی وادا دادپەروەریی قانوونی هەر لە سەرەتاوە بە نایەکسانی زمانی پێناسە دەکرێت. شەرعیەت و ڕەوایی بوونی هەر قانوونێک گرێدراوی رووکەش و ناوەرۆکی قانوونەکەیە؛ بۆیە لە ئەگەری پەراوێزخستندا، لادان لە واتای قانوون هەیە و ئەمە دەبێتنە هۆی ستەمکاریی و لەناوبردنی بواری یەکسانیی.

چوارەم: خووی زمانی؛[١٩] بۆردیۆ بە چەمکی خووی زمانی نیشان دەدات کە باڵادەستی زمانەوانی نەک تەنیا لە دامەزراوەکاندا، بەڵکوو لە ناوشیار و نەستی تاکەکانیشدا دامەزراوەیی دەکرێت. تاکەکان بە درێژایی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان فێر دەبن کە کام زمان ڕەوایە، و کام زمان «بۆ بێدەنگی گونجاوترە». تۆمەتبارێک، پارێزەرێک، یان شایەتحاڵێک کە کورد زمانە، ڕەنگە خۆبەخشانە دەستبەرداری زمانی دایکیی خۆی بێت، تەنانەت بەبێ فشاری دەرەکیش، چونکە فێربووە زمانەکەیان زمانی قانوون نیە.

ئەم ناوەکیکردنی بێدەنگییە، ئەو شوێنەیە کە تێیدا نادادپەروەریی زمانی بە شێوەیەکی شاراوە و بەردەوام بەرهەم دەهێنرێتەوە.

لە دەرەنجامدا، بەکارهێنانی تیۆرییەکانی بۆردیۆ بۆ شیکردنەوەی دادپەروەریی زمانیی کوردی، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کێشەکە تەنیا نەبوونی وەرگێڕان یان سنووردارکردنی ئیداری نیە، بەڵکوو پێکهاتەیەکە کە بریتییە لە هەژموونی ڕەمزیی، نایەکسانی سەرمایەی زمانی، قۆرخکاریی بواری قانوونی و ناوەکیکردنی پەراوێزخراوبوونی زمانی. بۆیە دادپەروەریی زمانی بۆ کورد پێویستی بە شتێک زیاتر لە چاکسازیی ئیداری یان زیادکردنی وەرگێڕە؛ بەو واتا کە پێویستی بە بنیاتنانەوەی بواری قانوونی و شەرعیەتدان بە زمانی دایک و دامەزراندنی دامەزراوەی سەربەخۆ بۆ بەرهەمهێنانی گوتاری قانوونی کوردی هەیە.

> **”دادپەروەریی زمانی کوردی بە واتای دانانی زمانی قانوون لە دڵی زمانی گەلەوەیە؛ واتە کوردیزمانەکان تەنیا بەردەنگی قانوونەکە نین، بەڵکوو نووسەرانی ئەو قانوونەشن.**
> **بە واتایەکی تر، دادپەروەریی زمانەوانی کاتێک بەدی دێت کە زمانی کوردی بتوانێت مافەکان پێناسە بکات، نەک تەنها وەرگێڕیان بێت“**

گرێدراویی زمانی قانوونی بە پێکهاتەی دەسەڵاتەوە لە ڕوانگەی فەلسەفەی ماناشەوە شیاوی شیکارییە. لودویگ ڤیتگنشتاین، لە کتێبی لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان (١٩٥٣) دا دەڵێت، واتا نەک لە وشەدا بەڵکوو لە بەکارهێنانیان لە «یارییە زمانییەکان»دایە. وشەکانی «تاوان» یان «پاکانە» مانایەکی جەوهەریان نیە؛ بەڵکوو ماناکانیان لە بەکارهێنانیان لە چوارچێوەی دادگا و لە پێوەندییان لەگەڵ وشەکانی دیکە و ڕێکارەکان و هەڵوێستی قسەکەراندا سەرهەڵدەدات. مانای قانوونی بەرهەمی کارلێکەریی زمانییە. هانس جۆرج گادامێر لە تیۆری هێرمێنۆتیکی خۆیدا درێژە بە ئەم بابەتە دەدات. ئەو پێی وایە مانا دەرئەنجامی بەریەککەوتنی ئاسۆکانە: ئاسۆی زمانی دەق، لەگەڵ ئاسۆی تێگەیشتنی خوێنەر. لە دادگادا ئەم بەریەککەوتنە لە نێوان زمانی قانوون و

زمانی تۆمەتباردا ڕوو دەدات. بەڵام ئەگەر زمانەکان بە یەکتر نامۆ بن، پێکدادانی ئاسۆکان دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن، نەک بەرهەمهێنانی مانا. ئەمەش، لە سیستەمی دادوەریدا، تەنیا کێشەیەکی فەلسەفی نیە، بەڵکوو جۆرێکە لە نادادپەروەریی پێکهاتەیی (Gadamer, ١٩٧٥).

لە ڕوانگەی قانوونییەوە ئەم بۆچوونانە هانمان دەدەن بۆ دووبارە ناسینەوەی پێگەی زمانی دایکی لە پێواژووی دادوەریدا. بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، لەوانەش پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (ICCPR) و ڕێککەوتننامەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ (ECHR)، جەخت لەوە دەکەنەوە کە زمانی فامکراو مەرجی دادگاییکردنی دادپەروەرانەیە (ICCPR مادەی ١٤؛ مادەی ٦ی ECHR). بەڵام لە کردەوەدا، زۆرێک لە دادگاکان -بە تایبەت لەو کۆمەڵگە فرە زمانگەلەدا کە یەک زمانی فەرمی بەسەریاندا زاڵە- ئەم مافە تەنیا لە چوارچێوەی ئامادەبوونی ڕەمزیی وەرگێڕێکدا دەناسن. دیارە ئەوەی پێویستە نەک وەرگێڕان، بەڵکوو ناسینی زمانی دایک وەک زمانی قانوونە. مافی سوودمەندبوون لە وەرگێڕ و وەرگێڕان لە دادبینیدا تەنیا رووکەشی قانوون و مافەکەیە. قانوون بە بێ ناوەرۆک دەتوانێ ببێتە ئامرازی سەپاندنی باڵادەستی لایەنێک و پەراوێزخستن و بندەستی لایەنەکەی دیکە. بۆیە وەرگێڕان ناتوانێ ناوەرۆکی پەیڤەکان وەک ئەوەی کە لە زمانی دایکیدا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە، بە هەمان ناوەرۆک و مەبەست و ناوئاخنەوە بگوازێتەوە بۆ دادگا و دادوەر و لایەنی بەرانبەر.

هەبوونی وەرگێڕ ڕەنگە بتوانێ «قانوونی بوون»[٢٠] بپارێزێت بەڵام بێگومان ناتوانێ لە هەموو هەل و مەرجێکدا «ڕەوایی بوون»[٢١] دەستەبەر بکات. لەم سۆنگەیەوە دەگوترێت قانوون بە بێ ناوەرۆکی ڕەوا تەنیا فەرمانێکی زۆرەملی و ستەمکارانەیە. سەروەریی قانوون[٢٢] بە هەبوونی هەر دوو لایەنی رووکەش[٢٣] و ناوەرۆکی[٢٤] قانوون دەستەبەردەکرێت. بیبەشکردن لە مافە زمانییەکان بۆ گەلی کورد لە دادگاکاندا بە قانوون ڕێکخراوە؛ واتا ئەوەی کە دەکرێت جێبەجێکردنی خودی قانوونە بەڵام کێشە لە ناوەرۆکی قانوونەکەدایە کە دەبێتە هۆی سپاندنی دۆخێکی ناڕەوا کە نایەکسانی بەهەم دێنێت و پێوەری یەکەمی سەروەریی قانوون لەناودەبات کە یەکسانییە لەبەردەم قانووندا[٢٥] . باڵادەستی و بندەستی زمانیی لە دادبینیدا یەکسانی پێگای لایەنەکانی دۆز یان داوا لە دادگادا لەباردەبات.

**بەشی سێیەم: لە وەرگێڕانەوە بۆ دامەزراوە – ئالنگاریی و ئەگەر و ڕێگاکان بۆ دادپەروەریی زمانی**

١. وەرگێڕان وەک قەیرانێکی فەلسەفی: لە هێرمێنۆتیکەوە بۆ فەلسەفەی ڕەخنەیی

وەرگێڕان، لە یەکەم نیگادا، پێدەچێت کردەیەکی پراکتیکی بێت – گواستنەوەی چەمکەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە. بەڵام لە نەریتی فەلسەفی مۆدێرندا ئەم کردەوە بووەتە یەکێک لە بابەتە هەرە بنچینەییەکان لە مەعریفە و مانا و دەسەڵاتدا. لە ڕوانگەیەکی هێرمێنۆتیکییەوە (گادامێر، دیلتای)، هەموو وەرگێڕانێک هەوڵێکە بۆ بەیەکگەیاندن و یەکخستنی ئاسۆکان؛ بەڵام ئەم یەکگرتنە هەرگیز تەواو نیە، چونکە زمانەکان نەک هەر وشەسازی جیاوازیان هەیە، بەڵکوو نوێنەرایەتی «جیهان-ژین»ێکی جیاوازیش دەکەن (Gadamer, ١٩٧٥). لە نەریتی ڕەخنەگرانەدا (بەتایبەت دێریدا و بنیامین) وەرگێڕان وەک کردەوەی ئەستەم لە قەڵەم دەدرێت؛ کردەوەیەک کە هەرگیز ناتوانێت «ڕەسەن»ەکە بگوازرێتەوە یان وەک خۆی بەرهەمی بێنێت، لە کاتێکدا کە هەمیشە کارێکی ناتەواو، پاشکەوتە و لە ڕووی هێزی ناسیندا مەرجدارە. دێریدا وەرگێڕان بە چەمکی «دیفرانس»ەوە[٢٦] دەبەستێتەوە، بەو مانایەی کە مانا هەمیشە لە مەودا و پاشکەوتنی نێوان وشەکاندا خلیسکەیە (Derrida, ١٩٧٢). لە ئەنجامدا وەرگێڕان لە سیستەمی قانوونیدا گواستنەوەی زوڵاڵی مانا نیە، بەڵکوو گۆڕەپانی شەڕە بۆ شرۆڤەکردن، هێز و چەسپاندنی باوەڕپێکراویی ئاخافتن. لە ڕوانگەی واڵتەر بنیامینیشەوە وەرگێڕان نە لاساییە و نە هاوتابوونە؛ بەڵکوو ڕەنگدانەوەیەکە لە ئیمکانی زمانە بۆ کراوەیی ماناکانی تر. لەم چوارچێوەدا، وەرگێڕان کردەوەیەکی بێلایەن نیە، بەڵکوو لێوانلێوە بە بارگرانی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و گوتاریی (Benjamin, ١٩٢٣).

**٢. وەرگێڕان لە دادگا: سڕینەوەی ویست و تێکدانی سۆبژێکتیڤییەت**

لە سیستەمی دادوەریدا بڕیارە وەرگێڕان ئەرکی نێوەندگیری لە نێوان ئاخێوەرانی زمانی دایکی و زمانی فەرمیدا بگێڕێت. بەڵام لە ڕوانگەی تیۆریی کردەی ئاخافتنییەوە (ئۆستین، سیرل)، وەرگێڕان زۆربەی کات تەنها ئاستی کردەی ئاخافتن دەگوازێتەوە، واتە تەنها ناوەڕۆکی وشەیی. بەڵام دادپەروەریی لە دادگادا لەسەر کردەی ئامانجدار بنیات دەنرێت: کردەوەکانێک وەک ددانپێدانان، نکوڵی، بەرگری، گومان و هەڕەشە کە لە چوارچێوەی ئاخافتنی فەرمیدا کاریگەرن (Austin, ١٩٦٢; Searle, ١٩٦٩). ئەو تۆمەتبارەی کە تەنها «قسە»ی «وەرگێڕدراوە»، ئیتر بکەرێکی قانوونی نیە، بەڵکوو تەنیا بابەتێکە بۆ نواندنەوە. هەروەها لە ژێر ڕۆشنایی تیۆریی بۆردیۆدا، هێزی ئاخافتن لە دادگادا لە شەرعیەتی دامەزراوەیی زمانەوە سەرچاوە دەگرێت. وەرگێڕ، لە پێکهاتەی فەرمیی دادگادا، پێگەی ئامانجداری نیە؛ ئەو نێوەندگیرێکە کە قسەکانی دەهێنێتەوە نەک کردەیەکی قانوونی. بۆیە وەرگێڕان بە شێوەیەکی کاریگەر قسەی ئاخێوەر لە گۆڕەپانی بڕیاردان لا دەبات. تاکی کوردیزمان تەنانەت ئەگەر حەقیقەت بڵێت، چونکە زمانەکەی سەرمایەی زمانەوانی ڕەوای تێدا نیە، قسەکانی نابێتە ڕاستییەکی دادوەریی

(Bourdieu، ١٩٩١). جگە لەوەش، پێکهاتەی گوتاریی دادگا، وەک فۆکۆ دەڵێت، نەک تەنیا ڕێساکانی زمان، بەڵکوو مافی ڕەوای ئاخافتنیش دیاری دەکات (فۆکۆ، ١٩٧١). وەرگێڕان، لەم پێکهاتەیەدا، قسە لە شوێنی گوتاری دادوەریی لادەبات و دەیخاتە پەراوێزی تەکوزیی ئاخاوتنی فەرمییەوە.

**٣. ئەزموونی مێژوویی: وەرگێڕان لە دادگا کۆلۆنیالیستییەکاندا**

بۆ ئەوەی وردتر لە ڕۆڵی وەرگێڕان لە دووبارە-بەرهەمهێنانەوەی هەژموون تێبگەین، ئەزموونی دادگا کۆلۆنیالییەکانی بەریتانیا لە هیندستان نموونەیەکی ئامۆژگاریدەرە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا دادگاکانی بەریتانیا بە ئامادەبوونی زۆری وەرگێڕانی هیندی بەڕێوە دەبرا. بەڵام زۆرجار، وەرگێڕەکان هیچ ڕاهێنانێکی قانوونییان نەبوو و وەرگێڕانەکانیان لەلایەن دادوەرە ئینگلیزیەکانەوە سەرپەرشتی دەکران. لێکۆڵینەوە مێژووییەکان (Dirks، ٢٠٠١; Cohn، ١٩٩٦) دەریان خستووە کە وەرگێڕان لەم دادگایانە ئامرازێک نەبووە بۆ بەڕێوەبردنی دادپەروەریی، بەڵکوو ئامرازێک بووە بۆ تەکوزیی کۆلۆنیالیزمی زانین و دەسەڵات. زۆرێک لە ئیفادە و ئیدیعا و چەمکە قانوونیە خۆماڵییەکان یان بە هیچ شێوەیەک وەرنەگێڕدراون یان بە شێوەیەکی شێواو و ئاڵۆز لە دۆز و داکاندا جێگیرکراون. ئینگلیزی، لە کۆتاییدا، تاکە زمان بوو بۆ بەرهەمهێنانی حەقیقەتی قانوونی. وەرگێڕان، لەم پێکهاتەیەدا، ئامرازێک بوو بۆ «بیستن بە بێ گوێگرتن». ئەم ئەزموونە هەندێ جار زۆر لە پێکهاتەی ئەو دادگاکانە دەچێت کە ئە مڕۆ لە ئێران یان تورکیا بەڕێوە دەچن: زمانی دایکیی تۆمەتبار قبووڵ ناکرێت، وەرگێڕ هیچ پێگەیەکی دامەزراوەیی نیە و دەسەڵاتی ئاخافتن تە نها بە زمانی فەرمی دەدرێت. سەپاندنی زمانی فارسی بەسەر ڕەوتی دادگاییکردنی مامۆستایان و ڕاهێنەرانی ئەنجومەنی نۆژین لە شاری سنە، نموونەی دۆخی ڕووتی دادگای کۆلۆنیاڵ لە ئێراندایە.

ئەوەی لە شیکاری تیۆری و ئەزمونی مێژووییەوە دەردەچێت ئەوەیە کە وەرگێڕان لە دادگادا، لە ئامادەنەبوونی دامەزراوەیەکی دوو زمانەدا، جێگرەوەی دادپەروەریی زمانی نیە، بەڵکوو شێوەیەکە لە جێگۆڕکێی سووژەی زمانی بە ئاخاوتنی کۆنترۆڵکراو. دادپەروەریی، لە کۆتاییدا، بە مانای ئیمکانی کردەی ئامانجدار لە مەیدانی قانووندایە و ئەمەش بەبێ ددانپێدانان بە زمانی دایکی، بە بێ دامەزراوەییکردنی زمانی و بەبێ بەشداریکردنی چالاکانە لە بەرهەمهێنانی حەقیقەتی قانوونیدا بەدی نایەت. بە واتایەکی تر، ڕەنگە وەرگێڕان لە کورتخایەندا پەیوەندیکردن ئاسان بکات؛ بەڵام ئەگەر زمانی دایکی نەگۆڕدرێت بۆ زمانی قانوون، دادپەروەریی هەمیشە لە دوورەدەست دەبێت.

ئەگەر دادپەروەریی نەک هەر وەک حوکمێک، بەڵکوو وەک پێواژوویەکی بەشداریی چالاکانە و لێکتێگەیشتنی یەکتر و ئەگەری بەرگریکردن لە قەڵەم بدەین، ئەوا زمان دەبێتە مەرجێکی بنەڕەتی دادپەروەریی. دادپەروەریی زمانی، واتە بە فەرمی ناساندنی زمانی دایک وەک زمانی دادگا، تەنیا داواکارییەکی کولتووری یان ڕەمزی نیە، بەڵکوو پێویستییەکی قانوونی، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییە. بەڵام بەدیهێنانی ئەم دادپەروەرییە، بەتایبەتی بۆ زمانەکانی وەک کوردی کە بێبەشن لە پێکهاتە دامەزراوەییەکان و ئەزموونی قانوونی کۆدکراو، پێویستی بە تێپەڕاندنی ئاستەنگە قووڵەکان و داڕشتنی ڕێبازێکی دامەزراوەیی هەیە.

**”دادپەروەری تەنها کاتێک دادپەروەریی ڕاستەقینە دەبێت کە هەمووان بتوانن پشکی یەکسانیان تێدا هەبێت. ئەمەش بەبێ زمانی دایکی ئەستەمە و لە ژێر سێبەری سەروەری قانووندا دەکرێت“**

یەکەم و بەرچەستەترین ئاستەنگ پرسی وەرگێڕانە لە دادگاکاندا. لە نەبوونی دانپێدانانی فەرمی بە زمانی کوردی وەک زمانی دادبینیی، وەرگێڕان دەبێتە تاکە پەیوەندی لە نێوان تاک و سیستمی داد. بەڵام ئەم وەرگێڕانە زۆرجار بە چەند هۆکارێک ناکاریگەر و ناتەواو و تەنانەت زیانبەخشە. یەکەم، نەبوونی ڕاهێنانی قانوونی بۆ وەرگێڕان دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرێکیان بە زەحمەت لە زاراوە تەکنیکییەکان، لە هەوای دادوەرەکان، یان باری ماناداری ڕستەکان بە وردی تێبگەن. توێژینەوەکانی زمانەوانی دادوەری زۆر جار دەریانخستووە کە وەرگێڕانی هەڵە لە دادگادا دەتوانێت لە بنەڕەتدا ڕەوتی دۆزێک بگۆڕێت (Eades, ٢٠١٠).

ئاڵنگاریی دووەم نەبوونی پەروەردەی قانوونییە بە زمانی کوردی. لە ئێران و تورکیا خوێندنی قانوونی تەنیا بە زمانی فەرمی ئەو وڵاتە دابین دەکرێت. تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش هەرچەندە زمانی کوردی زمانی خوێندنی زانکۆیە، بەڵام هێشتا بەرنامەیەکی پەروەردەی قانوونی لە سەر بنەمای وشەسازی و لۆژیک و چوارچێوەی چەمکیی خۆماڵی دانەڕێژراوە و گەشەی پێ نەدراوە (Nasir, ٢٠١٧). لە ئەنجامدا جیلی

پارێزەرانی کورد، هەرچەندە زمانی دایکیان کوردی بێت، بەڵام بە زمانی فارسی، تورکی، یان عەرەبی فێری قانوون دەبن. ئەم پەروەردەیە زۆرجار بەبێ ئیمکانی گواستنەوەی چەمکەکان بۆ زمانی کوردی بەردەوامە و لە ئەنجامدا تەنانەت پارێزەرانی کوردیش ناچار دەبن بە زمانی دەسەڵات گەنگەشە بکەن نەک زمانی کۆمەڵگا.

لێرەدایە کە پێویستی بە دامەزراوەییکردن سەرهەڵدەدات. دادپەروەریی زمانەوانی بەبێ دامەزراوەکان مومکین نیە . ئەم دامەزراوانە دەبێت بە لایەنی کەمەوە لە سێ بواردا دیزاین بکرێن:

**یەکەم:** لە بواری وەرگێڕان و ڕاڤەی قانوونیدا، پێویستییەکی زۆر بە ناوەندی ڕاهێنان بۆ وەرگێڕانی دادوەری بە شارەزایی تایبەت لە زمانی قانوون و شێوەزارە کوردییەکاندا هەیە. وەرگێڕەکان دەبێت نەک هەر دوو زمانە بن، بەڵکوو مەرجە ئاشنای لۆژیکی قانوونی و هەوای دادوەرەکان و ڕێکارەکانی دادگاش بن.

**دووەم:** لە بواری وشەڕوونان و وشەسازی، کۆکردنەوە و ڕاهێناندا، پێویستی بە «گرووپی کاری قانوونی کوردی» وەک بەشێک لە «ئەکادیمیای زمانی کوردی»دا هەیە؛ دامەزراوەیەکی هاوشێوەی ئەوانەی لە کەتەلۆنیا یان وێڵزدان (Laitin, ٢٠٠٢; Williams, ٢٠٠٠). ئەم دەزگایە دەبێت بەرپرسیار بێت لە دارشتنی وشە تایبەتەکان، ئامادەکردنی سەرچاوەی پەروەردەیی و بەرهەمهێنانی دەقی قانوونی بە زمانی ڕەسەن.

سێیەم: لەسەر ئاستی دادوەریی، پێویستە دادگاکان زمانی کوردی وەک زمانی فەرمیی دادبینی بناسن. بۆ وێنە لە وێڵز مەرجە دادگا ناوخۆییەکان بە زمانی وێڵزی خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن؛ لە کەتەلۆنیا دادوەر و پارێزەران دەتوانن تەواوی پێواژووی قانوونی بە زمانی کەتەلۆنی ئەنجام بدەن. لە باشووری ئەفریقا، زمانە ڕەسەنەکان لە دادگاکاندا پێگەیەکی قانوونییان هەیە. ئەم نموونانە ئەوە دەردەخەن کە فرە زمانی دادوەری نەک هەر مومکینە، بەڵکوو مەرجێکە بۆ دادپەروەریی لە کۆمەڵگا فرەزمانەکاندا (Piller, ٢٠١٦). لێرەدا بەراوردکردن لەگەڵ ئەزموونەکانی وەک کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا و وێڵز لە بەریتانیا ئامۆژگاریدەرە. لە کەتەلۆنیا، لە دوای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، حکومەتی هەرێم پەروەردەی قانوونی بە زمانی کەتەلۆنی بە دامەزراندنی «پەیمانگای توێژینەوەی کەتەلۆنی» ڕێکخست و دامەزراوەی زمانی فەرمی، پەروەردە بە زمانی کەتەلۆنی دەست پێ کرد. دادگاکان بەم زمانە کاردەکەن و بەڵگەنامە و بڕیار و ڕێسا فەرمییەکان بە زمانی ڕەسەن بەرهەم دەهێنرێن و تۆمار دەکرێن (Laitin, ٢٠٠٢). لە وێڵز قانوونی زمانی وێڵزی (١٩٩٣) مافی بەکارهێنانی زمانی وێڵزی لە دادگاکاندا مسۆگەر دەکات و دادگا ناوخۆییەکان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەواو بە زمانی خۆجێی

پابەندن (ویلیامز، ٢٠٠٠). لە هەردوو حاڵەتەکەدا سەرکەوتنی دادپەروەریی زمانەوانی نەک تەنها دەرئەنجامی دانپێدانانی قانوونی بووە، بەڵکوو بەدامەزراوەییکردن و پەروەردەکردن و ئیرادەی سیاسیش بووە.

لە کۆتاییدا گەیشتن بە دادپەروەریی زمانەوانی پێویستی بە گۆڕانکاری لە «وەرگێڕان»ـەوە بۆ «یەکسانی» هەیە. وەرگێڕان لە کاتێکدا هەنگاوێکی گرنگە، بەڵام جێگرەوەی یەکسانی زمانی نیە. دادپەروەری تەنها کاتێکە کە هەموو کەسێک بتوانێت بە زمانی خۆی سکاڵا تۆمار بکات، قسە بکات، موناقەشە بکات و لێی تێبگات.

## بەشی چوارەم: زمانی کوردی و سیستەمی قانوونی – گێڕانەوەی بێدەنگی و بەرخۆدان و بێئاڕاستەی پێکهاتەیی

وەک ئەوی کە باسکرا، لە سەرانسەری جوگرافیای کوردیدا، لە زۆربەی دادگاکاندا، نە ئیمکانی بەرگریکردن بە زمانی کوردی هەیە، نە بەڵگەنامەی قانوونی بەم زمانە ئامادە دەکرێت و نەش پەروەردەی قانوونی بە زمانی کوردی هەیە. ئەوەی هەیە زۆرجار یان بە ڕوونی وەدەر نراوە، یان سنووردارە بە جۆرێک لە ناسینی ناتەواو و ڕەمزیی. پێکهاتە قانوونییەکانی ئەم وڵاتانە، هەرچەندە لە ئاستی دەستووری یان ئیداریدا ڕەنگە جیاواز بن، بەڵام لە ڕووی پێکهاتەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ زمانی کوردیدا وەک یەک مامەڵە دەکەن و زمانی کوردی لە کایەی دادپەروەریی فەرمی دوور دەخەنەوە.

لە ئێراندا مادەی ١٥ی دەستوور تەنیا زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی ناساندووە، هەروەها بەکارهێنانی زمانە نەتەوەیی و ناوچەییەکان بۆ میدیا و پەروەردەی ئەدەبی سنووردار دەکات. لە پراکتیکدا هیچ دەقێک بە زمانی کوردی لە دادگا، نووسینگەی تۆمار و دادنووسییەکان، یان دادبینییدا وەرناگیرێت. تۆمەتبارانی کوردی زمان، ئەگەر بە باشی لە زمانی فارسی تێنەگەن، ناچار دەبن وەرگێڕ بەکاربێنن؛ وەرگێڕگەلێک کە نە ڕاهێنانی قانوونییان هەیە و نە سیستەمی هەڵسەنگاندنی پیشەیی و سەرپەرشتیکردنی کارەکانیان هەیە. لە ئەنجامدا بەرگری و وتە وەرگرتن و تەنانەت بڕیارەکانیش تووشی شێواندنی زمانی دەبن کە هەندێکجار کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی کەیسەکان دەبێت. لەم پێکهاتەیەدا قانوون تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە لە زمانی دەسەڵات تێدەگەن. لە تورکیا تا ساڵی ٢٠١٣ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکاندا بە تەواوی قەدەغە بوو. تەنانەت بەرگرییەکانی کورد لە زۆر حاڵەتدا بە سووکایەتیکردن بە دادگا دادەنرا. تەنیا دوای وردە چاکسازییەکانی دەسەڵاتی دادوەریی، لە هەندێک دادگادا دەتوانرا وەرگێڕ بەکاربهێنرێت (Çağlayan, ٢٠٢٠). بەڵام هێشتا پێواژووی دادگاییکردن و نووسینی بەڵگەنامەکان و تۆمارکردنی فەرمی تەنها بە زمانی تورکی بەڕێوەدەچێت.

فشاری دامەزراوەیی بۆ بەکارهێنانی زمانی فەرمی، تۆمەتباران و پارێزەرانی کورد ناچار دەکات زمانێک قبوڵ بکەن کە نە زمانی قانوونی ئەوانە و نە زمانی پێژیاوییان. لێرەشدا زمانی دەسەڵات تاکە زمانی شەرعییەتە.

لەبەرامبەردا دۆخی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە یەکەم نیگادا، ئومێدبەخشتر دەردەکەوێت. دوای پەسەندکردنی دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، زمانی کوردی هاوشانی زمانی عەرەبی وەک زمانی فەرمیی وڵات وەرگیرا. لە هەرێمدا دادگا و زانکۆ و زۆرێک لە داموودەسگا ئیداریەکان زمانی کوردی بەکاردەهێنن. بەڵام ئەم بەفەرمیکردنی قانوونییە هێشتا نەبووەتە هۆی بەدامەزراوەییکردنی بەردەوام و کاریگەر. هیچ ئەکادیمیایەکی تایبەت و ئەنجومەنێکی زمان بۆ بەپێوەرکردنی زمانی قانوونیی کوردی نیە. زۆرجار دەقە قانوونییەکان وەرگێڕانێکی لاوازن لە زمانی عەرەبییەوە. بەشێک لە کتێب و شرۆڤە قانوونییەکان بە هزرێکی عەرەبییەوە داڕێژراون و هیچ ڕەنگ و هێمایەکی کۆمەڵگای کوردی و تایبەتمەندیی کوردستانیان پێوە نیە. پەروەردەی قانوونی لە زانکۆکان، سەرەڕای ئەوەی بە زمانی کوردی پێشکەش دەکرێت، بەڵام هێشتا زاراوەی ڕەسەن و چوارچێوەیەکی تیۆریی سەربەخۆی نیە (Nasir, ٢٠١٧). هەروەها وەرگێڕە قانوونییەکان بەبێ ڕاهێنانی تایبەت کاردەکەن. هەرچەندە دادگا بەراییەکانی مەدەنی و تاوانکاریی لە حوکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بەڵگەنامە و حوکمەکانیان بە زمانی کوردی تۆمار دەکەن، بەڵام پەیوەندیی نێوان دادگاکانی حوکوومەتی هەرێمی کوردستان و حوکوومەتی فیدراڵی، بە پێچەوانەی دەقی ئاشکرای دەستوور، نایەکسان و نادادپەروەرانەیە؛ چونکە ناڕوونی و دژایەتییە ناوخۆییەکانی دەستوور، ئەو ناکۆکیانەی کە لە پێکهاتەی فیدراڵییەوە سەرهەڵدەدەن، دەسەڵاتی دادوەری نەبوونی سەربەخۆیی و گەندەڵی بەربڵاو، وایکردووە کە بەغدا بە کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی گوتاریی و زمانی، مێژوویی و پەروەردەیی خۆی لە بواری قانووندا بە ئارەزووی خۆی تاک زمانی بەسەر دادگاکانی هەرێمدا بسەپێنێت (Dzhwar A. A., Rouhi E., Abdollahi, J, ٢٠٢٤).

دۆخەکە زۆر خراپتر دەبێت ئەگەر ئەوەش زیاد بکەین کە، لە سێ دەیەی ڕابردوودا، زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بە بێدەنگی بەڵام بە شێوەیەکی مانادار لە پێگەیەکی نایەکسانی نێوان دوو گوتاری دژبەیەکدا گیرۆدە بووە: لە لایەک گوتاری ڕۆژئاوایی ئاراستەکراو کە ئینگلیزی وەک زمانی زانست، قانوون و داهاتوو دەناسێنێت؛ لە لایەکی تریشەوە ئەو گوتارە ئایینی- ئایدیۆلۆژیکەی کە زمانی عەرەبی بە زمانی حەقیقەت و شەریعەت دەزانێت. لە قوتابخانە ئەهلیەکاندا وانەوتنەوە بە زمانی ئینگلیزی زمانی کوردی کردووە بە زمانێکی لاوەکی و پەراوێزخراو. هەروەها لە بازنەی

ئایینیدا زمانی کوردی بۆ چەمکە فیقهی و قانوونییەکان بە جددی وەرناگیرێت. بەم شێوەیە زمانی کوردی لە هەرێمدا نە لە گوتاری مۆدێرن و نە لە گوتاری نەریتییەوە دەسەڵاتی بەدەست نەهێناوە؛ لە ئەنجامدا لە دۆخێکی هەڵپەسێردراوی دابەزینی نێوان دوو گوتاری سیاسی-ئایدیۆلۆژیی هەژموونخوازدا بە هەڵپەسێردراو ماوەتەوە.

**بەشی پێنجەم: دادپەروەریی زمانی کوردی – لە بێدەنگیی مێژوویییەوە بۆ ئاسۆی بەدامەزراوەیی**

هەموو ئەو بابەتانەی بە درێژایی ئەم وتارە خرانە بەر باس، بەرەو پرسیارێکی بنەڕەتی دەمانبەن: ئایا دادپەروەری بەبێ زمانی دایک دەتوانێ مومکین بێت؟ ئەگەر وەڵامەکە نەخێر بێت، ئەوا هەر پێکهاتەیەکی قانوونی کە زمانی دایکیی ملیۆنان کەس پشتگوێ بخات، بە جۆرێک پێکهاتەیەکی نارەوایە. ئەزموونی کورد لە ئێران و تورکیا و تەنانەت هەرێمی کوردستانی عێراقیش گێڕانەوەی مێژوویی ئەم پاکتاوکردنە پێکهاتەییەیە؛ زمانێک کە چەندین سەدە زمانی یادەوەری و شیعر و ئیمان و بنەماڵە بووە، بەڵام هەرکاتێک گەیشتبێتە دادگا، بێدەنگی، وەرگێڕانی ناتەواو، یان نەهێشتنی ڕاشکاوانە بەرەوڕوو بووەتەوە.

بەڵام کێشەکە تەنیا ئەوە نیە کە زمانی کوردی لە سیستەمە دادوەرییەکاندا نەهێڵراوە، بەڵکوو هێشتا هیچ ئاسۆیەکی دامەزراوەیی بەردەوام و ستراتیژی قانوونی و سیاسەتی زمانی تایبەت بۆی داڕێژراو نیە . لە کاتێکدا گەلان و حکومەتەکانی دیکە دادپەروەریی زمانەوانییان لە بەشەکانی دیکەی جیهاندا سەرکەوتووانە بە دامەزراوەیی کردووە، کوردیش لە گوتاری فەرمیدا بە پەراوێز دەمێنێتەوە. ئەزموونی کەتەلۆنیەکان لە ئیسپانیا، کە دامەزراوەی زمانی کەتەلۆنییان دامەزراند و دادگا و زانکۆکانیان بە زمانی زگماکی خۆیان تەیار کرد (Laitin, ٢٠٠٢)، یان ئەزموونی وێڵز کە مافی زمانی لە هێمایەکەوە گۆڕی بۆ دامەزراوەیەک بە قانوونی زمانی وێڵزی (١٩٩٣) (Williams, ٢٠٠٠)، یان تەنانەت ئەزموونی باشووری ئەفریقا بە دانپێدانانی ١١ زمانی فەرمی، هەموویان نیشان دەدەن کە دادپەروەریی زمانی نەک هەر مومکینە، بەڵکوو پێویستە، بە مەرجێک ئیرادەی سیاسی، بە دامەزراوەییکردنی قانوونی و پلاندانانی پەروەردەیی هەبێت. لەم چوارچێوەیەدا دەکرێ چەمکی «دادپەروەریی زمانی کوردی» نەک وەک دروشمێکی کولتووری یان خەمی شوناس، بەڵکوو وەک چوارچێوەیەکی تیۆری و قانوونی و کۆمەڵایەتی پێناسە بکرێت. ئەم دادپەروەرییە، لە ئاستێکی بنەڕەتیدا، لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە بە زمانی خۆی حوکم بدرێت، نەک تەنها لەبەر ئەوەی باشتر لێی تێدەگات، بەڵکوو لەبەر ئەوەی مرۆڤایەتی خۆی تێیدا

ئەزموون دەکات. دادپەروەریی زمانەوانی کوردی واتە مافی یەکسان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی دادپەروەریی بەو زمانەی کە مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە و قسەی پێدەکات و تێیدا دەژی.

**ئەم چەمکە دەتوانرێت لە سێ ئاستدا ڕوون بکرێتەوە:**

لەسەر ئاستی تاک، دادپەروەریی زمانی بەو مانایەیە کە هەموو تۆمەتبارێک، شایەتحاڵێک، یان پارێزەرێکی کوردی زمان دەتوانێت بە زمانی زگماکی خۆی بەکاری بهێنێت و لێی تێبگات، بەبێ ئەوەی پێویستی بە پاساو یان مۆڵەت هەبێت.

لەسەر ئاستی دامەزراوەیی، دادپەروەریی زمانی پێویستی بە بنیاتنانی ئەو ژێرخانە هەیە کە بتوانێت ئەم مافە مومکین و بەردەوام ڕابگرێت: دادگا بە زمانی دادبینیی کوردی، پەروەردەی قانوونی بە زمانی کوردی، ڕاهێنانی وەرگێڕی شارەزا، بەرهەمهێنانی وشە و سەرچاوەی قانوونی ستاندارد، هەروەها بوونی دەسەڵاتی قانوونی کە سەرپەرشتی ئەم پرۆسەیە دەکەن.

لە ئاستی گوتاریدا، دادپەروەریی زمانی کوردی بە واتای دانانی زمانی قانوون لە دڵی زمانی گەلەوەیە؛ واتە کوردیزمانەکان تەنیا بەردەنگی قانوونەکە نین، بەڵکوو نووسەرانی ئەو قانوونەشن. بە واتایەکی تر، دادپەروەریی زمانەوانی کاتێک بەدی دێت کە زمانی کوردی بتوانێت مافەکان پێناسە بکات، نەک تەنها وەرگێڕیان بێت.

لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین دادپەروەری تەنها کاتێک دادپەروەریی ڕاستەقینە دەبێت کە هەمووان بتوانن پشکی یەکسانیان تێدا هەبێت. ئەمەش بەبێ زمانی دایکی ئەستەمە و لە ژێر سێبەری سەروەری قانووندا دەکرێت. قانوونێک کە نەک تەنیا بە رووکەش و رواڵەت، بەڵکوو بە ناوەرۆکیش سەروەر بێت. پێوەرەکانی سەروەریی قانوون لە هەموو ئاست و بوارەکانی یەکسانی و شکۆمەندی مرۆڤ دەگرێتەوە. بۆیە سەپاندنی هەر ڕەوت و ڕەوشێک کە ببێتە هۆی بنپێکاری بۆ ئەم بوارانە، لادانە لە سیستەمی سەروەریی قانوون و سەپاندنی ڕژێمێکی نادادیی و ستەمکارییە. لە سەر ئەم بنەمایە ئەو راستییە دەردەکەوێت کە دادپەروەریی زمانیی کوردی داواکارییەکی رووکەش و لاوەکی نیە، بەڵکوو تاقیکردنەوەیەکی بنەڕەتییە بۆ شەرعیەتی سیستەمە قانوونییەکانی ناوچەکە. کاتێک دادپەروەری لە زماندا دەبینرێت کە زمان بۆ خۆی دادپەروەرانە بێت.

---

1. Fair Trial

٢. هەرچەندە لە نەریتی زمانەوانی کلاسیکدا، گوتار هەندێک جار وەک کۆمەڵێک گوتەی یەک

لە دوای یەک یان دەقی یەکگرتوو پێناسە دەکرێت، بەڵام لە تیۆرییە هاوچەرخەکانی گوتاردا، بە تایبەت لەگەڵ میشێل فۆکۆدا، گوتار چەمکێکی فراوانتری هەیە کە ئاماژە بە "سیستەمەکانی زانین" و "پراکتیزە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنانی حەقیقەت" دەکات (فۆکۆ، ١٩٧١؛ ١٩٧٦). لەم سیستەمە تیۆرییەدا گوتار تەنیا زمان نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک ڕێسای قسەکراو و نەبینراو، دامەزراوە، ڕێوڕەسم، فۆرمەکانی سوبژێکتکردن و پێکهاتەی دەسەڵاتە. بەڵام ئەم میکانیزمانە هەمیشە لە ڕێگەی زمانەوە داڕێژرادەڕێژرێن و شەرعیەتیان پێدەدرێ و بەرهەمدەهێنرێنەوە. دەشێت گوتار لە دامەزراوە، جەستە، تەلارسازی، یان بێدەنگیدا بەرجەستە بێت، بەڵام بەبێ فۆرمولەکردنی زمانەوانی- جا بە ئاخافتن بێت، چ نووسراو بێت، یان ڕەمزیی بێت- لە دەرەوەی ئاستی تێگەیشتن و پەیوەندیکردندا دەمێنێتەوە. بۆیە زمان دەبێ نەک تەنیا لە چوارچێوەی دەربڕینی گوتاردا، بەڵکوو مەرجی ئەگەرەکەیشی لەبەرچاو بگیرێت؛ بەڵام خودی گوتار لە دەرەوەی زمانیش کاردەکات (Fairclough, ١٩٩٢; Laclau & Mouffe, ١٩٨٥). بۆیە گوتار نە لە زماندا کورت دەبێتەوە و نە جیا لە زمان دروست دەبێت؛ بەڵکوو لە پەیوەندییەکی دیالکتیکیدا لەگەڵ زماندا، لەناو ئەو زمانەدا دروست دەبێت و بەرفروانتر لەوە کاردەکات.

3. Speech Act Theory

4. How to Do Things with Words

5. Locutionary Act

6. Illocutionary Act

7 . Perlocutionary Act

8 . Speech Acts

9. declaratives

10 . felicity conditions

11. Equality of Guns

12. L'ordre du discours

13. régime discursive

14. épistémè

15. La volonté de savoir

16. Surveiller et Punir

17. Language and Symbolic Power

١٨.لێرەدا مەبەست لە مەیدان هەمان چەمکی fieldی بۆردیۆیە.

19 . linguistic habitus

20. Legality

21 . Legitimacy

22. Rule of Law

23. Formal Rule of Law

24. Substantive Rule of Law

25. Equality before Law

٢٦ . دێریدا لە وشەی différanceـدا کە بە ئەنقەست بە پیتی «a» لەبری «e» نووسراوە بە بێ ئەوەی کە لە بێژەکردنیدا جیاوازی بەدی بهێنێت، ئاماژە بە میکانیزمی بنەڕەتی مانا لە زماندا دەکات. ئەم دەستەواژەیە لە یەک کاتدا دوو مانا دەگەیەنێت: یەکێکیان «جیاوازی» لە نێوان نیشانەکانە کە لە جیاکارییە زمانەوانییەکانەوە مانا دروست دەکات و ئەوی دیکەیان «دواکەوتن» یان «پاشکەوتن»ە لە گەیشتن بە مانا کە وا دەکات مانا هەرگیز بە تەواوی و دەستبەجێ بەردەست نەبێت. بەم پێیە دێریدا نیشان دەدات کە مانا لە ئامادەبوونی ڕەهادا بنیات نایەت، بەڵکوو هەمیشە لە غیاب، مەودا و هەڵپەساردنی مانادا بنیات دەنرێت؛ هەروەها زمان بە پێچەوانەی ڕوانگەی کلاسیکەوە هەرگیز هەڵگری مانای کۆتایی نیە، بەڵکوو مانا وەدوا دەخات (Derrida, ١٩٧٢).

---

### سەرچاوەکان:

• Austin, J. L. (1962). How to Do Things with Words. Oxford: Oxford University Press.

• Benjamin, W. (1923). Die Aufgabe des Übersetzers. In Gesammelte Schriften, Vol. IV/1. Frankfurt am Main: Suhrkamp.

• Bourdieu, P. (1991). Language and Symbolic Power. Cambridge: Polity Press.

• Çağlayan, H. (2020). Kurdish Language Rights in Turkey: A Critical Analysis. Kurdish Studies, 8(1), 15–33.

• Cohn, B. S. (1996). Colonialism and Its Forms of Knowledge: The British in India. Princeton: Princeton University Press.

• Derrida, J. (1972). Margins of Philosophy. Chicago: University of Chicago Press.

• Dirks, N. B. (2001). Castes of Mind: Colonialism and the Making of Modern India. Princeton: Princeton University Press.

• Dzhwar A. A. , Rouhi E., Abdollahi, J. (2024). The Challenges Facing the Iraqi Constitutional Law System in the Light of The Rule of Law Principle, In Journal of Modern Research on Administrative Law, Volume:6 Issue: 21.

• Eades, D. (2010). Sociolinguistics and the Legal Process. Bristol: Multilingual Matters.

• European Court of Human Rights. (1950). European Convention on Human Rights (ECHR). Strasbourg: Council of Europe.

• Fairclough, N. (1992). Discourse and Social Change. Cambridge: Polity Press.

• Foucault, M. (1969). L'archéologie du savoir. Paris: Gallimard.

• Foucault, M. (1971). L'ordre du discours. Paris: Gallimard.

• Foucault, M. (1975). Surveiller et punir: Naissance de la prison. Paris: Gallimard.

• Foucault, M. (1976). La volonté de savoir. Paris: Gallimard.

• Gadamer, H.-G. (1975). Truth and Method. New York: Continuum.

• Goodrich, P. (1990). Languages of Law: From Logics of Memory to Nomadic Masks. London: Routledge.

• Laclau, E., & Mouffe, C. (1985). Hegemony and Socialist Strategy: Towards a Radical Democratic Politics. London: Verso.

• Laitin, D. D. (2002). Identity in Formation: The Russian-Speaking Populations in the Near Abroad. Ithaca: Cornell University Press.

• McDonald, D. (2008). The Language of Law and the Foundations of Justice: A Dialogue Between Legal and Linguistic Perspectives. Dordrecht: Springer.

• Nasir, H. (2017). Translation Challenges in Kurdish Legal Terminology. University of Sulaimani (unpublished MA thesis).

• Piller, I. (2016). Linguistic Diversity and Social Justice: An Introduction to Applied Sociolinguistics. Oxford: Oxford University Press.

• Searle, J. R. (1969). Speech Acts: An Essay in the Philosophy of Language. Cambridge: Cambridge University Press.

• Searle, J. R. (1979). Expression and Meaning: Studies in the Theory of Speech Acts. Cambridge: Cambridge University Press.

• Skutnabb-Kangas, T. (2000). Linguistic Genocide in Education – Or Worldwide Diversity and Human Rights? Mahwah, NJ: Lawrence Erlbaum Associates.

• Tiersma, P. M. (1999). Legal Language. Chicago: University of Chicago Press.

• United Nations Human Rights Committee. (1966). International Covenant on Civil and Political Rights (ICCPR). New York: United Nations.

• Williams, C. H. (2000). Language Revitalization: Policy and Planning in Wales. Cardiff: University of Wales Press.

• Wittgenstein, L. (1953). Philosophical Investigations. Oxford: Blackwell.

• Yildiz, K., & Hassaniyan, A. (2016). Minority Rights in Iran. London: Minority Rights Group International.

**تێبینی:**

بە هۆی یەکلانەبوونەوەی (ڕێنوسی کوردی)یەوە، گۆڤاری زمانەوانی ڕێز لە هەموو بۆچوونە جیاوازەکان دەگرێت و بەشداریی ئەم مامۆستا بەڕێزە وەک خۆی و بەبێ هیچ دەستکارییەکی ڕێنوسیی بڵاودەکاتەوە. نوسەری بەڕێز، خۆی لە شێوازی ڕێنوسەکەی بەرپرسە

ئازاد عەبدولقادر وەڵەدبەگی

# زمانی کوردی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان: لەنێوان یاسا و واقیعدا



* بەکالۆریۆس و ماستەر لە یاسای گشتی لە زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر.
* لێکۆڵەری دادوەری لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان و یاریدەدەری دادوەریی لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی.
* چەندین وتار و توێژینەوەی بڵاوکردووەتەوە

## پێشەکی

یاسا لە لایەکەوە، ئامرازێکە بۆ جێبەجێکردن و چەسپاندنی دادپەروەری، چ لەسەر ئاستی نیشتمانی و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. لە لایەکی ترەوە، زمانیش بە نۆرەی خۆی ئامرازێکە بۆ دانان، دەربڕین، ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی یاسا و لە ئەنجامدا ئەویش دەبێتە ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری، چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. ئاشکرایە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی یاسا ئەوەیە کە هەمووان لێی تێبگەن، ئەگەر خەڵکی کۆمەڵگەیەک لە دەق و زاراوە و بڕیارە یاساییەکان تێنەگەن، سەرپێچی کردن لە یاسا و سزادان هیچ واتایەکیان نامێنێت. هەربۆیە، بزاڤی یاسا بۆ هەمووان و تێگەیشتنی هەمووان لە دەق و زاراوە یاساییەکان، بۆ خۆی بزاڤێکی ڕەوایە بۆ چەسپاندنی دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا.

زمانی عەرەبی وەک زمانی ئایینی ئیسلام (کە ئایینی زۆربەی خەڵکی کوردستانە) و، هەروا باڵادەستی زمانی عەرەبی پاش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو، بووە هۆی ئەوەی کە زۆربەی دەق و سەرچاوە یاساییەکان بە زمانی

عەرەبی بنووسرێنەوە و زمانی کوردی ببێتە زمانێکی لۆکاڵی و پەراوێزخراو. بەڵام دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ و، داننان بە زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لە عێراق بە گوێرەی مادەی (٤) لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، بووە دەستپێکی سەردەمێکی نوێ سەبارەت بە پێگەی زمانی کوردی لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

یەکێک لە هۆکارەکانی بوونی چەندین زمانی فەرمی لە بری یەک زمانی فەرمی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کۆمەڵگە فرەزمانەکان لە درێژەی هەوراز و نشێوە مێژووییەکان و بە شایەتی "نەخشەی زمانیی" هەر وڵاتێک، گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە "زمانی هاوبەش" فاکتەری یەکگرتوویی نیشتمانی نیە. هەربۆیە، ئەم وڵاتانە بۆ کەمکردنەوەی هەرچی زیاتری گرژییە نەتەوەییەکان، سیاسەتی "پێکەوەژیانی ئاشتیانەی زمانیی"یان گرتەبەر؛ سیاسەتێک کە لەسەر سێ بنەمای یەکسانی زمانە فەرمییەکان، ئازادیی کەڵکوەرگرتن لە زمانەکان و پێدانی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی زیاتر بە ناوچەکان لەسەر بنەمای پرەنسیپی قەڵەمڕەو دامەزراوە. لە کاتی ئێستادا، لە (٥٥) وڵاتی جیهان پتر لە زمانێک بە زمانی فەرمی ناسراون.

## دۆخی زمانی کوردی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان

لەم بەشەدا، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکان تیشک دەخەینە سەر چەند تەوەرێک لەوانە: گرنگیی و پێویستیی پاراستنی زمانی کوردی، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەکردنی زمانی کوردی لە دادگاکان.

### ١. گرنگیی و پێویستیی پاراستنی زمانی کوردی

زمانی هەر تاک و نەتەوەیەک، جگە لەوەی کە ئامرازی دروستکردنی پەیوەندییە لە هەمان کاتدا ئامرازێکە بۆ دەربڕینی شوناسی ئەو نەتەوەیە. هەر مرۆڤێک ئەگەرچی ئاشنای زمانەکانی دیکەش بێت، بەڵام شوناسی تاک و کۆمەڵایەتی خۆی بەردەوام لە ڕێگەی زمانی دایکییەوە وەردەگرێت. ئەو زمانەی کە ڕەنگدانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان و ئەو بەسەرهاتانەیە کە ئەو گەلە بە درێژایی مێژوو بینیویەتی. ئاشکرایە، کە پاراستن و پەرەپێدانی ئەو زمانە دەبێتە هۆی پاراستنی سنوورە کەلتووریی و مێژووییەکانی ئەو نەتەوەیە و دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ کیان و شوناسی سیاسی ئەو نەتەوەیە. جگە لەمەش، زمان شتێکە پتر لە ئامرازێکی پەیوەندیی و لە ڕاستیدا بەشێکە لە شوناس و کەلتووری خەڵک. ئەو کاتەی کە زمانێک لە ناو دەچێت، ئەو کەلتوورەش کە ڕووماڵی دەکات لە ناو دەچێت.

بێگومان، زمان لە بواری تاکەکەسی بۆ فۆرم بەخشین بە شوناسی تاک و لە بواری کۆمەڵایەتیش بۆ یەکپارچەکردنی کۆمەڵگە گرنگییەکی زۆری هەیە. لە مێژووی مرۆڤایەتی کەڵکوەرگرتنی ئامرازیی لە زمان بۆ خزمەتکردنی ئامانجە سیاسییەکان لە سەردەمی مۆدێرندا دەستی پێکرد. وەنەبێ دەوڵەتە گەورە ئەورووپییەکان هەر لە سەرەتاوە زمانێکی هاوبەشیان هەبووبێت. ئەو کاتەی کە ئیتالیا توانی یەکگرتوویی سیاسی وڵاتەکەی دابین بکات، تەنیا ٢٪ دانیشتووانی ئەو وڵاتە بە زمانی ئیتالی قسەیان دەکرد. هەروا لە ئەڵمانیا لە کاتی پرۆسەی یەکگرتنی ئەڵمانیا، تەنیا ١٧٪ دانیشتووانی ئەو وڵاتە دەیانتوانی بە زمانی ئەڵمانی قسە بکەن. لە فەرەنسا، لە ساڵی ١٧٩٠ تەنیا ١٠٪ خەڵکی ئەو وڵاتە زمانی ستانداردی فەرەنسییان زانیوە و لە ساڵی ١٨٧٣ پتر لە چواریەکی هاوڵاتیانی فەرەنسی لە زمانی ستانداردی فەرەنسی تێنەدەگەیشتن.

کاتێک کە زمان، کەلتوور و مێژووی گەلێکی ژێر ستەم نکۆڵی لێ بکرێت، لە ناو ببرێت و سووکایەتی پێ بکرێت، ئەوا ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە هەست بە سووکایەتی و خۆ بە بچووک زانین دەکەن و دەگەنە ئەو باوەڕە کە شتێکیان نیە بۆ خستنەڕوو یا شانازی پێوەکردن، هەربۆیە ئەم هەستی خۆ بە کەمزانینە بەرەبەرە گشتگیر دەبێت. لە ئەنجامدا، ئەندامانی ئەو نەتەوەیە پەنا بۆ خۆکوژیی کەلتووریی دەبەن و کەلتوور و  زمانی زگماکی خۆیان بە لاوە دەنێن و، شوناس و مێژووی خۆیان لە دەست دەدەن و ڕوو دەکەنە کەلتوور و زمانی نەتەوەی باڵادەست و شانازی بە مێژوو و شوناسی نەتەوەی سەردەستەوە دەکەن.

ئەمڕۆ، سیاسەتی زمانپارێزی لە جیهاندا هاتۆتە ئاراوە و لە هەندێک لە وڵاتانی جیهان کاری بۆ دەکرێت، چونکە هەلومەرجی ئەمڕۆی جیهان بە جۆرێکە ئەگەر بیرکردنەوەیەکی وەها لە ئارادا نەبێت، ئەوا گەلێک لە زمانەکان لە ناو دەچن. زمانی کوردییش لەم ناوچەیە لە هەڕەشە بە دوور نیە، هەربۆیە سیاسەتی زمانپارێزیی پێویستێیەکی حاشاهەڵنەگرە. دیارە ئەمەش کارێکی تاکەکەسی نیە، بەڵکوو دەبێ دەسەڵاتی فەرمی بە بەرنامەیەکی نیشتمانی کورتخایەن و درێژخایەن کار بۆ ئەم ئامانجە بکات. سیاسەتی زمانیی بە شێوەیەکی بنەڕەتی بریتییە لە دیزاینێک بۆ گەشەپێدانی یەک یا چەندین زمان و، هەروا دیاریکردنی بەکارهێنانی زمان لە بوارە جۆراوجۆرەکان وەک فێرکردن، بەڕێوەبردن، میدیا و هتد. سیاسەتی زمانیی بریتییە ڕووماڵکردنی هەموو ڕەفتارە زمانییەکان وەک گریمانەکان، شێوازە کەلتوورییەکان، بیروباوەڕە جەماوەرییەکان و هەڵوێست بەرامبەر بە زمان و هتد.

## ٢. بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان

زمانی یاسایی ئامرازێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە بواری یاسا و گەرەنتیی جێبەجیکردنی یاسا دەکات، ئەم زمانە هەموو کات بۆ ئەو کەسانەی کە پسپۆڕیی یاساییان نیە قورس بووە، بە جۆرێک کە زماننناسە ئەورووپییەکان شێوازی زمانی یاسایی بە زاراوەیەکی تر لە قەڵەم دەدەن. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم گرفتە ئەوەیە کە زمانی یاسایی، بە پێچەوانەی زمانەکانی تر زمانێکی وەستاوە. ئەمە مافی خەڵکە، ئەوە بزانن ئایا ئەو بڕیارەی کە لە دادگا دەرچووە لە بەرژەوەندییانە یا لە دژیانە و بۆچی لە بەرژەوەندییانە یا لە دژیانە؟ لەو وڵاتانەی کە پتر لە زمانێکی فەرمی و یاساییان هەیە، مافە زمانییەکان زیاتر گەشە دەکەن. دروستکردنی پێگەیەکی یەکسان بۆ هەموو زمانە فەرمییەکانی وڵات یەکێکە لە بابەتە یاساییەکانی پەیوەندیدار بە زمان. بۆ نموونە، دەستووری کەنەدا هەر دوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بە زمانی فەرمی وڵات دەزانێت و، لە ڕووی بەکارهێنانیان لە هەموو دامودەزگا حکومییەکاندا ماف و ئیمتیازی یەکسانیان هەیە.

> "یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی یاسا ئەوەیە کە هەمووان لێی تێبگەن، ئەگەر خەڵکی کۆمەڵگەیەک لە دەق و زاراوە و بڕیارە یاساییەکان تێنەگەن، سەرپێچی کردن لە یاسا و سزادان هیچ واتایەکیان نامێنێت"

بێگومان، زمان شوناسی گەلانە و گەلی کوردیش مافی ڕەوای خۆیەتی کە پارێزگاریی لە زمانی خۆی بکات، بە تایبەت زمانی یاسا کە زمانی پەیوەندیی و ئاخاوتنی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردنە لەگەڵ خەڵکدا. یاسا بەرزترین دەربڕینی ئیرادەی گەلە، هەروا بەرزترین و دیارترین هێمای سەروەری دەوڵەتە لەسەر خاکەکەی، هەربۆیە پێویستە زمانی یاسا زمانی خودی ئەو نەتەوەیە بێت. یاساناسی ناوداری عێراقی د.عیسمەت عەبدولمەجید لەم بارەیەوە دەڵێت: "مەرجی دروستی ئەرکداریی یاسایی ئەوەیە کە ئەرکدارەکە توانای تێگەیشتنی یاسا دانراوەکەی هەبێت. هەر بەم هۆیە دەبێ یاسا بە زمانی ئەو وڵاتە دابڕێژرێت، کە یاساکەی تێدا پیادە و

جێبەجێ دەکرێت، تاوەکوو هاوڵاتیان توانای تێگەیشتنیان لەم یاسایە هەبێت و دەبێت بەو شێوازە باوە بێت کە لێی تێدەگەن".

هەوەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩٢ لە مادەی پێنجەمی خۆیدا ئاماژەی بەوە داوە، کە زمانی کوردی زمانی دادگاکانی هەرێمی کوردستانە و پاڵپشت بەم یاسایە، وەزارەتی داد بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٣٤٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٦/٣ بڕیاریدا لەم ڕێکەوتە بە دواوە هەموو کاروبارێکی یاسایی دادگاکان، هەر لە سکاڵانامەوە بگرە هەتا داواکاری و کۆنووس و دادبینی و بڕیارەکانی دادگا بکرێن بە زمانی کوردی و، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەک لە وەزارەتی داد پێکهات بۆ دانانی زاراوە و دەستەواژە یاساییەکان بە زمانی کوردی.

هەروا لە مادەی شەشەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٣) ساڵی ٢٠٠٧، دیسان جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە زمانی کوردی زمانی دادگاکانە، جگە لەمەش، یاسای ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق لە مادەی (٦) خۆیدا ئاماژەی بەوە داوە، کە هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان بە بڕیاری دادگاکانیشەوە، بە زمانی کوردی بەڕێوە دەچن و دەنووسرێن.

بەدەر لەمەش، یاسای ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١٤ یاسای زمانە فەرمییەکان لە عێراق لە مادەی (٣) بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە، کە هەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فەرمین لە عێراق و بەو پێیەش هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، کە واتە هیچ بۆشاییەکی یاسایی لەم بارەیەوە بە دیناکرێت.

زمانی کوردی بەپێی دەستووری عێراق، بووەتە زمانی فەرمی لە عێراق. ئەگەر زمانی عەرەبی زمانی یەکەم بێت لە ناوچە عەرەبییەکان، ئەوا زمانی کوردیش زمانی یەکەمە لە هەرێمی کوردستان و دەبێ زمانی کارگێڕی و حوکمڕانی بێت لەم هەرێمە، بەڵام ئەم مافە دەستوورییە هەتا ئێستا بە باشی پراکتیزە نەکراوە.

بەپێی بەدواداچوونمان لەسەر دۆخی زمانی کوردی لە دادگاکان بۆمان دەرکەوت، هەوڵی بە کوردی کردنی زمانی دادگاکان لە سنووری پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین بە ڕێژەیەکی باش سەرکەوتوو بووە و، هەموو سکاڵانامە و نووسراو و پێڕاگەیاندن و کۆنووسی دادبینییەکان لە سەرجەم دادگاکان بە زمانی کوردی ئەنجام دەدرێن، بەڵام تەنیا بڕیاری دادگاکان هەتا ئێستا لە زۆرینەی دادگاکان بە زمانی عەرەبین. بەڵام لە پارێزگای دهۆک هەتا ئێستا زۆربەی نووسراوەکان و سەرجەم بڕیارەکانی دادگا بە زمانی عەرەبین و لەم بارەیەوە بەرەپێشچوونێکی ئەوتۆ بەدینەکراوە. هەروا سەبارەت بە بڕیارەکانی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستانیش،

هەتا ئێستا زۆربەیان بە زمانی عەرەبین ، کە ئەمەش پێچەوانەی مادەی شەشەمی دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣) ساڵی ٢٠٠٧ و هەروا مادەی (٦) لە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ یە.

لە دوا هەنگاویدا بۆ بە کوردی کردنی زمانی دادگاکان، خۆشبەختانە ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان بەپێی بڕیاری ژمارە (٦٧) لە ٢٠٢٢/٩/٢٦ بە مەبەستی یەکخستنی زمانی دادگاکان لە هەرێمی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ بڕیاریدا بەوەی کە بڕیاری دادگاکان و هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان لە هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی بێت و تەنها لە کاتی پێویست بە زمانی عەرەبی بنووسرێت. بەڵام سەرەڕای دەرچوونی ئەو بڕیارەش هەتا ئێستا زۆر لە بڕیار و ڕێکاری دادگاکان بە تایبەت لە پارێزگای دهۆک هەر بە زمانی عەرەبین، هەربۆیە پێویستە ئەنجومەنی دادوەری بەدواداچوونی جیدی بکات بۆ ئەنجامی ئەو بڕیارەی کە دەریکردووە.

**٣. ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەکردنی زمانی کوردی لە دادگاکان**

لێرەدا ئاماژە بەو ئاستەنگانە دەکەین کە لە بەردەم زمانی کوردیدا هەن و نەیانهێشتووە وەک زمانێکی فەرمی لە چوارچێوەی عێراق و هەرێمی کوردستاندا بە تەواوی بچەسپێت:

١) نەبوونی سیاسەتی زمانیی و ئیرادەی سیاسی بەهێز لە لایەن حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی زمانی کوردی بە کرداریی ببێتە زمانێکی فەرمی کارپێکراو لە سەرانسەری عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

٢) دروستنەبوونی زمانێکی ستانداردی کوردی و زەقبوونەوەی ناوچەگەریی و زاراوەگەریی، کە ڕێگر بووە لەبەردەم دروستبوونی زمانی ستاندارد.

٣) باڵادەستی مێژوویی زمانی عەرەبی وەک زمانی ئایین و پاشان وەک زمانی دەوڵەت (دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق)، وایکردووە زمانی عەرەبی هەژموونی خۆی بەسەر زمانەکانی تردا بسەپێنێ و پەراوێزیان بخات.

٤) تێگەیشتنی کلاسیکیی دەسەڵاتدارانی عێراق، کە لەو باوەڕەدان پەرەپێدانی زمانی کوردی هانی بزاڤی جوداخوازیی دەدات و ڕەنگە لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە کەڵکی لێوەربگیرێت. هەربۆیە، بەردەوام هەوڵدەدەن بە چەسپاندنی یەک زمانی فەرمی، کە زمانی نەتەوەی زۆرینە و باڵادەستە.

٥) ئاڵنگارییە لۆجستیکییەکان کە دەبنە بەربەست لەبەردەم چەسپاندنی سیستەمی فرەزمانی لە بواری خویندن و کارگێڕیی.

٦) بەجیهانیبوون و پەرەسەندنی بازاڕێکی جیهانی بەرەبەرە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زمانە

لۆکاڵییەکان نەتوانن هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنەکان دینامیکیەتی خۆیان بپارێزن و بەرەو پێشەوە بچن، ئەمەش وادەکات کە ئاخێوەرانی ئەو زمانانە نەتوانن سوود لە زمانەکانیان وەربگرن بۆ گواستنەوەی واتا و چەمکەکان، کە ئەمەش لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی لەناوچوونی توانای ئەو زمانانە.

٦) نەبوونی هیچ نەخشەڕێگا و ستراتیژێکی کورتخایەن یا درێژخایەن لە لایەن دەسەڵاتی دادوەری بۆ ئەوەی زمانی کوردی بە تەواوەتی لە دادگاکاندا بچەسپێت و لە هەموو پارێزگاکانی هەرێم، هەموو ڕێکار و بڕیارەکان بکرێن بە زمانی کوردی.

٧) بوونی تێگەیشتنێک لە لای هەندێک لە یاساناسان، کە پێیانوایە تەنیا زمانی عەرەبی زمانی یاسایە و زمانی کوردی ناتوانێ ببێتە زمانی یاسا.

٨) هەژاریی زمانی کوردی لە ڕووی سەرچاوە یاسایی و دادوەرییەکان، بووەتە هۆی ئەوەی کە یاساناسان ناچار بن بۆ هەر کار و توێژینەوەیەکی یاسایی پشت بە سەرچاوە عەرەبییەکان ببەستن، ئەمەش وایکردووە بە درێژایی سی ساڵی ڕابردوو زمانی کوردی بەرەبەرە لەو بوارەدا پەراوێز بخرێت.

٩) گرنگینەدانی زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندنی باڵا بە ئەنجامدانی توێژینەوە بە زمانی کوردی و لەم بوارەدا نەک هەر هیچ ستراتیژێکی نیشتمانی نیە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە زمانی کوردی لەم بارەیەوە پەراوێز دەخرێت.

> **”ئەمڕۆ، سیاسەتی زمانپارێزی لە جیهاندا هاتۆتە ئاراوە و لە هەندێک لە وڵاتانی جیهان کاری بۆ دەکرێت، چونکە هەلومەرجی ئەمڕۆی جیهان بە جۆرێکە ئەگەر بیرکردنەوەیەکی وەها لە ئارادا نەبێت، ئەوا گەلێک لە زمانەکان لە ناو دەچن“**

**ئەنجامەکان:**

١) کەمینەکان مافیان هەیە سوود لە کەلتووری تایبەت بە خۆیان وەربگرن و زمانی تایبەتی خۆیان بە ئاشکرا و نهێنی بە ئازادی بە کار بهێنن، بە بێ هیچ دەستوەردان یا جیاکارییەک و، دەوڵەتان ئەرکیانە لەم بارەیەوە هاوکار و پاڵپشتی کەمینەکان بن و دەرفەت و ئاسانکاریی پێویستیان بۆ بکەن.

٢) زمانی کوردی لە چوارچێوەی عێراق و هەرێمی کوردستان پاڵپشتی دەستووریی و یاسایی هەیە وەک زمانی فەرمی دانپێدانراو و، لە ڕووی ڕواڵەتییەوە هیچ گرفتێکی یاسایی بەدیناکرێت، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارەکان سستی و کەمتەرخەمی دەنوێنن لە پراکتیزەکردنی ناوەڕۆکی یاساکان.

٣) سەبارەت بە دۆخی زمانی کوردی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەوا بەپێی یاسای دەسەڵاتی دادوەری بەرکار زمانی کوردی زمانی فەرمی دادگاکانە، بەڵام ئەم دەقە بە تەواویی پراکتیزە نەبووە.

٤) حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی زمانی یا نەخشەڕێگایەکی ڕوونی نیە سەبارەت بە زمانی کوردی و، بە درێژایی سێ دەیەی حوکمڕانی هەتا ئێستا نەیتوانیوە زمانێکی ستانداردی کوردی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا بچەسپێنێ.

ڕاسپاردەکان:

١) پێویستە ئەنجومەنی دادوەری نەخشەڕێگا و ستراتیژێك دابڕێژێت بۆ بە کوردی کردنی هەموو ڕێکار و بڕیارەکان لە هەموو دادگاکان و لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا.

٢) پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی زمانی و ستراتیژێکی نیشتمانی دابڕێژێت بۆ دروستبوون و چەسپاندنی زمانی ستانداردی کوردی.

٣) هەوڵی چەسپاندنی زمانی کوردی بدرێت لە دامودەزگا فیدراڵییەکانی عێراق و ئاستەنگ و گرفتەکانی بەردەم ئەم پرسە چارەسەر بکرێن.

٤) بەو پێیەی زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، پێویستە زانینی زمانی کوردی مەرجی سەرەکی بێ بۆ دامەزراندنی ئەو کەسانەی کە لە دامودەزگا دادوەرییەکانی هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن.

٥) خوێندن و پەروەردە بە زمانی کوردی لە هەموو ئاستەکاندا پەرەیان پێبدرێت، بەڵام ئەمەش بەو واتایە نایەت کە گرنگیی فێربوونی زمانە بیانییەکانی تر پشتگوێ بخرێن.

٦) دامەزراندنی کۆمیسیۆنی زمانە فەرمییەکان بۆ بە دواداچوونی یاسای زمانە فەرمییەکان و چاودێریی کردنی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

٧) ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان و ئاکادیمیای زمانی کوردی هاوئاهەنگیی پێویستیان هەبێت بۆ داڕشتن و یەکخستنی زاراوە یاساییەکان و، لەم بارەیەوە فەرهەنگێکی تایبەت بە زاراوە یاساییەکان دەربکەن کە ببێتە سەرچاوە بۆ دادگاکان.

٨) دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی لە هەموو بوارەکان بە تایبەت بواری یاسایی، لە ڕێگای هاندانی نووسین و توێژینەوە و وەرگێڕانی سەرچاوە یاساییەکان بە زمانی کوردی، هەتا ببێتە پاڵپشت بۆ توێژەران و ناوەندە زانستییەکان و دانانی پاداشتی هاندان بۆ نووسین و توێژینەوەی زانستی بە زمانی کوردی.

## سەرچاوەکان

١. Master's in Public Law and a Judicial Investigator at the Erbil Court of Investigation

٢. رسمیت چند زبان و تنوع زبانی دراروپا، در سایت زیر قابل مشاهده است: http://eyitimhaqqi.blogspot.com/ last visited:٣/٣/٢٠٢١.

٣. ڕەزا شەجیعی، ئەڵقەی زمانیی ١٩٤٦ (ئاوڕدانەوەیەک لە بەرنامەڕێژییە زمانییەکانی کۆماری کوردستان)، گۆڤاری زمانەوان، ئەنستیتۆی فەرهەنگی کوردستان- تاران، ژمارە ٣، ٢٠٠٧، ل ١٢٠.

٤. Crow Samuel, comparatively speaking: language rights in the United States and Canada, Canada-United states law Journal, volum٣٧, ٢٠١٢, issue ١, p.٢٠٩.

٥. اومود.آ (اورمولو)، آموزش به زبان مادری، بدون محل نشر، ١٣٩٤، صص ١٥-١٧

٦.د.رفیق سابیر، بە ستانداردکردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی، چاپی دووەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٤، ل ٢٠-٢١.

٧. معاذ عبداللهی و د.جوانمیر عبداللهی، نسل زدایی فرهنگی ، چاپ اول، انتشارات مجد، تهران، ١٣٩٣، صص ١٧٤-١٧٥.

٨. د.هۆگر مەحموود فەرەج، ڕۆژی زمانی زگماک زمانی کوردی لەبەردەم هەڕەشە مێژوویی و سەردەمییەکاندا، گۆڤاری ئاکادیمیای کوردی، ژمارە ٣٢، هەولێر، ساڵی ٢٠١٥، ل ٦٠-٦١.

9. Naheed Saba, Linguistic Heterogeneity and Multilinguality in India: A Linguistic Assessment of Indian Language Policies, Submitted for the award of the Degree of Doctor of Philosophy, Department of Linguistics Aligarh Muslim University (India), 2011, p.77.

١٠. فردوس آقاگل زاده و دیگران، تحلیل زبان شناختي آرای قضايي براساس الگوی خلاق: رویکرد حوزه زبان شناسی حقوقی، فصلنامه پژوهش های زبان و ادبیات تطبیقی، دوره اول، شماره اول، بهار ١٣٨٩، ص ١٢.

١١. روح الدين كردعليوند، زبانشناسی حقوقی، انسان و فرهنگ، ویژه نامه «زبان و متن»، سال دوم خرداد ١٣٩٢، شماره ٣، ص ١٤

١٢. هیوا ئیبراهیم حەیدەری، بەرەو بە کوردی کردنی زمانی یاسا چەند تێبینی و پێشنیارێک، گۆڤاری تەرازوو، یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان، ژمارە ١٤، ساڵی ٢٠٠٢، ل ١٠٢.

١٣. د.أحمد عبدالظاهر، اللغة العربية والقانون، الطبعة الاولى، دار وجوه للنشر والتوزيع، الرياض، ٢٠١٨، ص ١٦.

١٤. قاسم محەممەد مستەفا، بە کوردی نووسینی یاسا و یاسایی زاراوە یاساییە کوردییەکان، گۆڤاری تەرازوو، یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان، ژمارە ١٤، ساڵی ٢٠٠٢، ل ١١٤.

١٥. د.نووری تاڵەبانی، فەرهەنگی قانوونی، چاپی پێنجەم، وەزارەتی داد و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٣.

١٦. امير كلان، چه کسی از آموزش چند زبانه می هراسد، ترجمه د.هیوا ویسی، Channel View Publications Ltd. / Multilingual Matters، ٢٠١٨، ص ١٩.

١٧. امیر ناظمی، سیاست زبان در جمهوری اسلامی ایران: پیشنهادهای سیاستی درخصوص زبان و زبان آموزی، فصلنامۀ مطالعات راهبردی سیاستگذاری عمومی، دورۀ ٨ ، شمارۀ ٢٦، بهار١٣٩٧، ص ٢٤٦.

**تێبینی:**

بە هۆی یەکلانەبوونەوەی (ڕێنووسی کوردی)یەوە، گۆڤاری زمانەوانی ڕێز لە هەموو بۆچوونە جیاوازەکان دەگرێت و بەشداریی ئەم مامۆستا بەڕێزە وەک خۆی و بەبێ هیچ دەستکارییەکی ڕێنوسیی بڵاودەکاتەوە. نوسەری بەڕێز، خۆی لە شێوازی ڕێنوسەکەی بەرپرسە

# ڕانانی کتێب

# من، تۆ و ئەو، لە دادگای باری کەسێتی

نوسینی: دادوەر کامەران ڕەسوڵ سەعید




خوێندنەوەی: ڕەیان عوسمان ـ سلێمانی

لە بواری توێژینەوەی یاسایی کوردیدا، بەرهەمێکی کەم هەوڵی پێکەوەبەستنی بۆشایی نێوان فقهی ئیسلامی و بەکارهێنانی زمانیی کرداری لە دادگاکان دا داوە بەو گشتگیرییەی کە کتێبەکەی دادوەر کامەران ڕەسوڵ سەعید "من و تۆ و ئەو لە دادگای باری کەسێتی" کردوویەتی . چاپی یەکەمی کتێبەکە کە لە ساڵی ٢٠٢٤ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کارۆی شاری سلێمانی بڵاوکراوەتەوە، ئەم کتێبە یەکەم کۆباسی گشتگیری پرۆسەکانی یاسای باری کەسێتیە کە بە تەواوی بە زمانی کوردی نووسرابێت. بە زیاتر لە ٤٥٠ لاپەڕەی شیکردنەوەی ورد، دۆکۆمێنتە نموونەییەکان و ڕێنمایی کرداری، کتێبەکە پەنجە دەخاتە سەر یەکێک لە ئاڵۆزترین بواری کارکردنی یاسایی - یاسای خێزانی - لە ڕێگای هەردوو فقهی ئیسلامی و پێداویستییە یاساییە

هاوچەرخەکانەوە. ئەم کارە لە کاتێکی پێویستدا دەرکەوتووە کە کاربەدەستانی یاسایی کورد زۆر پێویستیان بە سەرچاوە بە زمانی دایکی خۆیان هەیە بۆ ڕێکخستنی ئاڵۆزییەکانی کەیسی باری کەسێتی.

دادوەر کامەران ڕەسوڵ سەعید شارەزاییەکی باش و بەرچاو دەهێنێتە ئەم کارەوە. وەک دادوەرێکی چالاک لە دادگای باری کەسێتی سلێمانی، کە کەسایەتییەکی ئەکادیمییە - لەوانە بڕوانامەی ماستەر لە یاسا و دیبلۆمی باڵای لە زانستە دادوەرییەکان - لەگەڵ ئەزموونی کرداری ناو دادگاکان. ئامانجی کتێبەکە گەورەیە، هەموو شتێک دەگرێتەوە لە گرێبەستەکانی هاوسەرگیرییەوە تا پرۆسە ئاڵۆزەکانی طەلاق، ناکۆکییەکانی سەرپەرشتی منداڵ، و ئەرکە داراییەکانی نێوان هاوسەرەکان. ئەوەی ئەم کارە جیادەکاتەوە تەنیا گشتگیرییەکەی نییە، بەڵکو ڕێگایەکی ڕێکخراوە بۆ ڕوونکردنەوەی پرۆسە یاساییەکان هەنگاو بە هەنگاو، وای لێدەکات بۆ هەردوو پسپۆڕانی یاسایی و خەڵکی ئاسایی خوێندەوار کە بەدوای تێگەیشتنی ماف و ئەرکەکانیان لەژێر یاسای باری کەسیدا، بەردەست بێت.

دامەزراندنی یاسای باری کەسێتی لە عێراق، و لە هەرێمی کوردستان، پشتی بە یاسای ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ دەبەستێت، کە دادوەر کامەران سەعید بە ڕێچکەی مێژووییەوە لێی دەکۆڵێتەوە. کتێبەکە بەم پێکهاتەی مێژووییە گرنگە دەستپێدەکات، ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن چەمکی "باری کەسێتی" لە یاسایی ئیسلامیدا دەرکەوتووە و چۆن خراوەتە سەر یاسای هاوچەرخەوە. ئەم ڕێگایە مێژووییە بە باشی خزمەتی خوێنەر دەکات، چونکە سروشتی دووانەی یاسای باری کەسێتی دەسەلمێنێت - کە لە فیقهی ئیسلامییەوە سەرچاوەی گرتووە بەڵام خۆی گونجاندووەتەوە لەگەڵ کۆزانیی یاسایی هاوچەرخەوە. دادوەر سەعید ڕوونیدەکاتەوە کە لە کاتێکدا زانایانی کۆمەڵایەتی و یاسایی ئیتاڵی بۆ یەکەمجار لە سەدەی دوازدەهەمدا زاراوەی "باری کەسێتی"یان بەکارهێنا، زانایانی ئیسلامی ماوەیەکی زۆرە بەم چەمکانە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە لە ژێر پۆلە جیاوازەکانی وەک یاسای هاوسەرگیری، یاسای طەلاق، و یاسای میرات.

شیکردنەوەی نووسەر لە یاسای باری کەسی ١٩٥٩ هەردوو بەهێزی و ئاڵۆزییەکەی دەردەخات. پێکهاتووە لە ٥١ بەند، ئەم یاسایە لە دەیان ساڵدا جێگیر و بەردەوام بووە لە جێبەجێکردنی، کە ئاماژەیەکی بەڵگەنامەییە لە بنچینە فقهییە ئیسلامییەکانی. دادوەر سەعید دەڵێت کە مانەوەی یاساکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە وردی لە یاسای ئیسلامی (شەریعەت) هەڵگیراوە، دڵنیاییدەدات لەوەی کە هیچ یەکێک لە ماددەکانی دژی بنەما بنەڕەتییە ئیسلامییەکان نەبێت. بەڵام تێبینی دەکات کە یاساکە

لە مەزهەبە جیاوازەکانی ئیسلام وەرگیراوە بە پشتبەستن بەوە کە کامیان لەگەڵ بنەما قورئانییەکان و سوننەتەکانی پێغەمبەردا (د.خ) باشتر جێبەجێ دەکرێت. بۆ نموونە، پێداویستییە تەمەنییەکانی هاوسەرگیری لە کاتێکدا شوێنکەوتنی مەزهەبی حەنەفی دەکەن کە کچەکە گەیشتووەتە ١٨ ساڵی و دەتوانێت بەبێ ڕازیبوونی وەلی ڕازیبێت، بەڵام شوێن مەزهەبی شافعی دەکەن کاتێک کچەکە لەژێر ١٨ ساڵیدایە و پێویستی بە ڕازیبوونی وەلی هەیە.

**”نوسەر پەنجە دەخاتە سەر یەکێک لە ئاڵۆزترین بواری کارکردنی یاسایی - یاسای خێزانی - لە ڕێگای هەردوو فقهی ئیسلامی و پێداویستییە یاساییە هاوچەرخەکانەوە“**

ڕوونکردنەوەی کتێبەکە لەسەر گرێبەستەکانی هاوسەرگیری نموونەیەکی نایابی پرۆژەکەی دادوەر پێشکەش دەکات. ئەو بە بنەما تیۆرییەکان دەست پێدەکات - ڕوونکردنەوەی چەمکی هاوسەرگیری وەک پەیوەندییەکی ڕۆحی و گرێبەستێکی یاسایی - پێش ئەوەی بچێتە سەر جێبەجێکردنی کردارەکی. گفتوگۆکە هەموو لایەنەکانی تۆمارکردنی هاوسەرگیری دەگرێتەوە، لە مشتومڕی سەرەتاییەوە تا بەڵگەنامەی کۆتایی. خوێنەر بە خوێندنەوەی کتێبەکە نەک تەنیا فۆرمە پێویستەکان فێر دەبێت بەڵکو تێدەگات کە بۆچی زانیارییە تایبەتەکان پێویستە و چۆن سیناریۆ جیاوازەکان لەسەر پرۆسەکە کاریگەری جێدەهێڵن. وردبینی نووسەر دەگاتە ئەوەی کە چۆن مامەڵە لەگەڵ حاڵەتە نائاساییەکان بکرێت، وەک کاتێک یەکێک لە لایەنەکان بەڵگەنامەی گونجاو نییە یان کاتێک هاوسەرگیری لە دەرەوەی ڕێگە یاساییە فەرمییەکان ئەنجامدراوە.

لەوانەیە بەنرخترین بەشەکانی کتێبەکە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەکانی طەلاق بکات، کە بەشێکی بەرچاوی کەیسەکانی دادگای باری کەسێتی پێکدەهێنن. نوسەر کەیسەکانی طەلاق دەکاتە حەوت جۆری جیاواز، هەر یەکێکیان پێویستی بە ڕێگا و بەڵگەنامەی یاسایی جیاوازیان هەیە. شیکردنەوەکەی لە "طەلاقی دەرەکی" (طەلاق لە دەرەوەی دادگا ڕوودەدات) بەرامبەر طەلاق لە ژێر چاودێری دادگا، ئاڵۆزی یاسای طەلاقی

ئیسلامی و جێبەجێکردنی ڕێگا هاوچەرخەکەی نیشان دەدات. نووسەر ڕوونیدەکاتەوە کە چۆن دادگاکان پێویستە هاوسەنگی نێوان پێداویستییە ئاینییەکان و پرۆسە یاساییەکان بپارێزن، دڵنیابینەوە لەوەی کە طەلاقەکان هەم لە ڕووی ئیسلامییەوە دروستن هەم لەلایەن یاساوە ناسێنراون.

گفتوگۆکە لەسەر سەرپەرشتی منداڵ و ئەرکە پشتگیرییەکان، بەهێزییەکی تر دەردەخات لە ڕێگای نوسەرەوە. لە جیاتی ناوهێنانی لیستکردنی پێداویستییە یاساییەکان، ئەو ڕوونی دەکاتەوە لە ڕێگای ڕەهەندی فەلسەفی و کرداری پشت بڕیارەکانی سەرپەرشتیی. شیکردنەوەکەی دۆخی منداڵان لەبەرچاو دەگرێت لە کاتێکدا ڕێز لە بنەما ئیسلامییەکان لەسەر ماف و بەرپرسیارییەکانی باوان دەگرێت. کتێبەکە پەنجە دەخاتە سەر ناکۆکییە باوەکانی سەرپەرشتیی، لەوانە کاتێک باوان لە هەرێم یان وڵاتە جیاوازەکاندا دەژین، و بە زمانی کوردی ڕێنمایی دەدات لەسەر چۆن دادگاکان بە شێوەیەکی ئاسایی ئەم ناکۆکییانە چارەسەر بکەن.

لایەنە داراییەکانی هاوسەرگیری و طەلاق مامەڵەیەکی تەواویان لەگەڵدا کراوە، لەگەڵ شیکردنەوەی ورد بە زمانی کوردی لەسەر جۆرە جیاوازەکانی پشتگیری هاوسەری، مافی موڵک، و کێشەکانی میرات. هەوڵەکانی نوسەر بۆ ڕوونکردنەوەی "نەفەقەی عەدە" (نەفەقەی ماوەی عەدە) ئاماژەیە لە هاوسەنگی وردی نێوان فقهی ئیسلامی و جێبەجێکردنی کرداری. ئەو تەنیا پێداویستییە یاساییەکان ڕون ناکاتەوە، بەڵکو چۆن دادگاکان جۆری پشتگیری دیاری دەکەن و مامەڵە لەگەڵ ناکۆکی لەسەر پارەدان دەکەن. شیکردنەوەکە بە زمانی کوردی دەگاتە ڕێکخستنە داراییە ئاڵۆزترەکان، وەک دابەشکردنی موڵک لە سەر طەلاق و مافی هاوسەرەکان بۆ مانەوە لە ماڵی هاوسەرگیریدا.

کتێبەکە بە ئاسانی ڕێگای کرداری بۆ دادوەران و کاربەدەستانی یاسایی دابین دەکات. هەر بەشێک شێوازێکی گونجاو دەگرێتەوە: بنەمای تیۆری، پێداویستییە یاساییەکان، پرۆسەکان هەنگاو بە هەنگاو، و یاسای پاڵپشتیکراو. نوسەر ژمارەیەکی زۆر سەرچاوە بۆ بڕیارەکانی دادگایەکانی تێهەڵچوونەوە لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەهێنێتەوە، نیشان دەدات کە چۆن دادگاکانی باڵاتر مادده جیاوازەکانی یاسای باری کەسیان ڕونکردووەتەوە. ئەم سەرچاوانە هەم بۆ پشتگیریکردنی ڕوونکردنەوەکان خزمەت دەکەن هەم سەرچاوەی زیاتری توێژینەوە بۆ توێژەران دابین دەکەن.

یەکێک لە بەشە گرنگەکانی کتێبەکە کارئاسانی تەواو دەکات بۆ نووسین بە کوردی بۆ ئەو دادوەرە و یاساناسانەی کە گیریانخواردووە بە دەست مەتەڵی دەقە عەرەبییە

یاساییەکان یان چەمکە یاساییە ئینگلیزییەکان. نمونە و ڕوونکردنەوەکانی نوسەر زۆرجار نموونە کرداریەکان لە کەیسە ڕاستەقینەکانەوە وەر دەگرێت،و یارمەتی خوێنەر دەدات لە تێگەیشتنی ئەوەی کە چۆن بنەما یاساییەکان لە بارودۆخی ڕاستەقینەدا جێبەجێ بکرێن.

مامەڵەکردنی نووسەر لەگەڵ کەیسە کەمتر باوەکان کە زۆر گرنگن، وەک پرۆسەکانی هاوسەرگیری و ناکۆکییەکانی وەچە/نەسەب، گشتگیری ئامانجی کتێبەکە نیشان دەدات. ئەم گفتوگۆیانە ڕەنگە بۆ خوێنەرە ئاساییەکان زۆر گرنگ نەبن بەڵام بۆ یاساناسان کە ڕووبەڕووی ئەم کەیسانە دەبنەوە لە کارکردنیاندا، زۆر گرنگن. شیکردنەوەی نوسەر لە پرۆسەکانی هاوسەرگیری، بۆ نموونە، ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن دادگاکان مامەڵە لەگەڵ کەیسەکان دەکەن کە هاوسەرەکان بەبێ بەڵگەنامەی گونجاو هاوسەرگیرییان کردووە و دواتر پێویستیان بە ناساندنی یاسایی هەیە.

**”نوسەر پەنجە دەخاتە سەر ناکۆکییە باوەکانی سەرپەرشتیی، لەوانە کاتێک باوان لە هەرێم یان وڵاتە جیاوازەکاندا دەژین، و بە زمانی کوردی ڕێنمایی دەدات لەسەر چۆن دادگاکان بە شێوەیەکی ئاسایی ئەم ناکۆکییانە چارەسەر بکەن“**

کارەکەی نوسەر خزمەتی چەندین توێژی جیاواز دەکات: دادوەران، پارێزەران، بەرگریکارانی یاسایی، مامۆستایانی ئاینی، پرۆفیسۆرەکانی زانکۆ، و هەر کەسێک کە لە بواری ئەکادیمیدا پەیوەست بە یاساوە کاردەکات. ئامانجی نوسەر بۆ سوودگەیاندن بە کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەکی فراوان، هەم گشتگیری ئامانجی کتێبەکە هەم کاریگەرییەکەی دەردەخات.

نوسەر بە بەشداری لە پەرەپێدانی زاراوە یاساییە کوردییەکان و گفتوگۆی ئەکادیمی گرنگی زیاتری کتێبەکە دەخاتەڕوو. ئەم بەشدارییە زمانییە ڕەنگە هێندەی ناوەڕۆکی بنەڕەتی کتێبەکە گرنگ بێت، چونکە بناغەیەک بۆ توێژینەوەی یاسایی کوردی دەسازێنێت و یارمەتی دەدات کوردی وەک زمانێکی گونجاو بۆ شیکردنەوەی یاسایی


بەکاربهێنرێت.

لە ڕوانگەیەکی فراوانترەوە، ئەم کارە هەنگاوێکی گرنگە لە ڕامیاریکردنی زانینی یاسایی لە هەرێمی کوردستان. لە جیاتی پشت بەستن تەنیا بە سەرچاوە یاساییە عەرەبی یان ئینگلیزییەکان، یاساناسانی کورد ئێستا دەتوانن شیکردنەوەی یاساکان بە زمانی خۆیان بەدەست بهێنن. ئەم پێشکەوتنە دەتوانێت هانی یاساناسانیتری کورد بدات کە کارێکی هاوشێوە لە بواری پسپۆڕییەکانیاندا بەرهەم بهێنن، کە دەبێتە بناغەیەکی بەهێزی ئەدەبیاتی یاسایی کوردی.

نوسەر بە بەردەوامی وەرگێڕانی کوردی پێشکەش دەکات بۆ زاراوە یاساییە عەرەبییەکان، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ورد لەسەر مانا و جێبەجێکردنی ڕاستەقینەیان. ئەم کارە زمانەوانییە بەشدارییەکی بەرچاوە لە پەرەپێدانی زمانی کوردی وەک زمانێک کە دەتوانێت چەمکە یاساییە ئاڵۆزەکان دەربڕێت. کە یارمەتیدەرە بۆ دامەزراندی زاراوەی یاسایی کوردی. هەروەک ئەم پەرەپێدانە زاراوەییە دەتوانێت کاریگەری لەسەر پەروەردە و کارکردنی یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت، بە شێوەیەک ئەگەری پشت بەستن بە زاراوە یاساییە عەرەبییەکان کەمدەکاتەوە.

لە کۆتاییدا، کتێبی "من و تۆ و ئەو، لە دادگای باری کەسێتی" بەرهەمێکی گرنگە لە توێژینەوەی یاسایی کوردیدا. لە کاتێکدا کتێبەکە سنووردارە - بەتایبەتی لە گفتوگۆی لەگەڵ مشتومڕە هاوچەرخەکان لەسەر چاکسازی یاسایی هاوسەرگیری و خێزانی - بەڵام دەستپێشخەرییەکانی لەسەر دارشتنی کوردییانەی پرۆسەکانی یاسای باری کەسێتی و بەردەستبوونی بۆ خوێنەرانی کوردی، وای کردووە ببێتە سەرچاوەیەکی کاریگەر و بەهادار.

# گەوهەرەکانی زمانەوانی



# د. ئەمیر حەسەنپوور
# قەڵەمێک لە چەشنی گەوهەر

ئامادەکردنی: گۆڤاری زمانەوانی

یەکێک لە قەڵەمە دیار و کاریگەرییەکانی دنیای نوسین و زمانی کوردی کە جێپەنجەی بە کتێبخانەی کوردییەوە دیارە ئەمیری حەسەنپوورە.

ئەمیر حەسەنپوور یەک لە نووسەر و تیۆریزانە هەرە مەزنەکانی کورد بوو لەبواری زمانناسی و مەدەنیەت و ناسیۆنالیزم و وەک چەپێکی نەتەوەیی بڕوای وابوو دەبێ ناسیۆنالیزمی کوردی بە دیدێکی رەخنەییەوە پێداچوونەوە بە پێکهاتەی خۆیدا بکات.

حەسەنپوور یەکێکە لە تیۆردارێژەرە هەرە دیارەکانی زمانناسی کە چەندان تێز و نامە و توێژینەوەی لەسەر زمان و چەمکەکانی وەک نەتەوە و دیموکراسی و مەدەنیەت و جینۆساید نووسیوە.

هەر بۆیە گرنگە لەسەر کار و ژیان و چالاکییە ئەکادیمییەکانی ئەم گەوهەرە بوەستین:

ئەو وەک نووسەر و توێژەر ، خوێندنی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی (١٩٦٠-١٩٦٤) لە زانکۆی تاران تەواو دەکات.

ئەندامی کۆنفیدراسیۆنی جیهانیی خوێندەکارە ئێرانییەکان-یەکێتیی نەتەوەیی و یەکێتیی کۆمۆنیستەکانی ئێران بوو.

ئەمیر حەسەنپوور لە ١٠-١١-١٩٤٣ لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبوو.

هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوو لە زمانی ئینگلیزی زانکۆی تاران(١٩٦٤)، لە قوتابخانەکانی مەهاباد لەنێوان ساڵانی (١٩٦٥–١٩٦٦) وانەی ئینگلیزی وتۆتەوە.

پاشان جێگیرکردنی ناچاری لە سوپا تەرویج و ئابادانی( Sepah tarvij va abadani) (هێزی پێشکەوتن و گەشەپێدان، لقێکی کەمپەینی چاکسازیی زەوی) لە ئێران کاری کردووە.

بەم هەڵوێستە بەرکەوتەی مێژووی چاکسازیی زەوی لە بزووتنەوەی جووتیاران لە کوردستاندا پەرەی بە خەباتی مەدەنی داوە.

دوابەدوای خزمەتەکەی، پرۆفیسۆر حەسەنپوور وەک مامۆستا لە کۆلێژی ڕاهێنانی مامۆستایانی تاران ١٩٦٥ ڕاهێنانی بە مامۆستایان کردووە و لەناو کۆی پرۆفیسۆر و ئەکادیمییەکانی ئەوکاتدا، حەسەنبوور کەسێکی دیار و ورد و خاوەن هەڵویست بووە.

دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە شاری مەهاباد کار دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٦٨گەڕاوەتەوە زانکۆی تاران بۆ تەواوکردنی بڕوانامەی ماجستێر لە زمانەوانیدا. هەربۆیە حەسەنپوور بۆ خوێندن لە زانکۆی ئیلینۆیس لە ئۆربانا-شامپاین لە ساڵی ١٩٧٢دا وەرگیراوە و بۆ ئەو مەبەستە ڕووی لە ئەمریکا کردووە.

حەسەنپوور پێش ئەوەی لە زانکۆی Toronto وەک ئەکادیمییەک کار بکات، پۆستی توێژینەوە و وانەوتنەوەی هەریەک لە زانکۆکانی ویندسۆر (١٩٨٧-١٩٩٣)، زانکۆی ئۆپسالا (١٩٩٣-١٩٩٤) و لە زانکۆی کۆنکۆردیا (١٩٩٤-١٩٩٦) هەبووە.

کۆچکردن بۆ کەنەدا

ئەمیری حەسەن پوور لە ساڵی١٩٨٦ ەوە تا کۆتایی ژیانی لە کەنەدا ژیاوە و لە زانکۆی ویندسۆر و زانکۆی کۆنکۆردیا و زانکۆی تۆرۆنتۆ وانەبێژ بووە. پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە فاکەڵتی شارستانیەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی نزیک لە زانکۆی تۆرۆنتۆ.

ناوبراو لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا لە ڕێکەوتی ٢٤-٠٦-٢٠١٧ لە کەندا کۆچی دوایی کردوە.

لە بەرهەمە دیارەکانی دکتۆر حەسەن پوور

- سەدەیێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا: تیۆری، سیاسەت و ئیدەئۆلۆژی
- گەشتێک بە نێو ئادالار ساهیلیندە'Sahilinde Adalar' دا
- ڕاپەڕینی جوتیارانی موکریان لە ١٣٣١–١٣٣٢ (١٩٥٢–١٩٥٣) دا
- گوتوبێژێکی دەگمەنی تۆفیق وەهبی و خوێندنەوەییێکی ڕەخنەگرانە

# فەرهەنگی زمانەوانی

# زمانەوانیی کەمینە

ئامادەکردنی: م.ی.عەزیز رەئوف

زمان لایەنێکی بنەڕەتی ناسنامەی مرۆڤە. ئەو ئامرازەیە کە مرۆڤەکان لە ڕێگەیەوە بیرکردنەوە و هەستی خۆیان دەردەبڕن و گرنگی بە بەها و کولتوور دەدەن. بۆ کەمینە زمانەکان- ئەو گروپانەی کە زمانی زگماکییان جیاوازە لە زمانی باڵادەستی دەوڵەت-نەتەوە- زمان نەک تەنها وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن بەڵکو وەک نیشاندەرێکی چارەنووسساز بۆ میراتی کولتووری و سەربەخۆیی دەردەکەوێت. ئەم گرووپانە زۆرجار ڕووبەڕووی پەراوێزخستن و هەڵاواردنی سیستماتیکی دەبنەوە، بەو پێیەی زمانەکانیان ملکەچی نۆرمەکانی زمانەوانی باڵادەست دەبنەوە. خەبات بۆ دانپێدانان و ماف و پاراستنی کەمینەکانی زمان، وەک پرسێکی جیهانی مافی مرۆڤ ماوەتەوە کە پێویستی بە لەسەرووەستان هەیە.

لە سەرانسەری جیهاندا، کەمینە زمانییەکان هەم دانیشتوانی ڕەسەن و هەم کۆمەڵگەی کۆچبەر لەخۆدەگرن. گەلە ڕەسەنەکانی وەک سامییەکان لە سکاندیناڤیا، کیچوەکان لە ئەندێس و کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرەڕای بە سەدان ساڵ سەرکوتکردنی سیاسی و کولتووری، کەچی توانیویانە زمانەکانیان بپاریزن. بە هەمان شێوە، گروپە کۆچبەرەکان- وەک عەرەب زمانەکان لە فەرەنسا یان تورک زمانەکان لە ئەڵمانیا- هەوڵدەدەن ناسنامەی زمانەوانی خۆیان بپارێزن و لە هەمان کاتدا تێکەڵ بە کۆمەڵگەکانی تر  ببن. تۆڕێکی هاوبەش لە نێوان ئەم گروپانەدا، تەحەدای بەردەوامبوونی زمانەکانیانە لەو ژینگەیانەی کە سیاسەتی فشارە کۆمەڵایەتییەکان هەڕەشە لە بەردەوامی زمانەوانی دەکەن.

پەراوێزخستنی کەمینە زمانەکان بە قووڵی پەیوەستە بە هەوڵە مێژووییەکانی بنیاتنانی نەتەوە کە تاک زمانەوانی وەک ئامرازێکی یەکگرتوویی پەرە پێدەدا. زۆرجار ئایدۆلۆژیا

ناسیۆنالیستەکان یەکسانی زمانەوانییان وەک شتێکی بنەڕەتی بۆ سەقامگیری سیاسی جێگیر دەکرد. بۆ نموونە لە فەرەنسا زمانە ناوچەییەکانی وەک بریتۆن، کۆرسی و ئۆکسیتان بە ئەنقەست لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەیی و یاساییەوە لە بەرژەوەندی زمانی ستانداردی فەرەبسی سەرکوت کران .

لە تورکیا بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ژیانی گشتیدا بۆ دەیان ساڵ قەدەغە کرا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لۆژیکێکی ناسیۆنالیستی هاوشێوە بوو کە جیاوازی زمانەوانی لەگەڵ هەڕەشەی سیاسی یەکسان دەکرد (حەسەنپوور، ١٩٩٢). ئەم جۆرە سیاسەتانە نەک هەر زمانە کەمینەکانی بێبەها دەکرد بەڵکو ڕێگر بوون لە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە شوێنە گشتییەکاندا، ئەمەش بووە هۆی لەدەستدانی زمانی نەوەکان.

سەرکوتکردنی زمان لێکەوتەی بەرجەستەی لەسەر پەروەردە و یەکسانی کۆمەڵایەتی هەیە. زۆرجار کەمینەکان دەستیان نەگەیشتووە بە دۆخێک بۆ پەرەپێدان و فێربوونی زمانی دایکی خۆیان ، ئەمەش دەتوانێت ڕێگری لە گەشەکردنی مەعریفی و خوێندەواری و ئەدای ئەکادیمی بکات. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە منداڵان باش فێردەبن کاتێک سەرەتا بە زمانی زگماکی خۆیان ڕێنمایی دەکرێن پێش ئەوەی بگوازرێنەوە بۆ زمانی دووەم.

لە ئەمریکای لاتین، ئەو خوێندکارە ڕەسەنانەی کە لە ژینگەکانی تەنها ئیسپانیدا پەروەردە کراون، زۆرجار تووشی نامۆبوون دەبن . ڕەتکردنەوەی مافی پەروەردەکردنی منداڵان بە زمانی دایک، ئەو شتە پێکدەهێنێت کە هۆرنبیرگەر (٢٠٠٠) بە جینۆسایدی زمانەوانی ناوی دەبات، چونکە خراپبوونی زمان و ناسنامەکانی کەمینەکان خێراتر دەکات.

لە بەرامبەر ئەم تەحەددیانە، چەندین چوارچێوەی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی فرەچەشنی زمانی دامەزراون. جارنامەی جیهانی یونسکۆ سەبارەت بە هەمەجۆریی کولتووری (٢٠٠١) و جارنامەی ئەوروپی بۆ زمانە ناوچەییەکان یان کەمینەکان (١٩٩٢) گرنگی پاراستنی زمانە کەمینەکان وەک بەشێک لە میراتی کولتووری دەناسن. بەڵام زۆرجار ئەم ئامرازانە میکانیزمی جێبەجێکردنیان نییە و جێبەجێکردنیان بەندە بە ئیرادەی سیاسییەوە. لە ئەنجامدا زۆرێک لە کەمینەکانی زمان بەردەوامن لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەربەستە سیستماتیکییەکان، لە نەبوونی نوێنەرایەتی میدیاوە تا دوورخستنەوە لە خزمەتگوزارییە گشتیەکان بە زمانی خۆیان (یونسکۆ، ٢٠٠٣).

هەوڵەکانی زیندووکردنەوەی زمان هیوایەک دەرەخسێنن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە

دابەزین حەتمی نییە. نموونەی وەک بوژانەوەی زمانی وێلزی لە بەریتانیا و سەرکەوتنی قوتابخانەکانی نەمانی زمانی مائۆری لە نیوزلەندا نیشان دەدەن کە چۆن سیاسەتی زمانی پشتیوانی و چالاکیی کۆمەڵایەتی دەتوانن لەدەستدانی زمان پێچەوانە بکەنەوە. ئەم هەوڵانە زۆرجار بریتین لە بەرنامەی پەروەردەی دوو زمانە، ڕاهێنانی مامۆستایان، بەرهەمهێنانی میدیا و دانپێدانانی یاسایی زمانە کەمینەکان. زمان تەنها لە ڕێگەی سیاسەتەوە ڕزگار نابێت بەڵکو لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی ڕۆژانەی قسەکردن و فێرکردن و بەهادان بە ناو خێزان و کۆمەڵگاکانەوە پەرەی پێدەدرێت.

> **”پەراوێزخستنی کەمینە زمانەکان بە قووڵی پەیوەستە بە هەوڵە مێژووییەکانی بنیاتنانی نەتەوە کە تاک زمانەوانی وەک ئامرازێکی یەکگرتوویی پەرە پێدەدا“**

پەیوەندی نێوان زمان و شوناس قووڵە. بۆ زۆرێک لە کەمینە زمانەکان، زمانی دایکیان بەرجەستەی جیهانبینی و نەریت و یادەوەرییە بەکۆمەڵەکانیانە. زۆرجار لەدەستدانی زمانێک، لەدەستدانی شێوازە ناوازەکانی تێگەیشتن لە جیهان بەدوای خۆیدا دەهێنێت. گارسیا (٢٠٠٩) جەخت لەسەر چەمکی وەرگێڕان دەکاتەوە، کە ڕێبازێکی پێداگۆجییە کە پراکتیکەکانی زمانی تێکەڵاوی قسەکەرانی فرە زمان پشتڕاست دەکاتەوە. لەبری ئەوەی سنوورێکی توند لە نێوان زمانەکاندا دابنێت، زمان وەرگێڕان ڕێگە بە کەمینەکانی زمان دەدات کە سوود لە بوونی زمانەوانیی وەربگرن، ئەمەش نەرمی مەعریفی و دووپاتکردنەوەی کولتووری پەروەردە دەکات.

لە چوارچێوەی جیهانگیری و کۆچبەریدا، کەمینە زمانەکان ڕووبەڕووی فشاری زیاتر دەبنەوە. خێزانە کۆچبەرەکان زۆرجار تووشی گۆڕانی زمان دەبن، کە منداڵان زمانی باڵادەست بەکاردەهێنن و واز لە زمانی ماڵەوە دێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندی نێوان نەوەکان. لە کاتێکدا تێکەڵبوون بە کۆمەڵگەی خانەخوێ گرنگە، بەڵام نابێت بە نرخی ناسنامەی زمانەوانی بێت. فرە زمانەوانی دەبێ وەک هێزێک سەیر بکرێت نەک وەک کێشەیەک. پەروەردەکاران و داڕێژەرانی سیاسەت دەبێ ڕێبازە گشتگیرەکان بەرەوپێش ببەن کە ڕێز لە زمانی کۆمەڵگە کۆچبەران و پەنابەرەکان بگرن و بەردەوام بن.

هەر بۆیە خەباتی کەمینەکانی زمان زیاترە لە زمان؛ پەیوەندی بە کەرامەت و ماف و دانپێدانانەوە هەیە. زمان بە قووڵی سیاسییە- دەتوانێت ئامرازێک بێت بۆ گشتگیری یان دوورخستنەوە. کاتێک زمانی کەمینەکان بێدەنگ دەکرێن، تەواوی کۆمەڵگاکان دەسڕێنەوە. بەپێچەوانەوە، کاتێک دانپێدانراون و بەهایان پێدەدرێت، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و فرەچەشنی کولتووری و بەشداریکردنی دیموکراسی بەهێزتر دەبێت. بۆیە دەبێت مافی زمان وەک بەشێکی دانەبڕاو لە مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت.

**”سەرکوتکردنی زمان لێکەوتەی بەرجەستەی لەسەر پەروەردە و یەکسانی کۆمەڵایەتی هەیە“**

لە کۆتاییدا، ئەو تەحەددیانەی کە کەمینە زمانەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە، ڕەنگدانەوەی گرژییە بەرفراوانەکانی نێوان فرەچەشنی کولتووری و یەکگرتنی نەتەوەییە. زمان بەشێکی گرنگی ناسنامەی مرۆڤە و دەبێت لە ڕێگەی چوارچێوەی یاسایی و پەروەردەی گشتگیر و بوژانەوەی کۆمەڵایەتییەوە بپارێزرێت. لەبەرئەوە، جیهان نەک تەنها زمانێک بەڵکو ڕوانگەیەکی ناوازە بۆ ژیان لەدەست دەدات کاتێک زمانێک نامێنێت. وەرگرتنی هەمەجۆریی زمانەوانی مرۆڤایەتی دەوڵەمەندتر دەکات و داهاتوویەکی دادپەروەرتر و گشتگیرتر و بەردەوامتر بۆ هەمووان پێشکەش دەکات.

## References


• García, O. (2009). Bilingual education in the 21st century: A global perspective. Wiley-Blackwell.

• Hassanpour, A. (1992). Nationalism and language in Kurdistan, 1918–1985. Mellen Research University Press.

• Hornberger, N. H. (2008). Can schools save Indigenous languages? Policy and practice on four continents. Palgrave Macmillan.

• UNESCO. (2003). Education in a multilingual world. UNESCO.

## تەوەری ژمارەی داهاتوو

## مێژوو، پێکهاتە، ڕێزمان و ئەدەبی شێوەزاری گۆران (هەورامی)

گۆڤاری زمانەوانی لە ژمارەی داهاتوودا، تەوەرێکی گرنگ و هەنووکەیی دەکاتەوە کە بریتییە لە «مێژوو، پێکهاتە، ڕێزمان و ئەدەبی شێوەزاری گۆران (هەورامی)». لەم سۆنگەیەشەوە پێشوازی لە توێژینەوە و نوسینی پسپۆڕانی زمان و توێژەران دەکات، ئێمە بە جەختکردنەوەمان لەسەر پابەندبوون بە بنەمای کاری ئەکادیمی، هەوڵ دەدەین وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگ بدەینەوە:

- چۆن بتوانین تێگەشتنمان فراوانتر بکەین لەسەر مێژووی شێوەزاری گۆران (هەورامی)؟
- پێکهاتە و دابەشبوونی جوگرافی ئاخێوەرانی شێوەزاری گۆران (هەورامی) لە کوردستاندا چۆن گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟
- کامانەن ئەو جیاوازییە سەرەکییانەی ڕێزمانی شێوەزاری گۆران (هەورامی) لە شێوەزارەکانیتری زمانی کوردی جیا دەکەنەوە؟
- ئەدەبی دەوڵەمەندی شێوەزاری گۆران (هەورامی) چۆن پێناسە دەکرێت و کامانەن ناوە دیارەکانی ئەدەبی ئەم شێوەزارە؟
- چۆن بەهێزهێشتنەوەی شێوەزاری گۆران (هەورامی) خزمەت بە بەهێزی سیاسەت و پلاندانانی زمانی کوردی دەکات؟
- کامانەن ئەو پرسە گرنگانەی سەبارەت بە شێوەزاری گۆران (هەورامی) کە پێویستە گرنگی زیاتریان پێبدرێت؟

داواکارین لە توێژەران و لێکۆڵەرانی بەڕێز کە توێژینەوە و نوسینەکانیان لەسەر ئەو تەوەرانەی ئاماژەیان پێکراوە تا ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٨/١٥ بنێرن بۆ گۆڤاری زمانەوانی.

تەوەری ژمارەی داهاتوو

# گۆڤاری زمانەوانی

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین

گۆڤارێکی وەرزی، ئەکادیمی و زمانەوانییە، کە (دەزگای زمانەوانیی کوردی - زانکۆی جیهان) دەریدەکات و لە کاتی پێویستدا پاشکۆی دەبێت. پەیامی سەرەکی کارکردنە لە پێناو دارشتنی سیاسەتی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

**ڕێنمایی نووسین و وەرگێران**

**١. ڕێنمایی نووسین**

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.

٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.

٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.

٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.

٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.

١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.

١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.

١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ

گۆڤاری زمانەوانی پارێزراوە.
١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.
١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

### ٢. شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.
-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.
-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.
-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

### کتێب

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).
نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەلات، ل(لاپەڕە).
تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.
نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).
گۆڤار و توێژینەوە
-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).
نموونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی

نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامە ژرفا پژوە، سال چهارم، شمارە ١٠، ل (لاپەڕە).
ڕۆژنامە
-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی ڕۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.
تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).
نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٢٠٢٠/٣/٧)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.
ماڵپەڕ
-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.
نمونە: Adler, Katya (٢٠٢٠/٣/٢), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks", https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤, (accessed: ٢٠٢٠/٣/١١).
نمونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٢٠٢٠/٣/٦)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە رێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ٢٠٢٠/٣/١٤).
نمونە: الساقل، فراس (٢٠٢٠/٣/٣)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٦).
نمونە: محمد قراسويی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد و مؤلفە¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).
تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.
تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.
تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەڕێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی ئامادەکاری دیدار) لەگەڵ ئەو کەسەی دیدارەکەی لەگەڵ کراوە، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.

نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.

ڤیدیۆ

-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.

نمونە: يوتيوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.

-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.

-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

زانکۆی جیهان-سلێمانی
دەزگای زمانەوانیی کوردی

# وەرزنامەی
# زمانەوانی

گۆڤارێکی وەرزی زمانەوانییە
دەزگای زمانەوانیی کوردی زانکۆی جیهان وەرزانە دەریدەکات.

ژمارە ( ٨ ) ساڵی دووەم، بەهاری ٢٠٢٥